حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

پەروەردەی ئیسلامی

قۆناغی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگە

پۆلی دەیەم

١٠

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

پەروەردەی ئیسلامی

قۆناغی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگە

پۆلی دەیەم

١٠

چاپی شەشەم
٢٠٢٢ز - ٢٧٢٢کوردی - ١٤٤٣ك

وقل رب زدني علما

ئامادەکردن و پێداچوونەوەی زانستی

لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

پێداچوونەوەی زمانەوانی

تەها ڕەحیم ڕەشید

سەرپەرشتی زانستی

عبدالله عبدالرحمن عبدالله

سەرپەرشتی هونەری چاپ

ئاری محســن احمد

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك

ئاری محسن احمد

تایپکردن

ڕێڤین راغب حسین

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

پێرست

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٥
وەرزی یەکەم	٩
بەشی یەکەم - باوەڕناسی	١٠
وانەی یەکەم: یەکتاپەرستی	١٠
وانەی دووەم: محمد (د.خ) کۆتا پێغەمبەرە	١٥
وانەی سێیەم: ئامانج لە ژیان و حەقیقەتی دونیاو دوارۆژ	١٨
وانەی چوارەم: ڕاستی مرۆڤ	٢١
وانەی پێنجەم: مرۆڤ خاوەن کەرامەتی خودا پێبەخشراوە	٢٥
وانەی شەشەم: مرۆڤ و سەرچاوەکانی تاوان	٢٩
وانەی حەوتەم: داوەکانی شەیتان	٣٢
وانەی هەشتەم: ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردن	٣٥
وانەی نۆیەم: مرۆڤ و کۆمەڵێ سیفاتی گرنگ	٣٨
وانەی دەیەم: بەرەو کوێ دەچین ؟	٤١
وانەی یازدەیەم	٤٤
وانەی دوازدەیەم: جیهانی ئەمڕۆو بێ ئاگابوون لە ڕۆژی دوایی	٤٧
وانەی سێزدەیەم: بەڵگەکانی بوونی ڕۆژی دوایی (الأخرة)	٥٠
وانەی چواردەیەم: مەنزڵگەی دوایی	٥٣
وانەی پازدەیەم: سەرەنجام و ئاکامی کار	٥٦

پێرست

بابەت	لاپەڕە
بەشی دووەم - ناساندنێکی گشتی ئیسلام	٦١
وانەی شازدەیەم: دەرکەوتنی ئیسلام و هاتنی پێغەمبەر(د.خ)	٦٢
وانەی حەڤدەیەم: گرنگترین تایبەتمەندییە گشتیەکانی ئیسلام	٦٦
وانەی هەژدەیەم: میانەڕەوی	٧١
وەرزی دووەم	٧٤
وانەی نۆزدەیەم: مانای موسـڵمانێتی	٧٤
بەشی سێیەم -بەها ئیسلامییەکان	٧٩
وانەی بیستەم: خۆشەویستی	٨٠
وانەی بیست و یەکەم: لێبوردەیی	٩١
بەشی چوارەم -خێزان و ژیانی خێزانی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە	٩٩
وانەی بیستو دووەم: خێزان	١٠٠
وانەی بیستو سێیەم: گرنگی خێزان و ئەرکەکانی لە ئیسلامدا	١٠٨
وانەی بیستو چوارەم: مافەکانی منداڵ لە خێزان	١١٤
وانەی بیستو پێنجەم: ئەرکی منداڵ بەرامبەر دایك و باوك	١١٩
بەشی پێنجەم -ئیسلام و پەروەردەی هەرزەکار	١٢٤
وانەی بیستو شەشەم: گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی پاراستنی	١٢٦
وانەی بیست و حەوتەم: بە دەست هێنانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری	١٢٩

پێشــەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

مامۆستای بەڕێز:

مامۆســتایان و قوتابیانی خۆشەویســت، ئەمەی لەبەر دەستتانداية پڕۆگرامی بڕیــار لەســەر دراوی بابەتی (پەروەردەی ئیســلامی)یە بــۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیــی و قۆناغی یەکەمی خوێندنی پیشــەیی و پەیمانگــەکان، لە لایەن وەزارەتــی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردســتانەوە، ئــەم بەرنامەیە بە هەنگاوێکــی گــەورە لە بــواری وتنەوەی ئــەم بابەتە دەژمێررێــت، چونکە چەندەها ســاڵە ئەم بابەتە لــە ژێر بــاری پڕۆگرامێکی کلاســیکی کۆنەوە دەناڵێنێــت، کە نەیتوانــی ئامانجی وتنەوەی ئــەم بابەتە بپێکێــت، بۆیە لە پــاش ئەنجامدانی چەندەهــا لێکۆڵینــەوەی مەیدانی لە لایەن پســپۆڕانی ئــەم بــوارەوە، وەزارەتــی پــەروەردەی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان بــە پێویســتی زانــی بەرنامەیەکی نوێ بــۆ ئــەم بابەتــە دابڕێژێت، کە بگونجێت لەگەڵ پێشــکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێنیشــاندەربێت بۆ قوتابییە خۆشەویســتەکانمان لە ناســینەوەی ڕاســتیی ئاینە پیرۆزەکەیان، هەروەها زانیارییــان لە ســەر ئاینەکانــی دیکەش هەبێــت، بۆ دەوڵەمەنــد کردنی بــاری مەعریفییان، چونکــە زۆربەی ئــەم ئاینانە لە کوردســتان و عیراق شــوێنکەوتویان هەیە.

بــە خوێندنو خوێندنــەوەی بابەتــەکان ئەوەتان بــۆ ڕووندەبێتەوە، کە بابەتــەکان بەشــێوازێکی هاوچەرخانە ئامادەکــراون و دیدێکــی کراوە و ڕۆشــنو بێ گرێ و گۆڵ بــۆ قوتابیان دروســت دەکــەن و دەیانپارێزن لە تێگەیشــتنی ناڕاســت و کەموکورت دەربارەی ئیســلام وەك ئاینی زۆرینەی هــەرە زۆری کۆمەڵگاکەمان.

هەروەهــا تازەگــەری لــە چۆنیەتی خســتنەڕووی بابەتەکانیــش کراوە، لــە کۆتایــی بابەتەکاندا کۆمەڵێــك پێشــنیار و گفتوگۆو پــرس وروژێنراوە بــۆ ئــەوەی قوتابیانیش بەشــداری لە دەوڵەمەنــد کردنی وانەکــەدا بکەن و تەنهــا وەك ئەرکێکــی قوتابخانــەی خۆیان نەچنــە پۆلەکانــەوە بەڵکو مەبەســتیان ســود وەرگرتــن و پەروەردەبــوونو بەرزکردنەوەی ئاســتی هۆشــیاری خۆیان بێــت، ئێمە دڵنیاین ئــەم بەرنامەیە دەبێت بــە یەکێك لە پڕۆگرامــە پێشــکەوتووەکان، نەك تەنها لــە عیراق بەڵکو لــە خۆر هەڵاتی ناوەڕاســتیشو ڕۆڵی زۆر دەبێت لــە بەرزکردنەوەی نــاو و ناوبانگی هەرێم

پێشەکی

و بەرەو پێشبردنی ڕەوتی بیری چاکسازیی لە بواری فیکری ئیسلامی و بەرنامەی ئاین لە ناوەندەکانی خوێندندا، هیوادارین مامۆستایانیش وا سەیری ئەم بابەتە بکەن کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پەروەردەکردن و پاراستنی شوناسی نەوەی نوێ و کردنەوەی ئاسۆی نوێ بەڕوویدا هەر لەو سۆنگەشەوە بە بایەخەوە بابەتەکان، بە قوتابیان بلێنەوە و ئەرکی سەرشانیان لەم ڕووەوە جێبەجێ بکەن. ئەم چەند خاڵەش وەك ڕێنوێنی و ئاسانکاری دەخەینە بەر دیدی مامۆستایانی بەڕێز:

١ - دابەشکردنی بابەتەکان بۆ چەند وانەیەك، تەنها بۆ کار ئاسانی مامۆستایانە، ئەگەر وتنەوە و تەواوکردنی بابەتەکە بخوازێت ئەم دابەشکردنە تێپەڕێنێت ئاساییە.

٢ - مامۆستایان بۆ هەر وانەیەکی نوێ پێشتر داوا لە قوتابیان بکەن وەك ئەرك خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و سەرەتا لە پۆلدا لە ڕێی هەندێك پرسەوە بەشداری وتنەوەی وانەکە بکەن و دواتر مامۆستا وانەکە شی بکاتەوە.

٣ - مەبەست لە نەهێشتنی لەبەرکردن دورخستنەوەی قوتابییە لە (تەلقین)و بێزاری، بۆیە نابێت لە تاقیکردنەوەکانیش پرسی قورس بهێنرێتەوە قوتابی پێ بترسێنرێت، چونکە مەبەست لەم وانەیە پەروەردەکردنی قوتابییە نەك ترساندنی.

٤ - سروشتی بابەتەکان وا دەخوازن مامۆستایانی بابەت بە باشی خۆیان ئامادە بکەن، کە گومانمان لە وەدا نییە کە ئەوانیش درك بەم مەسەلەیە دەکەن.

٥ - داواکارین لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بایەخ بەم بابەتە بدەن بە دەستنیشان کردنی مامۆستای پسپۆڕ و لێهاتوو بۆ وتنەوەی بابەتەکە، چونکە سیاسەتی نوێی پەروەردەیی حکومەتی هەرێم بایەخدانە بە پەروەردە کردنی نەوەکانی ئەم هەرێمە.

٦ - پێویستە مامۆستایان بایەخ بدەن بەو پرسو گفتوگۆیانەی، لە کۆتایی هەر وانەیەك دانراون لە کتێبەکە، بە مەبەستی جوڵاندنی مێشکی قوتابییان و ڕاهێنانیان لە سەر بیرکردنەوە و گفتووگۆو شیکردنەوە، کە بێگومان بەم کارە لە بابەتەکانی دیکەی خوێندنیش سوود مەند دەبن.

خودای گەورە پشتو پەنای هەمووان بێت.

لێژنەی ئامادەکار

ئـاو سـەرچاوەی
ژیانە
بۆیە دەیپارێزم

بەشی یەکەم
باوەڕناسی

وەرزی یەکەم

وانەی یەکەم: یەکتاپەرستی

باوەڕبوون بە خودا مانای ئەوەیە کە بڕوات هەبێت کە (الله) خودای هەموو شتێکە، ئەو خاوەن و دروستکەری هەموو شتێکە لەم بونەوەرەدا، هەرئەوە بەتەنها شایەنی پەرستنە لەڕێگەی:نوێژ و ڕۆژو و نزا و ترس و هیوا و ملکەچی و کڕنۆش بۆ بردنی، هەر ئەوە خاوەنی تەواوی سیفەتەکانە، بەدورە لەهەموو کەم و کورتی و ناتەواوییەك.

پێناسەی یەکتاپەرستی:

یەکتاپەرستی، واتە باوەڕت هەبێت، کە جگە لە خودا هیچ خودایەکی دیکە نییەو هیچ هاوەڵ و هاوشێوە و هاوبەشێکی لە ئاسمان و زەویدا نییە بۆیە دەبێت تەنها ئەو بپەرستین و بەخودای خۆمانی بزانین.

گرنگیی یەکتا پەرستی

١-خـــودای گـــەورە مرۆڤ و جنۆکـــەی بۆ ئەوە دروســـتکردووە کـــە بیپەرســـتن خـــوای گەورە دەفەرمویـــت: ((وَمَـــا خَلَقْتُ الْجِـــنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُـــدُونِ)) الذاريات (٥٦).

بەدرێژایـــی مێـــژوو پێغەمبەرانـــی نـــاردووە بۆ مـــرۆڤ ، هەتا بـــە یەکتایـــی عیبادەتی بۆ بکەن، ئەگـــەر ســـەیری قورئانیـــش بکەین لە زۆربەی ســـورەتەکانیدا باســـی یەکتاپەرستـــی دەکاتو لەبەرامبەریشـــدا باســـی زیانی هاوەڵ پەیداکـــردن بۆ خـــودا دەکات لەســـەر ژیانی تاكو کۆمـــەڵ کە دەبێتـــە مایـــەی تیاچونیان لەدونیـــاو دوارۆژدا.

٢-هەمـــوو پێغەمبەرێـــك کە خـــودا ناردویەتی ســـەرەتای بانگەوازەکـــەی بەبانگکـــردن بـــۆ یەکتاپەرستی خودا دەســـتی پێکردووە.هەر وەك خودای گـــەورە دەفەرمویت: ((وَمَا أَرْسَـــلْنَا مِن قَبْلِـــكَ مِن رَّسُـــولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّـــهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُـــدُونِ)) (الانبياء٢٥).

پێغەمبەرمـــان محمـــد (د.خ) بـــۆ ماوەی(١٣) ســـاڵ لە مەککەدا، داوای لـــە هۆزەکەی دەکرد کە خـــودای گەورە بەیەکتایی بپەرســـتن و تەنها داوای نزا لـــەو بکەن، بێجگە لـــە ئەو کڕنووش بۆ کەســـی دیکە نەبەن، بە گشـــتی پێغەمبەری خـــودا (د.خ) بـــە درێژایـــی بانگەوازەکـــەی شـــوێنکەوتوانی بانگ کردووە بۆ یەکتاپەرستیو وازهێنـــان لە بت پەرســـتی، هەر لـــەم ڕووەوە پێغەمبەر (د.خ) ئامـــۆژگاری عەبدوللای کوڕی عەبـــاس دەکات و دەفەرموویت:

(ئەگەر داوای شـــتێکت کرد تەنهـــا لە خودای داوابکـــە، وەئەگـــەر پشـــتت بەیەکێك بەســـت تەنهاپشـــت بەخودا ببەســـتە).

٣- یەکتا پەرســـتی دەبێتە مایەی خۆشبەختی و لێخۆشبونی تاوانەکان.

هەریەکەمان بەهۆی مرۆڤ بوونمان توشـــی تـــاوان و هەندێ لادان دەبیـــن و دەکەوینە ناو داوی ســـەرپێچی خودای گەورەوە، بەڵام ئەگەر

لـــه ئەهلی یەکتا پەرســـتن بین و هاوەڵ بـــۆ خودا بڕیار نەدەیـــن، ئەوە ئەمە دەبێتـــە گەورەترین هـــۆکار بۆ خۆشـــبەختی و لێخۆشـــبون لە لای خـــودای گـــەورە و ســـڕینەوەی تاوانەکانمان پاش پەشیمان بوونەوە.

خـــودای گـــەورە لەفەرمودەیەکی قودســـیدا دەفەرمویێت: ((یا ابن آدم لـــو اتیتني بقراب الأرض خطایا، واتیتنـــي ولم تشرك بي، لجئتك بملئها مغفـــرة))، واتە:(ئەی نەوەی ئـــادەم گەربێتو بەقەد هەمـــوو زەوی تاوانت هەبێـــت، ئەوکاتەی کـــە پێم دەگەیتـــەوە، هاوەڵت بۆ من بڕیـــار نەدابێت، منیش بـــەو پێوانەیە لێخۆشـــبونم هەیە بۆت).

سودەکانی یەکتا پەرستی:

خـــودای گـــەورە هەمـــوو ئاینێکـــی لەپێنـــاو ناســـینی خـــۆی و خۆشـــکردنی ژیانـــی مـــرۆڤ، لـــەم دونیـــا و لـــەو دونیـــا نـــاردووە، هەروەهـــا بـــۆ ئـــەوەی لـــەڕووی دەروونییـــەوە کەشـــێکی ئارامـــی بـــۆ دروســـت بـــکات، لـــە ڕووەکانـــی دیکـــەی ژیانیشـــییەوە پەیوەندییەکـــی برایانـــە و مرۆڤانـــە لـــە نێـــوان تاکەکانـــدا بنیـــات بنێـــت و بەخۆشـــی بـــە یەکـــەوە بژیـــن.

یەکتـــا پەرســـتیش کەکرۆکی هەمـــوو ئاینێکی ئاســـمانی بووە، چەندین ســـودی مەزنی هەیـــە، لەوانەش:

١ - ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەستی کۆیلایـەتی:

مرۆڤـــی بـــاوەڕدار و یەکتاپەرســـت نابێت کڕنـــووش بۆ غەیری خـــودا ببـــات، چونکە هەموو شـــتەکانی دیکە دروســـت کراون و دروســـتکەر نین . توانایان نییە ســـودو زیان بـــۆ خۆیان دابین بکـــەن. توانایان نییە ژیان و مردنی خۆیان دەســـت نیشـــان بکـــەن، یەکتاپەرســـتی ڕزگار کردنی مرۆڤـــە لەکۆیلایەتی و هەســـت بە کەمـــی کردن و ملکـــەچ نەکردنە بۆ هیچ مرۆڤێکـــی دیکە، یان لە هەر دیاردەیەکی سروشـــتی، هەروەها مێشـــکی مـــرۆڤ رزگار دەکات لە ئەفســـانە و خەیاڵات. ویژدانـــی مرۆڤێکی ئازاد دروســـت دەکات کە ملکەچی هیچ ســـتەمکار و زۆردارێـــك نەبێت، هەر لەبـــەر ئەوەشـــە مرۆڤی موســـوڵمان دەبێت مرۆڤێکـــی ئازای ئـــازادی بە ئیرادە بێـــت و خەبات بکات بۆ چەســـپاندنی دادپەروەریو ئـــازادی و بەرز ڕاگرتنی کەرامەتی مـــرۆڤ ، هەروەها بڕوای وابێـــت کە هەموو مرۆڤـــەکان لە بەرامبەر خودادا یەکســـانن و کەس هیچ ڕێزێکی بەســـەر ئەوی دیکـــەوە نیە تەنها بە خودا پەرســـتی و چاکەخـــوازی نەبێت.

٢ - دروستکردنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ:

مرۆڤی باوەڕداری یەکتاپەرست، کەسایەتیەکی هاوسەنگی بۆ دروست دەبێت و توشی ڕاڕایی و دوو دڵی نابێت ، چونکە تەنها ڕوو لەخودا دەکاتو ئەو دەپەرستێتو پشت بەو دەبەستێت و ژیانیشی لەم دونیا بەهۆکارێك دەزانێت بۆ دەستکەوتنی دوارۆژ و سەربەرزبونی لە ڕۆژی دوایدا.

٣ - یەکتا پەرستی دەبێتە مایەی ئارامیی دەرون:

دەرونی مرۆڤی موسڵمان بە پەرستنی خودای گەورە پڕدەبێت لە هیواو ئارامیو خۆشەویستی بۆ ژیان، هەست دەکات لەژێر فەرمانی خودایەکی لێبوردە و بەخشندەو پاكو بێگەردو مرۆڤ دۆستدایە، ترسی نییە لە خەڵكو جنۆكەو دێوو شتە وەهمیەکانی دیکە، بڕوای بەقەدەری خودا هەیە، لە ژیانو مردنو ڕزقو ڕۆزیو کارەساتەکاندا، دڵنیایە کەخودا مرۆڤی باوەڕداری خۆش دەوێتو ڕێنمایی دەکات بۆ چاکەو ستەمی لێ ناکات، بەمەش دەرونێکی ئاسودەی بۆ دروست دەبێتو هەست بە خۆشییەکانی ژیان دەکات.

٤- یەکتاپەرستی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ مرۆڤ دروست دەکات:

مرۆڤی باوەڕدار هەست بە هێزێکی دەرونی گەورە دەکات لە کاتێکدا کە خودا لەسەرو خۆیەوە دەبینێت و هەست دەکات گەورەترین هێزی بونەوەر لە پشتیەوەیەتی، لەبەر ئەوە متمانەی تەواوی پێی هەیەو پشتی پێ دەبەستێت و بڕوای بە قەدەری ئەو هەیە و ئارام دەگرێت لەسەر لێقەومانو ناڕەحەتییەکان، هەرلەبەر ئەم مەبەستە خودای گەورە دەفەرموێت:((وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدُيرٌ))(الانعام١٧).

واتە: ئەگەر خودای گەورە زیانێکت پێ بگەیێنێت کەس نییە بتوانێت لە سەرت لای ببات، و ئەگەر ویستی چاکەیەکت لە گەڵدا بکات ئەوە بزانە کە دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

٥ - یەکتاپەرستی بنەمای چەسپاندنی مافەکانی هاوڵاتییە:

لەژێر سایەی یەکتا پەرستیدا، لەم جیهانەدا کەس لە کەس گەورەتر نییەو هەمومان مرۆڤین، وەك پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (الناس سواسية كأسنان المِشط). واتە: خەڵك هەمویان وەك ددانی شانە وان، کەسیان لە کەسیان زیاتر نییە، نابێت کەس بەندایەتی بۆ کەس بکات، نابێت کەس لە کەسێکی دیکە بەڕێزتر سەیر بکرێت، نابێت کەس کەس بچەوسێنێتەوە، چونکە گەورەیی تەنها شایەنی خودای گەورەیەو مرۆڤیش هەموو دروستکراوی خودان بۆ ئەوەی بە ئارامیو ئاسایشەوە بەیەکەوە بژینو هەموویان خودای گەورە بپەرستن.

پرس:

١- یەکتاپەرستی چۆن دەبێتە سەرچاوەی هەست کردن بەهێزو گەورەیی بۆ مرۆڤی باوەڕدار؟

٢- بۆچی یەکتاپەرستی بۆ هەندێ کەس کە باوەڕیشیان هەیە بەگوێرەی پێویست لەسەر ژیانیان کاریگەری نییە؟ چی بکەین بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە یەکتاپەرستی وەربگرین؟

وانەی دووەم: محمد (د.خ) کۆتا پێغەمبەرە

ئەگـــەر لـــە بنـچو بنەوانــی پێغەمبەرایەتــی تێبگەیــت، ئینجا بــۆت دەر دەکەوێت کـــە هەموو ڕۆژێــك پێغەمبـــەران لەدایك نابن، پێویســـت ناکات بۆ هەمـــوو نەتەوەیەك لەهەمـــوو چەرخێکدا پێغەمبەرێکـــی تایبەتی ڕەوانـــە بکرێت، چونکە ژیانی هەمـــوو پێغەمبەرێك بریتیـــە لەژیانی پەیامو بەرنامەکەی، واتە: هــەر پێغەمبەرێك پەیامو بەرنامەکەی زیندوبێت خۆیشـــی زینـــدووە، پێغەمبەرە زۆر پێشووەکان(ســەلامی خوایان لەســـەربێت) بەرنامە و ئاینەکیان بەنەمـــاو و ڕەتکراوە دادەنرێن، چونکـــە خەڵکەکـــە ئاینیان گۆڕیوەو زۆر شـــتی بێ بنەماو بە هەوەســـیان تێکـــەڵ کردووە.

بـــەڵام پێغەمبەرمان محمـــد (د.خ) هێشـــتا زینـــدووەو نەمردووە، چونکـــە بەرنامـــەو پەیامەکەی لەبەردەســـتماندایەو بەتـــەواوی ڕوونو ئاشـــکرایە، ئەوەتا قورئانی پیرۆز وەکـــو یەکەم جاری خۆی

ماوەتەوە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕان ڕووی تێ نەكردووە، نەك ڕستەیەكی بەڵكو پیتێك لەپیتەكانی یان خاڵێك لەخاڵەكانی یان سەرو ژێرێكی بە هیچ شێوەیەك نەگۆڕاوە و وەكو خۆی ماوەتەوە، هەروەها ژیانی پێغەمبەر(د.خ) خۆیشی لەهەموو كتێبەكانو لاپەڕەكانی مێژوودا نوسراوەتەوەو پارێزگاری كراوە، بە شێوەیەك دەڵێیت ئەمڕۆ چاومان لەخۆیەتیو لەناوماندا دەژیو بەگوێی خۆمان فەرمودەكانی دەبیستین، كەس نییە لەجیهاندا وەكو پێغەمبەر(د.خ) ڕووداوەكانی ژیانی هەڵگیرابێت و پارێزگاری لێكرابێت،

لەبەرئەوە زۆر باش دەزانین شوێنی بكەوینو پەیڕەوی لەفەرمانو فەرمودەكانی بكەین، تەنها ئەمە بەڵگەیەكی بەهێزو تەواوە لەسەر ئەوەی كە ئەمڕۆ خەڵك پێویستیی بە ناردنی پێغەمبەرێكی دیكە نییە، ئەگەر پێغەمبەرێكی دیكە ڕەوانە بكرێت دەبێت لەبەر یەكێك لەم سێ هۆیانەی خوارەوە بێت:

هۆی یەكەم: ئەوەیە كە پەیامو بەرنامەی پێغەمبەری پێشوو نەمابێت، پێویست بێت جارێكی دیكە نیشانی خەڵك بدرێتەوە.

هۆی دووەم- ئەوەیە كە پەیامو بەرنامەی پێغەمبەری پێشوو ناتەواو بێت پێویست بێت تەواو بكرێت.

هۆی سێیەم- ئەوەیە كە پەیامو بەرنامەی پێغەمبەری پێشوو تایبەت بێت بە گەلێكی تایبەتی و گەلەكانو نەتەوەكانی دیكە پێویستیان بە ناردنی پێغەمبەرێكی دیكە بێت.

ئەمڕۆ ئەم سێ هۆیە هیچ كامیان بوونی نییە و دەست ناكەوێت.

پەیامو بەرنامەی پێغەمبەر (د.خ) زیندووەو هێشتا لەبەردەستماندایەو لەبەرچاومانە، ئەو هۆیانەی كە ئەم پەیامو بەرنامەیەی پێ بناسین ئاشكرانو ئامادەن زۆر باش دەزانین كامەیە، ئەو شارەزاییو ڕوناكییەی كە لەلایەن خوداوە هێناویەتی، دەزانین كام ڕێگەی بڕیار داوە كە لەژیاندا لەسەری بڕۆینو كامەیە ئەو ڕێگایانەی كە خەڵكی لێ قەدەغە كردووە، جا لەبەرئەوەی پەیامو

بەرنامەکەی ئا بەم شێوەیە زیندووە و هێشتا لەبەرستماندایە، کەواتە پێویست بەناردنی پێغەمبەرێکی دیکە ناکات، بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم نیشانی خەڵکی بداتەوەو بیخاتەوە بیریان.

خۆ ئەم پەیامو ئاینەی پێغەمبەر(د.خ) هیچ کەمو کورییەکی تێدا نییە، هەموو ڕوویەکی ژیانی گرتووەتەوە، لەبەرئەوە پێویست بەوە ناکات شتێکی لێ کەم بکرێتەوە یان بخرێتە سەری، هەروەها ناتەواوییەکی تێدا نییە، کە پێغەمبەرێکی دیکە بێت بۆ تەواوکردنی، بەم شێوەیە هۆی دووەمیش نەما.

بێگومان پێغەمبەرێتی محمد (د.خ) بۆ هەموو جیهانە، تایبەت نییە تەنیا بە گەلێك یا تەنیا بە کۆمەڵێك، یان بۆ کات و زەمانێکی دیاریکراو هاتبێت، لەبەرئەوە هیچ نەتەوەیەك لەنەتەوەکانی جیهان و هیچ گەلێك لەگەلەکانی ئەم جیهانە پێویستیان بە ناردنی پێغەمبەرێکی دیکە نییە، بەم شێوەیە هۆی سێیەمیش نەما.

هەر لەبەر ئەمەیە کە پێغەمبەرمان (د.خ) ناوبراوە بە (خاتم النبيين) واتە پێغەمبەرێکە کۆتای هەموو پێغەمبەرەکانی دیکەیە.

کەواتە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی پێویستیی بە هاتنی پێغەمبەرێکی دیکە و ئاینێکی نوێی دیکە نییە، تەنها پێویستیی بەوە هەیە، کە هەندێك مرۆڤی باشو خواناس، خۆیان بە جوانی شوێنی ئەم پێغەمبەرە(د.خ) بکەونو خەڵکیش بانگ بکەن، بۆ ئەوەی لەم ئاینە شارەزا ببنو ڕەفتاری پێ بکەن و سەر لەنوێ بە عەقڵێکی نوێوە ئیسلام جێبەجێ بکەنو بەگەلانی جیهانی بناسێنن.

پرس:

گرنگی باوەڕبوون بەوەی محەمەد (د.خ) کۆتا پێغەمبەرە لەچیدا دەبینیت ؟

١-

٢-

٣-



وانەی سێیەم: ئامانج لە ژیان و حەقیقەتی دونیاو دواڕۆژ و چارەنووسی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

مرۆڤی موسوڵمان، جیهان وەك یەكەیەكی یەكگرتوو دەبینێت، بونەوەر بەهەموو پێكهاتەكانی ناوی، لە خۆیانەوە دروست نەبون، بەڵكو خودایەكی داناو بەتوانا دروستی كردون، بونەوەر لەڕێگەی كۆمەڵێك یاساو ڕێسای زانستییەوە دەجوڵێت، كەئەویش بەویستی خودای گەورە و كاربەجێیە، خودای گەورە بەبەردەوامی چاودێری جوڵەی هەسارەكان و بەردەوامی ژیان دەكات لەسەر گۆی زەوی، ئەگەر بۆ چاو تروكانێك خودای گەورە، خۆی لەم بونەوەرە بێ ئاگابكات، ئەوا هەموو جیهان دەوەستێتو هەموو یاساكانی گەردون وێران دەبنو هەرەس دەهێنن، مرۆڤی موسڵمان لەو باوەڕەدایە كە بونەوەر بەپێی سیستەمێكی زانستی بەڕێوە دەچێتو خودای گەورە بۆ ئامانجێكی پیرۆز دروستی كردووە، هەموو شتێك لەم بونەوەرەدا جوانو

قەشەنگو ســـەرنج ڕاكێشـــەو هەر شـــتێكیش خودای گەورە بۆ حیكمەتێك دروســـتی كردووە، لەبەر ئەوە ژیانیش لەســـەر گۆی زەوی كە دروســـتكراوە لەپێنـــاو ئامانجێكی جـــوانو پیرۆزدایە.

گەردونی ئامانجدار

ئەگەر ســـەیری هەر بەشـــێكی ئەم گەردوونە بكەینو بەجوانی لێی وردببینەوە، هەســـت دەكەین بۆ ئامانجێك بەدیهاتـــووەو بە گوێرەی یاســـایەك دەڕوات بەڕێوە بۆ نموونە:

ئـ - ئۆكســـجینو هایدرۆجین، دوو توخمی سروشـــتینو لە ڕیـــزی گازەكان دادەنرێن، هەریەكەیان خەســـڵەتو تایبەتمەندیی خۆی هەیـــە، بەڵام كاتێك یەك گەرد لە ئۆكســـجین لەگـــەڵ دوو گەرد لە هایدرۆجیـــن یەك دەگرن، شـــتێكی نـــوێ پێكدەهێنن، كە ناوی ئـــاوەو مایەی مانـــەوەو بەردەوام بوونی ژیانە لەســـەر زەویدا.

ب - ئەگـــەر خۆر لە زەوییـــەوە نزیكتر یان دورتر بووایـــە، ژیان لەســـەر زەوی نەدەماو كۆتایی پێ دەهات، كەواتە خودایەكی بەدەســـەڵات بۆ ئامانجێك خۆری لەو مەودایە لـــە زەویەوە دیاریكردووە.

پ - ئەگەر درەختەكان دوانۆكســـیدی كاربۆنیان هەڵنەمژیایە، كە لە هەناسەدانەوەی زیندەوەرەكانو هەنـــدێ كارلێكی دیكە پەیـــدا دەبێتو ئۆكســـجینیان نەدایەتـــەوە، ئەوا ئۆكســـجین نەدەما، ژیانو مرۆڤ لەســـەر زەوی كۆتاییـــان پێ دەهات، كەواتە درەختـــەكان ئامانجدارن.

ت - ئەگـــەر مانگ لـــەو دوورییەی ئێســـتا هەیەتی لە زەوی دورتـــر بوایە، ئەوا شـــەپۆل لە زەریاو دەریاكانـــدا دروســـت نەدەبوو، بەمەش ئـــاوەكان بۆگەنیان دەكـــرد، خۆ ئەگەر نزیكـــتر بوایە، ئەوا بەهـــۆی زۆری هێزی كێشـــەكەیەوە ڕۆژانە دووجار زەوی ژێـــر ئاو دەكەوتو ژیانـــی تێدا نەدەما.

ج - ئەگـــەر بەرگە هـــەوای زەوی نەبوایەو ڕێگەی لە هەندێ تیشـــكی ژەهـــراوی نەگرتایە، كە بگەنە ســـەر زەوی، ئەوا ئەو تیشـــكانە ژیانیان لەم زەوییـــەدا كۆتایی پێ دەهێنا.



بەشەکانی بونەوەریش هاوکاری یەکدی دەکەن بۆ ئەوەی ژیانو مرۆڤ لەسەر زەوی بەردەوام بن لێرەشەوە دەگەینە ئەوەی کە:

ئـ - هەر بونەوەرێك لە کۆمەڵێك بەشی تایبەتو دیاریکراو پێکهاتووە.

ب - ئەم بەشانە بەگوێرەی ئەندازەگیرییەکی دیاری کراو بە تەنیشت یەکەوەن.

پ - هەر یەك لەم بەشانە تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆیان هەیە لەگەڵ ئەرکی ئەوان گونجاوە.

ت - هەر بەشێك کارێکی دیاریکراو ئەنجام دەداو ئەرکێکی لە ئەستۆدایە.

ج - ئەم ئەرکو کارانە لە نێوان یەکدیدا لە پەیوەندیدانو بەیەکەوەو بەهاوکاری یەکدی مانا دەبەخشنو ئامانجەکان بەدی دەهێنن.



پرس :

چ نموونەیەك بەڵگەیە لەسەر بوونی یاسا لە بونەوەردا؟

- چۆن سەیری ئەوکەسانە دەکەیت، کە وادەزانن ئەم بونەوەرە بێ ئامانجەو هەروا بێ هودە دروست کراوە؟

- لە هاوکاری نێوان بەشو پارچەکانی بونەوەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان چی فێر دەبین؟

- بوونی یاساو ئامانج لە هەموو پارچەو بەشەکانی بونەوەردا بەڵگەی چین؟

- بەگشتی لەم وانەیەدا، لەم خاڵانەی خوارەوە تێگەیشتین:

-١

-٢

-٣

-٤

وانەی چوارەم: ڕاستیی مرۆڤ

بەهای هەر کەسێك پەیوەستە بە تێگەیشتنی ئەو لە حەقیقەتی بوون و پێگەو پلەو پایەی مرۆڤ لە بونەوەردا، پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) خودا لێی ڕازی بێت، لە وتەیەکیدا ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکاتو دەفەرموێت:((خودای گەورە بەزەیی خۆی بەسەر ئەو کەسەدا بڕژێنێت کە بزانێت لە کوێوە هاتووەو ئێستا لە کوێیەو بەرەو کوێ دەچێت؟)).

لێرەدا جێی خۆیەتی لە خۆت بپرسێت:

- من کێم؟
- شوێنو جێگەو پێگەم لە بونەوەردا لە کوێدایە؟
- لە کوێوە هاتومو بەرەو کوێ دەچم؟
- لای کێ هاتومو بۆلای کێ دەگەڕێمەوە؟

وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـانە بـۆ مـرۆڤ زۆر گرنگـە، بـۆ ئـەوەی خـۆی بناسـێتو ڕێبـازی ژیانـی خـۆی دیـاری بـکاتو بزانێـت چـی دەکاتو چـی نـاکات؟ ئێمـە هەموومـان لەلایـەن خـوداوە هاتوویـنو ئـەو بەدیهێناوین((هُـوَ الَّـذِي خَلَقَكُم))(الانعـام ٢) واتـە: ئـەو خودایـەی کـە ئێـوەی بەدیهێنـاوە، کاتێـك هاتووینەتـە ئـەم ژیانـە، لـە تاقیکردنەوەدایـنو ئەرکـمان ئەنجامدانـی کاری باشـە، دوای بەسـەربردنی ژیانـی ئـەم دونیایـەش دەگەڕێینـەوە بـۆ لای پـەروەردگار ((وَاتَّقُـواْ يَوْمًـا تُرْجَعُـونَ فِيـهِ إِلَى اللّهِ))(البقـرە ٢٨١).

واتە: لە ڕۆژێك بترسـن و حیسـابی بۆ بکـەن کەتێیدا دەگەڕێنـەوە بۆ لای خوداو لەسـەر ژیانی ئەم دونیایە لێتان دەپرسـێتەوە.

پلەو پایەی مرۆڤ لەلای خودای گەورە:

مـرۆڤ پلـەو پایەیەکـی یەکجـار گـەورەی لای پـەروەردگار هەیـە، پلـەو پایەیـەك کـە فریشـتەکانی خـودا لـە بەرامبەریـدا دەسـتە وسـتان بـوون . مـرۆڤ هێنـدە مەزنـە کـە خـودای گـەورە بەجێنشـین لـەم زەوییـەدا نـاوی دەبـات:((وَإِذْ قَـالَ رَبُّـكَ لِلْمَلاَئِكَـةِ إِنِّي جَاعِـلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَـةً قَالُـواْ أَتَجْعَـلُ فِيهَـا مَـن يُفْسِـدُ فِيهَـا وَيَسْـفِكُ الدِّمَـاء وَنَحْـنُ نُسَـبِّحُ بِحَمْـدِكَ وَنُقَـدِّسُ لَـكَ قَـالَ إِنِّي أَعْلَـمُ مَـا لاَ تَعْلَمُونَ))(البقـرە ٣٠).

واتــە: کاتێــك خودای گــەورە بــە فریشــتەکانی فەرموو، جێنشــینێك لەســەر زەوی دادەنێم تا ئاوەدانی بکاتەوە، فریشــتەکان وەڵامیان دایەوە: تــۆ یەکێك دەکەیت بە جێنشــین لە زەویدا (واتــە مرۆڤ) کــە خراپەکاری تێدا بــکاتو خوێن بڕێژێــت، لە کاتێکــدا ئێمە تۆ بەپاکــیو بێ خەوش ڕادەگرینو سوپاســگوزاریت دەکەینو بــە پیــرۆزت دەزانین؟ بــەڵام خودای گــەورە وەڵامی دانــەوە کە: ئەوەی مــن دەیزانم، ئێــوە نــایزانن .

لـەم ئایەتـەدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە خـودای گـەورە توانـاو ئامادەییەکـی بـێ سـنوری بەدەسـتهێنانی زانسـتو زانیـاری بـە مـرۆڤ بەخشـیوە، بەجۆرێـك کـە دەتوانێـت خـودی خـۆیو ڕاسـتییەکانی جیهانـی پەیوەسـت بەخـۆی بناسـێتو

خـــودای گـــەورەو نـــــاوو سـیفەتەکانی بناسـێتو بیپەرسـتێت و خۆشـی بوێـتو پشـتی پـێ ببەسـتێت.
بەشـــێك لـــە گەورەیـی مـــرۆڤ ، پەیوەنـدی بـە ئاسـتی توانـاو ئامادەیـی ئـــەوەوە هەیـــە بـــۆ فێربـــوونو بەدەســـتهێنانی زانســـت و بەکارهێنانـــی خێروبێــری زەوی و ئاسـمانەکان، هەروەهـــا بەکارهێنانـــی لـــە بەرژەوەنـدی خـۆیو گەشـەپێدانی ژیانــی مرۆڤایەتیـدا.
لــە بەرامبەریشــدا هــەر فیکــرو سیاســەتو بۆچــوونو کلتــورو داوایــەك دژی ئەوەبێــت مــرۆڤ فێربێـت و زانسـت وەربگرێـت و خـۆیو بونـەوەر بناسـێت و بـە نەزانـیو دواکەوتوویـی بمێنێتـەوە، ئـەوا دژی ویسـتی خـودای گـەورەو پێچەوانـەی ئـەو حاڵـە ڕاسـتو دروسـتەیە، کـە خـودای گــەورە بــۆ مرۆڤــی دەخوازێــت.

خـودای گـەورە لـە ئایەتێکیشـدا (زانایـی و زانسـت و زانیـار)ی دەکات بـە پێـوەری ڕێزدانـان و دەفەرموێـت:((قُـلْ هَـلْ يَسْـتَوِي الَّذِيـنَ يَعْلَمُـونَ وَالَّذِيـنَ لَا يَعْلَمُـونَ)) (الزمـر٩) ئایـە زانـاو نەزانـەکان یەکسـانن و وەك یـەك وان؟ بێگومـان یەکسـان نیـنو ئەوانـەی زانـانو زانسـتەکەیان بـۆ خزمەتـی مـرۆڤو مرۆڤایەتـی بەکاردەهێنـن وبەشـێوەیەکی ڕاسـتو دروسـت خـودا دەناسـن، خـاوەن پلـەو پایەیەکـی بەرزتـرن.
خـودای گـەورە مرۆڤـی کـردووە بـە جێنشـین، لەهـەردوو ڕەگـەزی مرۆڤـی کـردووە، نـەك تەنها پیـاوان، بەڵکـو بـە حوکمـی ئـەوەی ژنو پیـاو هەردووکیـان لـە مرۆڤبووندا یەکسـانن، کەسـیان ڕێـزی بەسـەر ئـەوەی دیکـەدا نییـە، کەواتـە بەسروشـتی حـاڵ بڕیارەکـە ژنو پیـاو وەك یـەك دەگرێتـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ژنانیـش وەك پیـاوان دەبێـت خۆیـان بـە زانسـتو زانیـاری چەکدار بکـەن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن ئەرکـی جێنشـینیی بەجوانـی جێبەجـێ بکـەن.

بۆیـه هـەر جیاوازیـی کردنێـك لـەم ڕووەوە لـە نێـوان ژنو پیـاودا و ڕێگرتـن لـەوەی ئافرەتـان پـەرە بـە تواناکانیـان بـدەنو خۆیـان پێـش بخـەن، پێچەوانـەی بۆچـوون و دیـدی ئیسـلامە بـۆ مەسـەلەی جێنشـینیی مـرۆڤ ، بەگشـتی مـرۆڤ کاتێـك هەسـت بـەوە دەکات خـودای گـەورە کردویەتـی بـە جێنشـینو ئـەو ئەرکـە گەورەیـەی خسـتووەتە سەرشـانی، هەسـت بـە گەورەیـیو ڕۆڵو پلـەو پایـەی خـۆی لـەم ژیـانو جیهانـەدا دەکات، هەوڵیـش دەدات ڕێـز لـەو پلـەو پایەیـە بگرێـت کـە خـودای مـەزن پێـی بەخشـیوە، بـە شـێوەیەك بیـر نەکاتـەوەو نـەژی و ڕەفتـار نـەکات کـە لەگـەڵ ئـەو گەورەییـەدا ناگونجێـتو سـاز نییـە .

گفتوگۆ:

پلـەو پایەی جێنشـینیی مرۆڤ، بۆ ئـاوەدان کردنەوەی زەویو بەرەوپێـش بردنی ژیان چی دەگەیەنێتو چییە؟

مرۆڤ چ تایبەتمەندییەکی تێدایە شایستەی ئەو پلەو پایەیە بێت؟



وانەی پێنجەم: بەخشینی ڕێز و کەرامەتی خودا بەمرۆڤ

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە مرۆڤ بەدیهێنراوێکی بەڕێزی خودای گەورەیە، هەر ئەویش کەرامەتی پێ بەخشیوە، بۆیە دەبێت مرۆڤ بەتایبەتیش مرۆڤی باوەڕدار هەست بەو کەرامەتو ڕێزە بکات، خودای گەورە لەم ڕووەوە دەفەرموێت: ((ولقد كرَّمنا بَني آدَمَ وَحَملْناهُم في البرِّ والبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِنَ الطَّيِّباتِ وَفَضَّلْنَاهُم عَلَى كَثيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً)) (الاسراء ٧٠)

واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێزی زۆرمان لە مرۆڤ گرتووەو کەرامەتمان پێ بەخشیوە، ئەوانمان لە دەریاو وشکانیدا لە ئەستۆ گرت، ڕزقو ڕۆزیی پاکمان پێ داونو ڕێزو پەسەندیمان داون بەسەر زۆربەی هەرە زۆری ئەو بونەوەرانەی بەدیمان هێناون، لەم ئایەتەدا، خودای گەورە

باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە چۆن سەیری مرۆڤ دەکاتو تێمان دەگەیەنێت، کە ئەم بونەوەرە لە لای ئەو زۆر بەڕێزە، خۆشی دەبێت ڕێزی خۆی لەلابێت، بۆ هیچ هێزو کەسو لایەنێکیش نییە بێ ڕێزی بەرامبەر بکاتو سوکایەتی پێ بکات.

دواتر خودای گەورە ئاماژە بەهەندێك لە ڕواڵەتەکانی ئەو ڕێزلێنانەی خۆی دەکات، کە چۆن لە دەریاو وشکانیدا یارمەتی دەدات و ڕزقو ڕۆزی و سەرچاوەی ژیانی جۆراوجۆری خستووەتە بەردەستی، بەچەشنێك هەرچی لەم بونەوەرەدا لە ڕووەكو زیندەوەرو گیانلەبەران، بەجۆرێك لە جۆرەکان لە خزمەت مرۆڤدانو خزمەتی ئەو دەکەن، دواییش ئەوەمان بیر دێنێتەوە، کە مرۆڤ لە ڕیزی بەرزترین بەدیهنراوەکانی خودای گەورەدایەو ڕێزی بەچەندین (بەهرەو بەخششو توانا) پێ بەخشیوە، پەسەندی و ڕێزی داوە بەسەر زۆربەی بونەوەرەکانی دیکەدا.

خودای گەورە مرۆڤی بە چ جۆرێك بەدیهێناوە؟

خودای گەورە مرۆڤی بە جۆرێك بەدیهێناوە کە توانای جیاکردنەوەی شتە جوانو ناشیرینەکانی هەبێت، ئەگەر ڕووی کردە چاکەو خێرو شتە پاكو جوانەکان، لە دەرونی خۆیدا هەست بە گەورەییو ئاسودەیی بکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕووی لە خراپەو ڕەفتارو ئاکارە ناشیرینەکان کرد بتوانێت سەرزەنشتی خۆی بکات و هەوڵی خۆ ڕاستکردنەوە بدات، خودای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:((وَنَفسٍ وَما سوَّاها ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَها فُجُورَهَا وَتَقْوَاها ﴿٨﴾))(الشمس ٧و٨).

واتە: سوێند بە نەفسو ئەو کەسەی ڕێکی خستووە، ئیلهامی چاکەو خراپەی پێ بەخشیوە، لەم ئایەتانەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ بونەوەرێکی تایبەتییە، نە فریشتەیەو نە شەیتان. چونکە فریشتە ناتوانن لە فەرمانی خودای گەورە دەربچن، یەك پارچە ڕوناکیو خێرو چاکەو ڕەمزی پاکیو بێ تاوانین.

له بەرامبەریشدا شەیتان ڕەمزی خراپەو تاوانە. بەڵام مرۆڤ لەو نێوەندەدایەو سیفاتی چاکە و خراپەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

مرۆڤ دەبێت ئاگاداری خۆی بێتو هەوڵی پەروەردەکردنی خۆی بداتو خۆی فەرامۆش نەکات، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئاگابوون لە خۆو جوان تێگەیشتن لە ئیسلامو شتە جوانەکانی مرۆڤایەتی بەگشتیو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ژینگەیەکی وا، کە لەسەر چاکەو خێر هانی بدات، هەوڵی پەرەدان بە سیفەتە جوانو فریشتەییەکانی ناو دڵو دەرونی خۆی بدات، بەمەش ببێتە مرۆڤێکی چاکەخوازو خێرخوازو دادپەروەر و دژی شەڕو خراپەو ستەمو زۆرداری و ڕەوشتی ناشیرینو نزم بوەستێتەوە.

لێرەوە تێدەگەین کە هەموومان بەرامبەر خۆمانو ئەقڵو نەفسی خۆمان لێپرسراوینو دەبێت ئاگامان لەو لێپرسراوێتییە ببێت.

کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت ؟

ئەو تایبەتمەندیو پلەو پایەیەی مرۆڤ لە لای خودای گەورە، لەم جیهانەدا و لە نێو بونەوەرەکانی دیکەدا، ئەو هەموو قەدرو ڕێزەی هەیەتی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت ؟

لە ڕاستیدا هەموو ئەو ڕێزو کەرامەتە لەو گیانەدایە کە خودای گەورە پێی بەخشیوەو هەر بە هۆی ئەویشەوە زیندووە.

کاتێك خودای گەورە مرۆڤی لەم خاکەو کەرەستەکانی سروشت دروستکرد، گیانی پێ بەخشیو بەهۆی ئەم گیان پێ بەخشینەشەوە، ئەو تواناو قەدرو ڕێزەی تێدا ئاشکراکرد خودای گەورە لەم ڕووەوە دەفەرموێت:((إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٧٢﴾)) (ص ٧١- ٧٢).

واتە: کاتێك خودای گەورە بە فریشتەکانی فەرموو: من مرۆڤ لە گڵ بە دیدەهێنم، کاتێك لەشی ڕێکخستو لەڕۆحی خۆم گیانم بەبەرداکرد، ئێوەش فریشتەکان بچنە کڕنووشەوەو کڕنووشی ڕێزی بۆببەن، بیر هێنانەوەی خودای گەورە بۆ ئێمە کە لە خاك دروستکراوین زیاتر

لــە ئاماژەو وانەو پەندێکــی تێدایە. لە ڕوویەکەوە دەســەڵاتو گەورەیی خودامــان بۆ دەردەخات، لــە ڕوویەکی دیکــەوە تێمان دەگەیەنێــت، کە لە بنەڕەتــدا هەموو مرۆڤەکان یەکســانن و لە یەك کەرەســتەو ســەرچاوە دروســت بوون و یەك بەدیهێنەرو خاوەن و پەروەردگاریان هەیە.

لــە ڕووەیەکی دیکــەوە ئەم ئایەتانــە ئەوەمان بــۆ ڕوون دەکەنەوە، کە مرۆڤ بەهەناســەی خوداو بــەو گیانە دەژی کــە خودا پێی بەخشــیوە. ئەمەش ئــەوە دەگەیەنێت کــە گیانی خودای گــەورە لە مرۆڤــدا ئامادەیە، لەبەرئەوە هەر بێ ڕێزیو بە ســوك ســەیرکردن و ســتەم لێکردن و زۆرلێکردنێــك لە مــرۆڤ ، تاوانێکی گەورەیەو ڕێــز نەگرتنە لە گەورەییو پیــرۆزی خودای گەورە. خودای گــەورە پلەو پایــەی مرۆڤی گەیاندووەتە ئاســتێك، کە فریشــتەکان لەگــەڵ هەموو ئەو پاکــیو نزیکییەیاندا لەخودا کڕنووشــی بۆ ئــادەم پێ بردوون. لــە کاتێکدا نابێــت جگە لە خودا کڕنووش بۆ کەســی دیکە ببررێتو ئەمە کڕنۆشــی ڕێــزەو بە فەرمانی خودای گــەورە خۆی بووە.

گفتوگۆ:

بۆچــی هەندێکجــار مــرۆڤ، یاخــود زۆرێــك لــە مرۆڤــەکان، هەســت بــەم پلــەو پایــە بــەرزەی خۆیــان ناکــەن و بەجۆرێــك ڕەفتــار دەکــەن کەشایســتەی پلــەو پایــەی خۆیــانو گەورەیــی خــودا نییــە؟

پرس:

مــرۆڤ چــۆن بتوانێــت هەســت بــە گەورەیــیو ڕێــزی خــۆی بــکاتو ڕەفتارێــك نەنوێنێــت پێچەوانــەی ئــەوە بێــت؟

وانەی شەشەم: مرۆڤ و سەرچاوەکانی تاوان

لەگەڵ ئەوەدا کە خودای گەورە، ئەو هەموو ڕێزەی بە مرۆڤ بەخشیوە و بەهای باڵای لە بوونی ئەودا داناوە، کە مرۆڤ هاندەدات بەرەو چاکیو پاکیو بڵندی، ئەی بۆچی سەرەڕای هەموو ئەو شتانە هەندێك لە مرۆڤەکان دەست دەدەنە خراپەو تاوانو ڕێگەی چاکەکاریو ڕەوشتو ئاکاری بەرزو خواناسانەیان لێ تێکدەچێت؟

دۆزینەوەی سەرچاوەو هۆکاری ئەم لادانو تاوانانە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لە خراپەو تاوان بەدوربینو گیانمان ئاسودەو ژیانمان بەختەوەربێتو ڕێگە نەدەین فریو بخۆین، یاخود فریو بدرێین.

گەر سەیری قورئانی پیرۆزبکەین، دەبینین خودای گەورە باسی زۆرێك لە هۆکارو سەرچاوەکانی لادانی مرۆڤو تاوانی بۆ کردوین، بەشێك لەوانەش بەم جۆرەی خوارەوەیە:

ئـ - هەست نەكردن بە نزیكی خودای گەورە لێمانەوە:

خودای گەورە هەمیشــە لەگەڵماندایەو چــاوی لێمانەو لێمانەوە نزیكەو ئــاگای لە هەموو هەڵس‌و كەوتێكــمان هەیە، هــەروەك دەفەرموێــت:((وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَــانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْــوِسُ بِهِ نَفْسُــهُ وَنَحْنُ أَقْــرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْــلِ الْوَرِيدِ ﴿١٦﴾)) (ق ١٦).

واتــە: ئێمە مرۆڤــمان بەدیهێنــاوە، و ئاگامان لەوەیە چ خەتەرەو وەسوەســەیەك بــە دەروونیدا دێــت‌و لە دڵــی خۆیدا بیر لــە چی دەكاتــەوە. ئەگــەر مرۆڤی موســڵمان ئەم ڕاســتییەی بیر نەچێتــەوە كــە خودای گــەورە ئاگای لــە ناخــی دڵ‌و دەرونی هەیەو هیچ شــتێك لەو شــاراوە نییــە و زۆر لێــی نزیكە، ئەوكاتە هەســت بەچاودێریی ئــەو دەكات‌و ئەمەش لــە هەڵەو تاوان‌و خراپــەكاری دەیگێڕێتەوە.

ب - خۆشەویستیی زۆری ئەم دونیایەو فەرامۆشكردنی زیندوبوونەوە و دواڕۆژ:

خــودای گەورە دەفەرموێت:(كَلَّا بَلْ تُحِبُّــونَ الْعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾ وَتَذَرُونَ الْآخِــرَةَ ﴿٢١﴾) (القیامە ٢٠- ٢١).

واتــە: نەخێر مەســەلەكە بەو جــۆرە نییە، بەڵكــو ئەوەیە كە ئێــوە ئەم دونیــا زوو تێپەڕەتان خۆش دەوێــت‌و وازتان لــە جیهانەكەی دیكــەو دواڕۆژ هێناوە.

هەڵبەت لە ئیســلام قەدەغــە نییە مرۆڤ دونیاو ژیانی دونیای خۆشــبوێت‌و هەوڵــی ژیانێكی پڕ لە خۆشــگوزەرانی بدات، بەڵكو ئــەوەی بەخراپە دانــراوە بریتیــە: لــەوەی مــرۆڤ هەر بیــر لــەم دونیایــە بكاتــەوەو دواڕۆژ و زیندووبوونــەوە فەرامۆش بــكات، كار بۆ ئــەوە نەكات كــە جیهانێكی دیكــە هەیەو مرۆڤ تێیــدا زیندوو دەبێتەوە و لەســەر كردەوەكانــی لــە ژیانی ئــەم دونیایەدا لێی دەپێچرێتەوە.

پ - بێ ئاگابوون لە پیلانەکانی شەیتانو شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی:

هـــەروەك دەزانین خودای گەورە پێی ڕاگەیاندووین کە شـــەیتان دوژمنی مرۆڤە:((إِنَّ الشَّـــيْطَانَ لَكُـــمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِـــذُوهُ عَدُوًّا))(فاطر٦). واتە: شـــەیتان دوژمنی ئێوەیەو ئێـــوەش بە دوژمنی بزانن.

خـــودای گـــەورە لە چەندین ئایەتی دیکەدا لە بەرامبەر فێڵو نەخشـــەو شـــێوازەکانی شـــەیتان بـــۆ لە ڕێ لادانی مـــرۆڤ ئاگادارمان دەکاتەوە، هـــەروەك دەفەرموێت:((يَا أَيُّهَا النَّـــاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَـــلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّـــيْطَانِ إِنَّـــهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّـــوءِ وَالْفَحْشَـــاء وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُـــونَ ﴿١٦٩﴾)) (البقرة ١٦٨-١٦٩).

واتـــە: ئـــەی خەڵكینە لەو شـــتە حـــەڵاڵو پاكانەی لە زەویدایـــە بخۆن، شـــوێن هەنگاوەکانی شـــەیتان مەکەون، چونکـــە ئەو دوژمنێکی ئاشـــکرای ئێوەیە، ئەو فەرمانتان پـــێ دەکات بە خراپەو کاری ناشـــیرینو قێـــزەون و واتـــان لێدەکات شـــتێك دەربارەی خـــودا بڵێن، کـــە زانیاریتان لە بارەیەوە نییـــەو نایزانن.

لێـــرەوە تێدەگەین کە خراپەو تـــاوان کردنو لە ڕێ لادان، جێبەجێکردنی فەرمانی شـــەیتانە، لە کاتێکدا بـــاوەڕدار دەبێت فەرمانی بەدیهێنـــەرو پەروەردگارەکەی جێبەجێبکات و بەگوێی کەســـێك نـــەکات، کە خـــودای گـــەورە لە دلۆڤانیـــی خۆی بێ بەشـــی کـــردووەو کارووپیشـــەی هاندانی بەندەکانـــی خودایە بـــۆ خراپەو تاوان.

پرس:

چی بکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە خراپەو تاوان دووربخەینەوە؟

وانەی حەوتەم: داوەکانی شەیتان

شەیتان کە دوژمنی مرۆڤەو خۆی لەو بە گەورەتر دەزانێت، سوێندی خواردووە کە بەندەکانی خودای گەورە لە ڕێگەی ڕاست لابداتو فریویان بداتو تۆڵەی دەرکردنی لە بارەگای خودایان لێ بکاتەوە، کاری ئەو دروستکردنی وەسوەسەو وادەو بەڵێنی درۆیە.

ئامرازی دەستیشی هەواو هەوەسو ئارەزووەکانی مرۆڤە، کە دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ لە خشتە بەرێتو هیواو ئامانجی پوچ بخاتە مێشکییەوە، سەرەنجام دوچاری چەندین ئازارو دەردەسەریو ناڕەحەتی ئەم دونیاو ئەو دونیای بکات، شەیتان بە چەندین شێواز دژ بە مرۆڤ کار دەکاتو بۆ ئەنجامدانی تاوانو سەرپێچی کردنی فەرمانی پەروەدگار هانی دەدات، لەوانەش:

١- ڕازاندنەوەو جوان نیشاندانی تاوانو خراپە.

هـــەر وەك خودای گـــەورە دەفەرموێت: ((وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّـــيْطَانُ مَـــا كَانُـــواْ يَعْمَلُونَ))(ألأنعام ٤٣).

واتە: شـــەیتان کارو کردەوەکانی بـــۆ ڕازاندنەوە.

٢- سەرگەرم کردنی مرۆڤەکان بەهەواو هەوەس و ئارەزووی دونیاییەوە.

هەر وەك خـــودای گەورە دەفەرموێت :((اسْـــتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّـــيْطَانُ فَأَنسَـــاهُمْ ذِكْرَ اللَّـــهِ أُوْلَئِكَ حِـــزْبُ الشَّـــيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّـــيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ)) (المجادلة ١٩).واتە: شـــەیتان دەســـتی بەســـەر دڵو دەروونیانـــدا گرتووەو خســـتونییە ژێـــر هەژموونی خۆیـــەوەو یادی خـــودای لە بیر بردونەوە، ئەوانەی واشـــیان لێ هاتبێت دۆســـتو لایەنگری شـــەیتانن، بەڵام بەڕاســـتی دۆستانو لایەنگرانی شـــەیتان دۆڕاو و زەرەرمەندن.

٣- بـێ ئاگاکردنـی مـرۆڤ لە یادی خـودا و ئـەو کارانەی کـە وادەکەن مرۆڤ خـودای لەبیر نەچێـتـ وەکو نوێـژ، هەروەهـا چاندنی تـۆوی ڕق و کینەو دوژمنایەتـی لە نێـوان مرۆڤەکاندا.

هـەر وەك خـودای گـەورە دەفەرموێـت:((إِنَّمَـا يُرِيـدُ الشَّـيْطَانُ أَن يُوقِـعَ بَيْنَكُـمُ الْعَـدَاوَةَ وَالْبَغْضَـاءَ فِي الْخَمْـرِ وَالْمَيْـسِرِ وَيَصُدَّكُـمْ عَـن ذِكْـرِ اللّـهِ وَعَـنِ الصَّـلاَةِ فَهَـلْ أَنتُـم مُّنتَهُـونَ ﴿٩١﴾)) (المائـدة ٩١).

واتـە: شـەیتان لـە ڕێـی مـەی خواردنـەوەو قومارکردنـەوە دەیەوێـت دوژمنایەتـیو ڕقو کینـە بخاتـە نێوانتانـەوە، ڕێگریتـان لـە یـادی خـوداو نوێژکـردن لـێ دەکات. جـا ئاخـۆ ئێـوە واز لـە خواردنـەوەو قومـار دەهێنـنو کۆڵیـان لـێ دەدەن؟

لەبەرئـەوە دەبێـت مـرۆڤ ئـاگاداری ئـەو ڕێگـەو شـێوازانە بێـت، بەگوێـی شـەیتان نـەکاتو نەکەوێتـە داوی ئـەوەوە، چونکـە دوایـی جگـە لـە پەشـیمانی هیچـی دیکـەی بـۆ نامێنێتـەوە. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە بزانیـن، کـە شـەیتان ناتوانێـت بەسـەر بـاوەڕداری ڕاستەقینەدا سـەربکەوێت. کاتێـك مرۆڤیـش لـە خشـتە دەبـات، لـە دوارۆژدا خـۆی لـێ بێبـەری دەکاتو دەڵێـت ئـەوە خەتـای خـۆی بـووە، مـن هیـچ دەسـەڵاتێکم بەسـەر ئـەودا نەبـووە.

ئـەو خـۆی لاواز بـووەو بـە گوێـی منـی کـردووە، هـەروەك خـودای گـەورە دەفەرموێـت: ((وَقَـالَ الشَّـيْطَانُ لَـمَّا قُـضِيَ الأَمْـرُ إِنَّ اللّـهَ وَعَدَكُـمْ وَعْـدَ الْحَـقِّ وَوَعَدتُّكُـمْ فَأَخْلَفْتُكُـمْ وَمَـا كَانَ لِيَ عَلَيْكُـم مِّـن سُـلْطَانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُـمْ فَاسْـتَجَبْتُمْ لِي فَـلاَ تَلُومُـونِي وَلُومُـواْ أَنفُسَـكُم مَّـا أَنَـاْ بِمُصْرِخِكُـمْ وَمَـا أَنتُـمْ بِمُصْرِخِـيَّ إِنيِّ كَفَـرْتُ بِمَـآ أَشْرَكْتُمُـونِ مِـن قَبْـلُ إِنَّ الظَّالِمِـينَ لَهُـمْ عَـذَابٌ أَلِيـمٌ)) (ابراهيم ٢٢).

واتـــە: کاتێـــك کار تەواو بوو شـــەیتان دەڵێـــت: خودای گـــەورە بەڵێنی هەقو ڕاســـتی پێ دان، منیـــش بەڵێنـــم پێدان، بەڵام بـــە پێچەوانەی ئـــەوەوە جوڵامـــەوەو کارم بە بەڵێنەکانـــم نەکرد، من هیچ دەســـەڵاتێکم بەســـەر ئێـــوەدا نەبوو، تەنهـــا ئەوەندە نەبێت کـــە بانگی ئێوە بکـــەمو ئێوەش وەڵامی بانگەکەتان دامەوە. کەواتە سەرزەنشـــتی من مەکەنو سەرزەنشـــتی خۆتان بکەن، ئێســـتاش نە مـــن بەفریای ئێـــوە دەکەومو نە ئێـــوەش بەفریای من دەکـــەون، من بێ باوەڕم بـــەوەی ئێوە هاوبەشـــتان بۆ خودا پەیداکرد ســـتەمکاران سزای بەســـوێیان هەیە.

دیـــارە هیچ مرۆڤێکی زیرەكو هۆشـــیارو خەمخۆر بۆ چارەنـــووسو دواڕۆژی خۆی، ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە نابێتەوە.

گفتوگۆ:

١- بیـــر لـــە ئایەتی (٢٢)ی ســـورەتی ئیبراهیم، بکەرەوەو ڕۆڵی شـــەیتان لـــە گومڕاکردنی مرۆڤ ڕونبکەرەوە.

٢- چ پەندێك لەم گفتوگۆیە وەردەگریت؟

وانەی هەشتەم: ئازادیی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ڕێگای چاکە یان ڕێگای خراپە

قورئانی پیرۆزو فەرموودەش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هۆکاری بنەڕەتی تاوانو خراپە مرۆڤ خۆیەتی. هەر بۆیە هیچ مرۆڤێك لە دوارۆژدا ناتوانێت تاوانی خۆی بەسەر شەیتاندا بداتو خۆی ڕزگار بکات.

بەم جۆرەش مرۆڤەکان دەبن بە دوو دەستەوە: دەستەیەکیان ڕویان لە خوداو لەبەرزیو کاری چاکەیە، دەستەکەی تریان چاویان لە نزمیو خراپەیە، هەرکەس ڕێگایەکی بۆ خۆی دیاریکردووە، خودای گەورەش دەفەرموێت:((إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا)) (الانسان٣).

واتــه: ئێمــه ڕێگــەی ڕاســتمان پێشــانی مــرۆڤ داوە، مرۆڤەکانیــش یــا ڕێگــەی ڕاســت دەگــرن، بەمــەش سوپاســگوزاری خــودای گــەورە دەبــن، یاخــود ئــەو ڕێگەیــە ناگــرنو سوپاســگوزاریی ناکــەنو بەرامبــەر بــە پەروەردگاریــان وەفادارنابــن، خــودای گــەورە لــەم ڕووەوە ســەرنجامی چاکــەو سوپاســگوزاریو خراپــەو بــێ وەفایــی ڕوون کردووەتــەوە، پاشــان ئازادیــی تــەواوی بــە مرۆڤــەکان داوە، چ ڕێگەیــەك هەڵدەبژێــرنو بــۆ هیــچ هێــزو دەســەڵاتێك نیــە زۆریــان لــێ بــکات، چونکــه لــه ئیســلامدا باوەڕهێنــان ئــازادەو زۆر لێکردنــی تێــدا نیــە، مــرۆڤ بەویســتو ئیــرادەی ئــازادی خــۆی، ڕێگــەی ژیانــی خــۆی دیــاری دەکات، تەنهــا ئەوەیــە مــرۆڤ دەبێــت ئــەوە بزانێــت، کــه هەڵبــژاردن لێپرساوێتییــەو لــەڕۆژی دواییــدا خــودای گــەورە لــه جــۆری هەڵبژاردنەکــه لێــی دەپرســێتەوە.

قورئانــی پیــرۆز لــەم ڕووەوە دەفەرموێــت:((وَقُـلِ الْحَـقُّ مِـن رَّبِّكُـمْ فَمَـن شَـاء فَلْيُؤْمِـن وَمَـن شَـاء فَلْيَكْفُـرْ إِنَّـا أَعْتَدْنَـا لِلظَّالِمِـينَ نَـارًا أَحَـاطَ بِهِـمْ سُرَادِقُهَـا وَإِن يَسْـتَغِيثُوا يُغَاثُـوا بِمَـاء كَالْمُهْـلِ يَشْـوِي الْوُجُـوهَ بِئْـسَ الـشَّرَابُ وَسَـاءتْ مُرْتَفَقًـا)) (الكهـف ٢٩).

لەســەرەتای ئایەتەکــەدا هاتــووە: هــەر کەســێك دەیەوێــت بــا باوەڕبهێنێــتو هەرکەســێکیش دەخوازێــت بــا بــێ باوەڕبێــت.

بـەڵام لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا مــرۆڤ دەبێت لـــە هەڵبژاردنی ڕێبــازی ژیانــی وردبێــتو جــوان بیــری لــێ بکاتــەوە، چونکــە چارەنووســی ئــەم دونیــاو ئــەو دونیــای پێــوە بەنــدە، پێویسـتە یارمەتـی لـە خەڵکانی شــارەزاو چاکەکاریــش وەربگرێــت بــۆ ئــەوەی بڕیارێکــی باشــتربدات.

لــە ڕواڵەتیشــدا ڕێگــەی خراپــەو تــاوان ئاســانە بــۆ مــرۆڤ، هەرچەنــدە هەندێــك نارەحەتــی تێدایــە. بــەڵام ئەگــەر بەچــاوی عەقــڵ ســەیری شـتەکان بـکاتو بیـر لـەو چارەنووسـە بکاتـەوە کـە چاوەڕێـی مــرۆڤ دەکات، ئــەوا ڕێگــەی ڕاســت و بــەرەو خواچــوون هەڵدەبژێرێــت، چونکــە بەختــەوەریو ســەربەرزی لەوەدایــە.

چارەنووســی مرۆڤیــش لە دواڕۆژدا بــە یەك بڕیارەوە پەیوەســتە، بڕیارێك کــە دەبێت خۆی بیــدات، ئاوەزی(عەقڵ)ی بکات بــەدادوەرو بیر بکاتــەوە، گفتوگۆ بکاتو تاوتوێی باســەکە بکات، ئیــرادەی خۆی بخاتە گــەڕ و بڕیار بدات، بۆ ئـــەوەی ڕێگەی باوەڕو چاکەو خزمەتو ســەربەرزی هەڵبژێرێت.

گفتوگۆ:

ڕۆڵی هاوڕێ لە ڕێنیشاندانی ڕێگای ڕاست، یان گومڕاکردنی مرۆڤدا چییە؟

وانەی نۆیەم: مرۆڤ و کۆمەڵێك خەسڵەتی گرنگ

خـــودای گـــەورە کۆمەڵێك ســـەرمایەی گرنگی بە مرۆڤ بەخشـــیوە، کە دەتوانـــن یارمەتیدەری بن لە دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاســـتو شـــوێنکەوتنی:

١- سروشتی خواناسانە (خۆڕسك):

مرۆڤ سروشـــتو (فطر)ەیەکـــی هەیە، بەخودا ئاشـــنایەو ڕووی لە پـــەروەردگارەو خودای گەورە بەســـەرچاوەی چاکیو پاکیو جوانییـــەکان دەزانێت.

لـــە قوڵایـــی دڵو دەرونو ناخی مرۆڤدا، هەســـتێك هەیە بانگی دەکات بۆلای ناســـینی خودای

گـــەورەو پەرســـتنی، هەمـــوو مرۆڤێك كە لە دایـــك دەبێت بەم هەســـتەوە لەدایـــك دەبێت، بەڵام زۆرجـــار خێزانو كۆمـــەڵو كلتور ئەو هەســـتە كپ دەكەنو ناهێڵـــن بگەشـــێتەوە، ژیانی مرۆڤ بەخواپەرســـتیو خۆشەویســـتیی خوداو ڕووكردنە پەروەردگار، ڕوناك بكاتـــەوەو تەڕو پاراوی بكات.

٢- هۆگربوون بە بەهاپیرۆزەكان:

خـــودای گەورە ســـەرچاوەی هەمـــوو جوانـــیو بەهاكانە، دوای ئـــەوەی مرۆ ڤ بـــاوەڕ لە دڵیدا دەچەســـپێتو عەشـــقی خودا، دەروونـــی داگیـــردەكات، هۆگری چەندیـــن بەهای بـــاڵاو جوانی وەكو:(ســـۆزو بەزەیی، كەرامەت، ڕاســـتگۆیی، دادپەروەری، لێبوردەییو ســـینە فراوانی) دەبێتو ســـەرەنجام لە خراپەو ڕەفتـــارە دزێوەكانی وەكو:(بەخیلی، دوڕوویی‌و ســـتەم) بێزار دە بێت.

٣- ویژدانی ئاكاری:

خودای گەورە شـــتێكی بەمرۆڤ بەخشـــیوە كە پێی دەوترێت ویژدانـــی ئەخلاقـــی، كە ئەو هەســـتەیە مرۆڤ لـــە تاوانو كرداری ناڕەوشـــتی دەگێڕێتەوە، ئەگەر مرۆڤ تووشـــی تـــاوانو خراپەیـــەك هـــات سەرزەنشـــتی دەكاتو بانگی لـــێ دەكات بۆ ســـڕینەوەی ئـــەو خراپەیە بە ئەنجامدانـــی كاری چاك.

٤- توانای بیركردنەوەی ئاوەزی (عەقڵی):

خـــودای گـــەورە شـــتێكی زۆر گرنگـــی بـــە مـــرۆڤ بەخشـــیوە كـــە پێـــی دەوترێـــت عەقـــڵ، كـــە شـــتە دروســـتو نادروســـتو جـــوان و ناشـــیرینەكان بـــە مـــرۆڤ دەناســـێنێتو لێكیـــان جیادەكاتـــەوە، پێشـــەوا (عەلـــی كـــوڕی ئەبـــو تاڵیـــب) خـــودای گـــەورە لێـــی ڕازی بێـــت، دەربـــارەی عەقـــڵ

دەڵێت:(پەیامهێنـەری حـەقو دۆسـتی مـرۆڤ و ڕێنیشـاندەرو ڕزگارکـەرو نزیـك کـەرەوەی مرۆڤـە لـە خـوداو باشـترین سـەروەتو سـامانی مرۆڤـە).

ئەگـەر مـرۆڤ بەجوانـی عەقڵـی بەکاربێنێـتو بیـر لـە بەرەنجامـی کردەوەکانـیو بەرژەوەندییەکانـیو چاکـەی خـۆیو خێـزانو کۆمەڵەکـەی بکاتـەوە، دەتوانێـت بـە ئاسـانی ڕێگـەی ڕاسـت بدۆزێتـەوەو نەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری حـەزو ئـارەزووە خراپەکانیـەوە.

هەربۆیـە ئەوانـەی بەهـۆی کـردەوە خراپەکانیـان لـە دواڕۆژدا دەچنـە دۆزەخـەوە، دەڵێـن: ((وَقَالُـوا لَـوْ كُنَّـا نَسْـمَعُ أَوْ نَعْقِـلُ مَـا كُنَّـا فِي أَصْحَـابِ السَّـعِيرِ))(الملك ١٠).

واتـە: ئەگـەر توانـای بیسـتنی پەیامـی حـەقو وتـەی ڕاسـتمان ببوایـەو عەقڵـمان بەکاربهێنایـە، بەجوانـی بیرمـان لـە شـتەکان بکردایەتـەوە، ئەمـڕۆ تووشـی سـزای دۆزەخ نەدەبوویـن.

لـە پـاڵ ئـەم هێـزە ناوەکییانـەی نـاو دڵ ودەروون و ناخـی مـرۆڤ کـە ڕێنوێنـی مـرۆڤ دەکـەن بـۆ ناسـینی خـودای گـەورە، پـەروەردگار پێغەمبەرانـی خـۆی ڕەوانـە کـردووە بـۆ ئـەوەی یارمەتـی مرۆڤـەکان بـدەنو پەیامـی خودایـان پـێ ڕابگەیەنـنو ڕێگـەی ڕزگاریو بەختەوەرییـان پـێنیشـان بـدەن.

جـا ئەگـەر مـرۆڤ سـود لـە توانا خوداپێداوەکانـی نـاو دڵو دەرونـیو پەیامـی پێغەمبەرانـی خـودا وەربگرێـت، جوانـیو شـیرینی (بـاوەڕ)و (کـردەوەی چـاك) دەچێتـە نـاو دڵو دەرونیـەوەو لـە ژیانیـدا ڕەنگدەداتـەوەو هەسـت بەشـادیو دڵ ئارامـی دەکات.

وانەی دەیەم: بـــەرەو کوێ دەچــین ؟

ئێمــە زانیـمان کـە لەلایـەن پـەروەردگارەوە هاتوویـن، ماوەیـەك لـە ژیانـدا دەبیـنو دوای ئـەوە وەك یاسـایەکی خودایـی دەمریـنو بەگوێـرەی قورئـان بـۆلای ئـەو دەگەڕێینـەوە.

کەواتـە دەبێـت ئێمـە تێگەیشـتنی خۆمـان بـۆ ژیـانو مـەرگو دوای مەرگیـش فـراوان بکەیـن، مرۆڤـەکان بەگشـتی دەربـارەی (مـەرگ) دوو بۆچوونیـان هەیـە:

بۆچوونی یەكەم:

هەندێـك مـرۆڤ پێیـان وایـە مـەرگ كۆتایـی ژیانـە، هـەر مرۆڤێـك دوای تێپەڕاندنـی تەمەنـی دونیـای، ژیانـی كۆتایـی پـێ دێـتو بەدونیـای نەمـان دەسـپێررێت، ئەوانـەی ئـەم بیـرو بۆچوونەیـان هەیـە، بـەدوو شـێوە كاردانـەوە بەرامبـەر مـەرگ دەنوێنـن:

ئـــ - هەندێكیـان ناتوانـن واز لەبیركردنەوە لە مـردن بهێنـنو خۆیان لە تیاچـوونو نەمانی یەكجارەكـی دوای ئـەو ڕزگاربكـەن، بۆیە هەمیشـە بەرامبەر ئـەوەی كە بە مردنیـان بۆ هەتا هەتـا تیادەچنو ژیانیـان كۆتایی پێ دێـت، دووچـاری شـڵەژانو بێتاقەتی دەبن.

ب - بەشـێكی دیكەیـان دەیانەوێـت بەهیچ شـێوەیەك بیر لـە مردن نەكەنـەوەو ئەم مەسـەلەیە لەبیرخۆیان ببەنـەوە، تا - بەمەزەندەی خۆیـان - بەبێ ئاگابونیان لەمـەرگو فەوتانـی دوای ئەو، خۆیان لە هەسـتی خـراپ بپارێزن.

بەرئەنجامەكانی بۆچوونی یەكەم:

لەبەرئەنجامەكانـی بۆچوونـی یەكـەم گەیشـتنی ژیانـی مرۆڤـە بـە چەقێكـی بـێ ئەنجـامو داخسـتنی پەنجەرەكانـی ئومێـدە بـە ڕوویـدا، ئەمـەش وا لـە هەندێكیـان دەكات دووچـاری جۆرەهـا نەخۆشـی دەروونـی بـبنو ژیانیـان لـێ تـاڵ بێـت.

هەندێكیـان بـۆ ڕزگار بـوون لـەم هەسـتو بیركردنـەوە ناخۆشـانە پەنـا دەبەنـە بـەر هەندێـك كارو ڕەفتـار بـۆ ئـەوەی مـردن لەبیـر خۆیـان ببەنـەوە، بـەڵام ئـەوەش چـاری دەردیـان نـاكات، قورئـان لـەم بارەیـەوە دەفەرموێـت: ((قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا ﴿١٠٣﴾ الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾)) (الكهف ١٠٣-١٠٥).



واتــە: بڵــێ ئایــا هەواڵتــان پــێ بــدەم، کــە زەرەرمەندتریــنو دەســتخەڕۆترین مرۆڤــەکان چــی کەســانێکن؟

ئەوانەن کە ڕەنج بەخەســاربوونو هەوڵو کۆششــیان لــە ژیانی دونیادا ونکــردو تیاچوون، لە کاتێکــدا بەخەیاڵی پوچی خۆیــان وایان زانیوە باشــترین کاریان کردووە.

ئەوانــەی کــە باوەڕیان بەنیشــانەکانی پەروەردگاریــانو گەڕانەوە بۆلای ئــەو نەبوو، بەهۆی ئــەوەوە کردەوەکانیان تیاچوونو لە ڕۆژی دواییشــدا هیچ ســەنگو قورســاییەکیان بــۆ دانانێمو حیســابیان بۆ ناکەم.

لێکۆڵینەوە:

١- کام مەیلــی دەروونییــە، وا دەکات، کــە ئەم دوو دەســتەیە گوێ بە مردن نــەدەن، یاخود ترس لە مــردن بێتاقەتو پەرێشــانیان بکات ؟

٢- ئایا کەسانێك، کە گوێ بە مردن نادەن ڕێگەیەکی دروستیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە؟ بۆچی؟

٣- ئەم بیرکردنەوەو تێڕوانینە چ کاریگەرییەك بەسەر ژیانی مرۆڤەوە بەجێ دەهێڵێت؟



وانەی یازدەیەم: بــەرەو کوێ دەچــین ؟
بۆچوونی دووەم

بــە بۆچوونـــی ئەمان کە شــوێنکەوتووانی ئاینە ئاســمانییەکانن، مــەرگو مــردن بەکۆتایی ژیان نازانـــن، بەڵکو مردن لە لای ئەوان وەك ئاوابوونی خۆر وایە، کە ســبەینێ درەوشـــاوەتر هەڵدێتەوە، مردن لە ڕوانگــەی مرۆڤی باوەڕدارەوە ســەرەتای لــە دایکبونێکی نوێیـــە، لەبەرئەنجامدا مرۆڤ بەهــۆی مردنـــەوە بۆ هەتاهەتایـــە تیاناچێت، بەڵکـــو لەجیهانێکـــەوە دەگوازرێتەوە بـــۆ جیهانێکی باڵاتر. بـــاوەڕداران مردن بـــە قۆناغێکی ڕاگـــوزەری دەزانن، بـــەرەو نەمریو ژیانـــی بێ کۆتایی ئەو دونیـــا. لەبەرئـــەوە بەبیرکردنەوە لە مردن هەراســـانو بـــێ تاقەت نابن.

کەواتـــە مرۆڤ بۆیە بەدیهاتـــووە بۆ ئەوەی بمێنێتـــەوە نەك بۆ تیاچوونو فەوتـــان، مردن تەنها جیهانێکەو دەمانبات بـــەرەو جیهانێکی دیکە.

بەرئەنجامەکانی بۆچـــوونی دووەم:

١- یەکەمیـن بەرئەنجامــی ئــەم بۆچوونــە، کردنــەوەی پەنجــەرەی ئومێدو دورخســتنەوەی تــرسو ڕەشــبینییە لــە مــرۆڤ.

٢- مــرۆڤ هانــدەدات بــۆ ســەرکارو کــردەوەو چالاکــیو باشــتر کردنــی ژیانــی خــۆیو کۆمــەڵ، مــرۆڤ بــەو جــۆرە وزەو توانــاو هیمەتێکــی زۆری هەیــەو هەوڵــی ئــەم مرۆڤــە تەنها بــۆ خــۆی نییــە بەڵکــو بــۆ خوشــگوزەرانی هەمــوو کۆمەڵــە.

٣- لایەنێکــی دیکــەی تێڕوانینــی بــاوەڕداران بــۆ مــردن، نەترســان لــە مــردنو ئامادەیــی و هەوڵدانــە لــە پێنــاو خــوادا، خواپەرســتانی ڕاســتەقینە لــە دونیــادا دەژیــنو بەجوانــیو بەخۆشــیش دەژیــن. بــەڵام دونیاپەرســت نیــن، مــردن بــە بەڵایەکــی گــەورە نازانــن، چونکــە مــردن تەنهــا بــۆ کەســانێك بەڵایــە کــە بــە کۆڵێــك تاوانــەوە دەگەڕێنــەوە بــۆ لای پــەروەردگار.

هەڵبەتــە ئەمــە ئــەوە ناگەیەنێــت کــە خــودا پەرســتان حەزیــان لــە مــردن بێــت، چونکــە خــودای گــەورە بــۆ خــۆی، مرۆڤــی بەوجــۆرە دروســت نەکــردووە، خواپەرســت لــە ژیــان ڕانــاکات ، چونکــە دەزانێــت خــودای گــەورە مرۆڤــی بەدیهێنــاوە بــۆ ئــەوەی ئــەم ســەرزەوییە ئــاوەدان بکاتــەوە، ئــەو لــە خــودا دەپاڕێتــەوە تەمەنێکــی درێــژو پــڕ تەندروســتیو کاری چاکــەی پــێ ببەخشــێت، بــۆ ئــەوەی تــا دواهەناســەی لــە پێنــاو خێــرو خۆشــیی خــۆیو کەســانی دیکــەدا بــژیو خزمــەت بــکاتو بــەوەش بەســـــەری بــەرزەوە بگەڕێتـــــەوە بــۆلای پــەروەردگار.

هــەر بۆیــە لە ئیســلامدا جگــە لــە ژن بــۆ مردنــی پیاوەکــەی، نابێــت پرســە لــە (٣) ڕۆژ زیاتــر بخایەنێت، دەبێــت ئــەو کە ســـا نە ی یەکێکیــان لــێ مــردووە دەســت

بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئیسلام ئاینی مەرگدۆستی نییە، بەڵکو ئاینی ژیاندۆستیو جوانکردنی ژیانە.

مرۆڤی باوەڕدار، کە زۆر لە مردن نەترسا ئەو کاتە دەتوانێت لە دەرخستنی ڕاستیەکانو لەڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکارانو زۆردارانـدا ئازاتر بێت. بە تێکۆشان بۆ چەسپاندنی دادپەروەریو ئازادی لەنێوان مرۆڤەکاندا، لە پێناو خودای گەورەدا تێبکۆشێت.

لێکۆڵینەوە:

١ - مردن لە ڕوانگەی مرۆڤی باوەڕدارەوە سەرەتای لە دایکبونێکی نوێیە.
ئەم بۆچوونە لە چییەوە هەڵقوڵاوە؟

٢ - خودا پەرستان حەزیان لە مردنە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەوە، بە بەڵێ یان نەخێر، وهۆی وەڵامەکەت بنووسە.

٣ - مرۆڤ کە زۆر لە مردن نەترسا ئەو کاتە دەتوانێت لە دەرخستنی ڕاستیەکانو لەڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکارانو زۆردارانـدا ئازاتر بێت.
ئەم دەستەواژەیە شی بکەوە.

وانەی دوازدەیەم: جیهانی ئەمڕۆو بێ ئاگابوون لە ڕۆژی دوایی

لە دونیای ئەمڕۆدا زۆربەی مرۆڤەکان باوەڕیان بەخوداو بەڕۆژی دوایی هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکادا ڕێژەی باوەڕداران لەسەرو (٩٠٪)ەوەیە، مەسیحییەتو ئاینی جولەکەو ئیسلامو سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکان لەسەر بناغەی باوەڕبوون بەخوداو بەڕۆژی دوایی داڕێژراون.

بەڵام ئایا شوێنەواری بڕوابوون بە رۆژی دوایی لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕەنگی داوەتەوە؟

ئایا مرۆڤەکان لە خۆیان پرسیوە، کە ڕۆژێك دێتو ئێمە تێیدا زیندو دەبینەوەو خودای گەورە لەسەر ژیانی ئەم دونیایە لێمان دەپرسێتەوە؟ دەبێت ئێمە چۆن بژینو ئەم باوەڕە چ شتێك لە ژیانی ئێمەدا بگۆڕێت؟

له ڕاســـتیدا گەرچـــی زۆرێك له مرۆڤـــەكان، نكۆڵـــی لـــە بوونی دواڕۆژ ناكـــەنو باوەڕیـــان پێیەتی، بەڵام لـــەو بێ ئاگان، ئەمـــەش ئـــەوە دەگەیەنێـــت كـــەلای هەندێك كـــەس باوەڕ بەدوا ڕۆژ له دڵـــەوە هەڵناقوڵێت، بۆیە شوێنەواری بەســـەر ژیانیانەوە زۆردیـــار نییە.

زانایانـــی ئەمـــڕۆ ئـــەم پرسیارە دەكـــەن، كـــە بۆچـــی ســـەرەڕای ئـــەو هەمـــوو پێشـــكەوتنەی مـــرۆڤ لـــە ڕووی زانســـتیو تەكنەلۆژییـــەوە، بـــەڵام جۆرێـــك لـــە ناهاوســـەنگیو نیگەرانی بەژیانی زۆربەی مرۆڤەكانەوە دیارە؟

بۆچـــی لـــەم جیهانەدا ســـەرەڕای ئـــەو هەمـــوو خێروبێرە، ملیۆنەها برســـیو بـــێ لانە هەنو بەشـــێكی كەم لە دانیشـــتوانی ســـەرزەوی زۆربەی خێـــرو بێركەی بـــۆ خۆیان بـــەكار دەبەن؟

بۆچـــی ئـــەم هەمو شـــەڕو بازرگانی چەكو بازرگانی كـــردن بە مرۆڤ و ماددە هۆشـــبەرەكانو چە ندیـــن دیاردەی دزێـــوی دیكە هەن؟

بـــۆ دەبێـــت ژیانی مرۆڤ له چاخی زانســـتو پێشـــكەوتندا، دەســـتەویەخەی ئـــەم گیروگرفتانە بێت؟ ئایـــا یەكێك لە هۆكارەكانـــی ئەم حاڵەتە بێ ئاگایـــی مرۆڤو لاوازیی بـــاوەڕی ئەو بەڕۆژی دوایی نییە؟

قورئـــان وێنـــەی ژیانی كەســـانێكمان بۆ دەكێشـــێت كە چاویـــان نەبڕیوەتە ژیانێكـــی باڵاتر لە دواڕۆژداو دەفەرموێت:((الَّذِيـــنَ اتَّخَذُواْ دِينَهُـــمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُـــمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَـــاهُمْ كَمَا نَسُـــواْ لِقَاء يَوْمِهِـــمْ هَذَا وَمَا كَانُـــواْ بِآيَاتِنَـــا يَجْحَدُونَ))(الاعراف ٥١).

واتـــە: ئەوانـــەی كە ئاینـــی خۆیان كرد بـــە گاڵتەجاڕی، ســـەرگەرمیی ژیانی دونیـــا فریوی دان، ئەمـــڕۆ (واتـــە ڕۆژی دوایی)ئـــەوان لە بیرخۆمـــان دەبەینـــەوە، وەك چۆن ئەوان دیـــداری ئەم ڕۆژەیـــان لەبیر خۆیان بـــردەوە و نكوڵییان لـــە ئایەتو بەڵگـــەو نیشـــانەكانی ئێمە دەكرد.

تێڕامان:

١- بۆچی کەسانێك سەرەڕای ئەوەی کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەیەو لە ڕووی فیکرییەوە لایان پەسەندە، هەوڵێکی وا بۆ ئەودونیایە نادەنو بەجۆرێك ڕەفتار دەکەنو دەژین، وەك ئەوەی دونیایەکی لەو جۆرەیان لە پێش نەبێت؟

٢- ئایا بێ ئاگابوون لە دواڕۆژ، یەکسانە بە پشتگوێ خستنی ژیانی دونیاو دواکەوتوویی؟

٣- بەخوێندنەوەو سەرنجدان لە ئایەتەکانی (٣٢ -٣٧)ی سورەتی (المؤمنون)ئەوە ڕوونبکەرەوە ئەم ئایەتانە کام بۆچوونمان دەربارەی مەرگ بۆ لێکدەدەنەوەو ڕوون دەکەنەوە:((فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقَاءِ الْآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾)) (المؤمنون ٣٢-٣٣).

پێشنیاز:

١- بگەڕێرەوە بۆ یەکێك لەسەرکردەو خواناسە گەورەکانو بزانە ئەوان چۆن بیریان لە ژیانو مردن کردۆتەوە؟

٢- بگەڕێرەوە بۆ وەسێتنامەی سەرکردەی شەهید(قازی محمد)و بزانە وەك باوەڕدارێكو تیکۆشەرێك لە پێناو مافی میللەتەکەی چۆن بیری لە مردنو شەهید بوون کردووەتەوە.



وانەی سێزدەیەم: بەڵگەکانی بوونی ڕۆژی دوایی (الاخرة)

زۆرن ئـــەو بەڵگانەی ژیانێکی باڵاتر لەجیهانێکی دیکەدا دەســــەلمێنن، کە پێی دەوترێت(ڕۆژی دوایی).

ســـەرەتا با لە قورئانەوە دەســـت پێ بکەیـــن و بزانین خودای گەورە بە چ شـــێوازێك ئەم پرسەمان بۆ دەخـــــاتە ڕوو؟

خــــودای گـــەورە دەفەرموێت:((اللّهُ لا إِلَـــهَ إِلاَّ هُـــوَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَـــوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْـــبَ فِيهِ وَمَنْ أَصْـــدَقُ مِنَ اللّهِ حَدِيثًا))(النســـاء ٨٧).

واتـــە: خـــودای گـــەورە تـــاكو تەنهایە، جگە لـــە ئەو هیچ خـــوداو پەرســـتراوێکی دیکـــە نییە، بەدڵنیاییـــەوە لـــە ڕۆژی دواییـــدا کۆتـــان دەکاتەوە، چ کەســـێك لە خـــودای گەورە ڕاســـتگۆترە؟!

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت:((وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾))(ص ٢٧-٢٨).

واتە: ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی وا لەنێوان ئەواندایە، بەبێ هودە بەدیمان نەهێناون، بۆچوونی وا، گومانی بێ باوەڕانە، جا وەی بەحاڵی بێ باوەڕان لەو کاتەدا کە دەخرێنە ئاگرەوە. ئایا بڕیاردەدەن، ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاك دەکەن، وەك ئەوانە وابن کە خەریکی خراپە نانەوەن لە زەویدا؟ یاخود خۆپارێزان وەك تاوانباران لێبکەین و وەکو یەك حسابیان بۆ بکەین؟!

ئەم چەند ئایەتەی سەرەوە ئامانجدار بوونی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی و بوونی حیکمەت لە بەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەویو مرۆڤدا، دەکات بەبەڵگەی ڕۆژی دوایی. بەواتایەکی دیکە بڕوا نەبوون بە ڕۆژی دوایی یەکسانە بەوەی بوترێت هەرچی حیکمەتو ئامانج هەیە لەم بونەوەرو ژیانەدا نییەو هەر هەمووی بێ هودەو پڕو پوچەو ڕێکەوت بەڕێوەی دەبات، کە هەرگیز مرۆڤێك جوان بیربکاتەوە شتی لەو جۆرە ناڵێت.

عەقڵی مرۆڤ و بەڵێنی پێغەمبەران:

عەقڵ بە مرۆڤ دەڵێت ئەگەر ئەگەری مەترسییەك لە ئارادا بوو خۆلادان لێی پێویستە، گەر وایەرێکی کارەبا بەسەر دیواری ماڵەکەمانەوە بێتو کەسێك پێمان بڵێت دەستی لێنەدەی کارەبای تێدایە، دەستی بۆنابەین. گەرچی ئەگەری ئەوەش هەیە کە قسەی ئەو کەسە ڕاست نەبێت و کارەبای تێدانەبێت، ژیانی دواڕۆژیش کە بەختەوەریی یاخود بەدبەختی هەتاهەتاییە، عەقڵ داوای ئەوەمان لێ دەکات بەجدییەوە وەریبگرین، ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرجەم پێغەمبەرانی

خودا(سـەلامی خوایـان لەسـەربێت) مرۆڤەکانیـان بـۆ باوەڕهێنـان بەژیانـی دواڕۆژ بانگکـردووە، چونکـە بـاوەڕ بـە ڕۆژی دوایـی بەشـێکە لـە باوەڕبـوون بەخـودای گـەورەو تەواوکـەری ئـەوە، قورئانیـش ئەوەنـدە بـە بڕشـتانەو ڕاشـکاوی باسـی ڕۆژی دواییـمان بـۆ دەکات، کـە جێگـەی هیـچ گومـانو دوو دڵییـەك ناهێڵێتـەوە، قورئـان دوای باوەڕهێنـان بەخـودای گـەورە گەورەتریـن بایەخـی بـە ڕۆژی دوایـی داوە.

بیرکردنـــەوە:

کاتێـــك دەبینین پێغەمبەران، کە ڕاســتگۆترین مرۆڤــەکان بوونو هەواڵی جیهانــی دواڕۆژیان داوە، پێویســتە لــە ڕووی عەقڵیەوە چ بڕیارێکی شایســتە بدەینو چــۆن ڕەفتار بکەین؟

دواڕۆژ لە دوتوێ دادپەروەری خوداییدا:

دادپـەروەری، یەکێکــە لە ســیفاتە خوداییەکان، خودای گــەورە دادپەروەرەو جیهانی لەســەر بناغــەی دادپەروەری دروســت کردووە.

لـەم ڕوانگەیـەوە خـودای گـەورە بەڵێنـی داوە کـە هەمـوو کـەس بگەیەنێـت بـەوەی کـە شایســتەیەتیو بــە دادپەروەرانــە بجوڵێتــەوە، ژیانــی دونیــاش بەسروشــتی خــۆی، شــوێنی بەدیهێنانــی ئــەم وادە خودایــە نییــە، چونکــە:

١ - تەمەنـی مـرۆڤ کـورتو سـنوردارە، زۆرێـك لـە مرۆڤـەکان پێـش ئـەوەی بەرئەنجامـی کارەکانـی خۆیـان بـە تـەواوی ببینـن، کۆچـی دوایـی دەکـەن.

٢ - پاداشتی زۆر کردەوە لەدونیادا نادرێتەوە، وەك پاداشتی شەهید.

٣ - مرۆڤێـك کـە خزمەتـی بـە خەڵکانێکـی زۆر کـردووە، لەبـەر کورتـی تەمەنـی لەدنیـادا پاداشـتەکەی بـۆ مەیسـەر نابێـت.

٤ - سـزادانی کەسـانێك کـە سـتەمیان لـە کەسـانی دیکـە کـردووە، بۆنموونـە کەسـانێکیان کوشـتووە، لـەم دونیایـەدا پیـادە ناکرێـت.

٥ - بەهـۆی سـتەمی کەسـانی دیکـەوە، هەندێـك کـەس دەرفەتـی گەشـانەوەو پێشـکەوتنیان لـە دەسـت دەچێـتو دووچـاری جۆرەهـا ناخۆشـی دێـن، کـە لـەم دونیایـەدا حیسـاب بـۆ هەمـوو ئەوشـتانە ناکرێـت، لەبـەر ئـەوە:

ئـ- دونیـا بەجۆرێکـە، کـە مرۆڤـەکان ناتوانـن بەرئەنجـامو بەرهـەم و کردەوەکانـی خۆیـان بەتەواوەتـی دەسـتبکەوێتەوە.

ب- ئـەو سـتەمانەی کـە هەندێـك لـە هەندێکـی دیکـەی دەکـەن، بەشـێوەیەکی تـەواو لـەم جیهانـەدا قەرەبـوو ناکرێنـەوە.

وانەی چواردەیەم: مەنزڵگەی دوایی

ئایە مرۆڤەکان دوای مردن دەچنە جیهانی دواییەوە، یان پێش دەستپێکردنی ژیانی ئەو دونیا، قۆناغێکی دیکەیان لە پێشەو دەبێت پێیدا بڕۆن؟ ئایا قۆناغی دوای مردن قۆناغی بێ ئاگاییە؟ باپێش هەموو شتێك لە ڕوانگەی چەند ئایەتێکی قورئانییەوە سەیری ئەم پرسە بکەین و بزانین مەنزڵگەی دوایی مرۆڤ کوێیەو چی بەسەردا دێت، هەڵوێستی مرۆڤەکان، کە لەچۆنییەتی ژیانی ئەم دونیایەیانەوە سەرچاوەی گرتووە چییە؟

١ - خـــودا دەفەرمویـــت:((حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُـــونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْــتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُـــوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَـــرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُـــونَ ﴿١٠٠﴾)) (المؤمنون ٩٩ - ١٠٠).

واتــە: کاتێـك مــردن بەیەکێـك لەوانــە بـگات (ئەوانــەی چاکەکارنەبوون)دەڵێـت: پــەروەردگارم بمگێـڕەوە بـۆ دونیـا، بەڵکـو ئـەو کارە چاکـەی کاتـی خـۆی لەدەسـتم چـووە لەدنیـادا بیکـەم. نەخێـر ئـەوە تەنهـا قسـەیە، هەرگیـز ئـەو داخوازییـە جێبەجـێ نابێـت، تـا ڕۆژێـك زینـدوو دەکرێنـەوە، لەمپەرێکـی زۆر گەورەیـان لەپێشـدایە و ناتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ دونیـا، واتـە هەرگیـز ناگەڕێنـەوە و هـەر لەسزاشـدا دەبـن. ڕاڤەکارانـی قورئـان دەفەرمـون: پـاش مـردن حاڵەتـی (بـەرزەخ) دێـت، کـە لەنێـوان دنیـا و قیامەتدایـە.

٢- خـــودا دەفەرمویت:((إِنَّ الَّذِيـــنَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَـــةُ ظَالِمِي أَنْفُسِـــهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُـــمْ قَالُواْ كُنَّا مُسْـــتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالْـــوَاْ أَلَـــمْ تَكُنْ أَرْضُ اللّهِ وَاسِـــعَةً فَتُهَاجِـــرُواْ فِيهَا ﴿٩٧﴾ إِلاَّ الْمُسْـــتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَـــاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْـــتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَـــبِيلاً ﴿٩٨﴾))(النســـاء ٩٧- ٩٨). واته: ئەوانـــەی کە فریشـــتەکان گیانیان دەکێشـــن، لـــە کاتێکدا بەرامبـــەر بەخۆیان ســـتەمیان کردووە، پێیان دەڵێـــن: ئێوە لە کـــوێ بوون؟

دەڵێن: ئێمە لە زەویدا ڕەشو ڕوتو بێ دەسەڵات بووین.

پێیان دەڵێن: ئایا زەوی خودا فراوان نەبوو تاکو بەو حاڵە ڕازی نەبنو کۆچی تێدا بکەن؟

ئەوانە مەنزڵگەیان دۆزەخە کە چارەنووسێکی یەکجار نالەبار و خراپە.

٣- خودا دەفەرمویـــت:((الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُـــمُ الْمَلآئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَـــلامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُـــواْ الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُـــونَ))(النحل ٣٢).

واتـــە: چاکەکاران کاتێك فریشـــتەکانی خودا گیانیان دەکێشـــن دەڵێن ســـڵاوی خواتـــان لێ بێت، بڕۆنە بەهەشـــتەوە لەبەرامبەر ئەو کردەوانـــەی کردوتانە.

٤- خودا دەفەرمویت:((: فَوَقَاهُ اللَّهُ سَـيِّئَاتِ مَـا مَكَـرُوا وَحَـاقَ بِـآلِ فِرْعَـوْنَ سُـوءُ الْعَـذَابِ ﴿٤٥﴾ النَّـارُ يُعْرَضُـونَ عَلَيْهَـا غُدُوًّا وَعَشِـيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّـاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَـدَّ الْعَـذَابِ ﴿٤٦﴾)) (غافر ٤٥ - ٤٦).

واتە: خراپترین ســزا دەوری دارودەســـتەکەی فیرعەونـــی دا. ئەوانەی هەمـــوو بەیانیو ئێوارەیەك دەخرێنـــەڕوو و ئاگریان نیشـــان دەدرێت، کاتێکیـــش ڕۆژی دوایی بەرپابوو (فەرمـــان دەکات) کە داروودەســـتەی فیرعەون بخەنە خراپترین ســـزاو ئەشکەنجەوە.

پەیامی ئایەتەكان:

١- مرۆڤەكان لەكاتـــی مردندا ئەو هۆشـــیاریو توانایەیان هەیە، كە بتوانـــن گفتوگۆ لەگەڵ خودای گەورەو فریشـــتەكان بكەنو وەڵامی ئەوان بدەنەوە .

٢- مـــرۆڤ دوای مردن دەچێتـــە دونیایەكەوە كە پێـــی دەوترێت (بەرزەخ)، تـــا بەرپابوونی قیامەت لـــەو جیهانەدا دەمێنێتەوە، كـــە قۆناغێكە لەنێوان مـــردنو ڕۆژی دواییدا.

٣- مـــرۆڤ دوای مـــردن لە دۆخێكـــدا دەبێت، كە پەی بە فریشـــتەكان ببـــات و گفتوگۆیان لەگەڵدا بكات .

٤- چالاكی جەســـتەی مرۆڤ لـــە بەرئەنجامی پەیوەنـــدی ئەوەوەیە بەڕۆحەوە، لـــەم ڕووەوە كاتێك ڕۆحـــی مرۆڤ لەلایەن فریشـــتەكانەوە وەردەگیرێتەوە، جەســـتە چالاكیو ئـــەو وزەیەی هەیەتی لە دەســـتی دەدات، بەڵام گیـــان(ڕۆح) لەچالاكی هۆشـــیارانەی خۆی هەر بـــەردەوام دەبێت.

٥- قۆناغـــی یەكەمی پاداشـــت دانەوەی بـــاوەڕدارانو ســـزادانی بێ باوەڕان، هەر لـــە بەرزەخەوە دەست پێدەكات.

٦- جیهانـــی بەرزەخ ئەو ســـنوردارییەی ئەم جیهانـــەی نیە، مرۆڤ دەتوانێت پەی بەهەندێك شـــت بەرێت كە لـــەوەو پێش ئەو توانایـــەی نەبووە.

چەند پرسیارێك:

یەكـەم- چ لێكچونێك لە نێوان دونیاو بەرزەخ لەلایەكـەوەو بەرزەخو ڕۆژی دوایی لەلایەكی دیكـەوە هەیەو لە ئارادایە؟

١-

٢-

٣-

٤-

دووەم - چ شتێك لە دونیاوە لەگەڵ مرۆڤ دەڕوات بۆ بەرزەخو لەو جیا نابێتەوە؟

١-

٢-

٣-

٤-

وانەی پازدەیەم: سەرەنجام و ئاکامی کار

مـرۆڤ لـە دونیـادا کۆچـی دوایـی دەکاتو دەڕوات، بـەڵام ئاسـەواری کارو کردەوەکانـی ئـەو هەردەمێنێـتو نافەوتێـتو کاردەکاتـە سـەر ژیانـی مرۆڤەکانـی دوای خـۆی.

خودا دەفەرموێت: ((يُنَبَّأُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ))(القيامة ١٣).

واتـە: لـەو ڕۆژەدا (واتـە ڕۆژی دوایـی) مـرۆڤ هەواڵـی پـێ دەدرێـت دەربـارەی ئـەوەی پێشـی خسـتووەو ئـەوەی دوای خـۆی بەجێـی هێشـتووە.

خـودای گـەورە لـەم بارەیـەوە دەفەرموێت:((إِنَّـا نَحْـنُ نُحْيِـي الْمَـوْتَى وَنَكْتُـبُ مَـا قَدَّمُـوا وَآثَارَهُـمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَـاهُ فِي إِمَـامٍ مُبِـينٍ)) (يـس ١٢).

واتـە: ئێمـە مـردووەکان زینـدوو دەکەینـەوە، ئـەو کارو کردەوانـەی پێش خۆیـان خسـتووەو ئـەو شـوێنەوارەش لـە دوای خۆیـان بەجێـی دەهێڵـن دەینوسـینو تۆمـاری دەکەیـن، هەمووشـتێکمان لـە کتێـب و نامەیەکـی ئاشـکرادا ئامـادە وتۆمارکـردووە.

پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکدا لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات:((من ســنّ في الاســلامِ سُــنّة حســنة فلهُ اجرها واجرُ من عملَ بها الى يومِ القيامةِ ومن ســنَّ سُــنّة ســئية فعليــهِ وزرها ووزر من عمل بها الى يــومِ القيامةِ)).

واتــە: هەر کەس ڕێبازو نەریتێکی چاك نیشــانی خەڵکــی بداتو لەناو کۆمەڵــدا بڵاوی بکاتەوە، تا ئــەو ڕۆژەی کار بەو ڕێبازە چاکە بکەن، ئەویش لەو چاکەکردنەدا بەشــدارە، بە پێچەوانەشــەوە ئەگەر مرۆڤ ڕێو ڕەســمێکی خراپ دابهێنێــتو خەڵکی چاوی لێبکەنو بەهــۆی ئەوەوە دوچاری تاوانو خراپە بــبن، تا ئەو ڕۆژەی لەناو خەڵکیــدا کاریگەری بمێنێت لەو تاوانانەدا بەشــدارە.

ئەمــەش وا لە بــاوەڕدار دەکات لە بیرکردنەوەو قســەو ڕەفتاریدا هۆشــیار بێــتو لە خەمی ئەوەدا بێت هەمیشــە پێشــەنگو سەرمەشــقو ڕەمزی چاکە خوازیو مرۆڤ دۆســتی بێتو خۆی ڕەفتــار بەرز بێتو هەوڵبــدات خەڵکیش بەهەمان شــێوە بن.

قورئانــی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا مرۆڤ هۆشــیار دەکاتەوە، کە تەنهــا بەرامبەر ئەوکردەوانە لێپرسراو نییە کە خۆی ڕاســتەوخۆ ئەنجامیــان دەدات، بەڵکو بەرامبەر هەموو ئەو ئاســەوارانەش بەرپرســە لە دوای خۆی بەجێیان دەهێڵێت.

ئــەوەی کردەوەکانــی مرۆڤیــش لە ڕۆژی دواییدا دەکێشــێت خــودای گــەورە خۆیەتی، کە کێشــەرێکی وردو دادپەروەرە، لە هەمانکاتدا میهرەبانو بەخشــندەیە. لە دادگای خودادا هەرکەس بە تەنهــاو لەگــەڵ کردەوەکانی خۆیدا ئامــادە دەبێت.

١ - شــوێنی خراپــەکاران:

دوای کۆتایــی هێنانــی دادگا، دۆزەخییەکان دەستەدەســتە بەرەو دۆزەخ پەلکێــش دەکرێن، لەوێ پەشــیمان دەبنەوەو حەسرەت هەڵدەکێشــن بۆچــی ژیانی دونیایــان بەو جۆرە بەســەر برد، کە دووچــاری ئەم ڕۆژو چارەنووســەیان بــکات، داوا لە خودای گــەورە دەکــەن کەبیانگێڕێتەوە بۆ دونیا بۆ ئــەوەی بەجۆرێکی دیکە بژینو بەهەشــت مســۆگەر بکەن، بەڵام تــازە دەرفەتی ژیانی دونیایان لەدەســت چووە، داوا دەکەن ســزایان لەســەر ســوك بکرێت بەڵام بــێ هودەیە.

بـاوەڕدار کـە ئـەم چارەنووسـەی لەبـەر چـاوە هۆشـیار دەبێتـەوە. لاوان دەبێـت هەوڵبـدەن لاوێتـی خۆیـان لـە هەندێـك کاری وەهـادا بەسـەر نەبـەن، کـە سـودی ئـەم دونیـاو ئـەو دونیـای

تێدا نەبێت، هەروەها دەبێت خۆیان بەدووربگرن لە (خواردنەوەی مەیو ماددەهۆشبەرەکانو قومارو داوێن پیسیو درۆو دووڕوویيو فێڵکردنو ئازاردانی کەسوکار و خراپە کردن لەگەڵ هاوڕێو دۆستو سەرجەم مرۆڤەکان). نابێت ڕێگە بدەن کەس بیر لەوە بکاتەوە بۆ خراپەکاریو تۆقاندنی خەڵكو ئامانجی خراپ بەکاریان بهێنێت، چونکە خودای گەورە عەقڵی پێ بەخشیوینو لێپرسراوین بەرامبەر خۆمانو خێزانەکانمانو کۆمەڵ و لەسەر کردەوەکانمان لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت.



٢- شوێنی چاکەکاران:

چاکەکارانو ڕزگاربووان بەرەو بەهەشتی خودایی دەبرێن، بەهەشت لە پێشوازییاندا دەبێتو بە گەیشتنیان دەرگاکانیان بۆ دەکرێنەوە، بە سڵاو پێشوازییان لێ دەکرێتو مژدەیان پێ دەدرێت، بەرامبەر کردەوە باشەکانی دونیایان بۆ هەتاهەتایە لە نازو نیعمەتی ئەم بەهەشتەدا دەمێننەوەو هەرگیز نامرنو لە لوتکەی بەختەوەریدا دەبن، هەرچی دڵیان بیخوازێت بۆیان ئامادە کراوە، هەرچی غەمو پەژارەو ناخۆشییە لە بەهەشتدا بوونی نییە.

گفتوگۆ :

١ - كام جــۆر لەكاروكـــردەوە، بەو كارو كردەوەيـــە دادەنرێت، كە مرۆڤ پێـــش خۆی دەينێرێتو كامەشـــيان بە ئاسەوارو شـــوێنەواری ئەو دادەنرێت ؟

٢ - جارێكـــی ديكە بير لە خۆت بكەرەوە، توانا شـــاراوەكانی خۆت زياتر بـــدۆزەرەوەو بەخێراتر لە ڕێـــی ئەنجامدانی كاری چاكو بـــاش لە ژيانەوە بەرەو بەهەشـــت بڕۆ، نەخشـــە دابنێ، بۆئەوەی زۆرتر ســـوود لە تواناكانت وەربگريتو ببيتـــە نموونەی مرۆڤێكی چاكەخـــوازو ئامانج بەرز.

٣ - چی لەم ئايەتانە تێگەيشتينو چ كارێك دەكەنە سەر مرۆڤی باوەڕدار؟

بيركردنەوەو لێكۆڵينەوە:

١-ئامادەكردنی گەواهيدەران لە ڕۆژی دواييدا بۆ چييە؟

٢- بەهۆی چ شتێكەوە مرۆڤ لە ڕۆژی دواييدا هيچ ستەمێكی لێ ناكرێت؟

پێشنياز:

باســـی هەندێـــك لـــەو چاكەكارانـــەی شـــارەكەت ياخود گوندەكەت بكە، كە شـــوێنەواری خێرو چاكەيان لـــەدوای خۆيان بەجـــێ هێشـــتووەو خەڵكيـــی هەميشـــە بەچاكە ناويان دەبەن؟

بەشی دووەم
ناساندنێکی گشتیی ئیسلام

وانەی شازدەیەم: دەرکەوتنی ئیسلام و هاتنی پێغەمبەر(د.خ)

چیرۆکی سەرهەڵدانی ئیسلام لە هاتنی پێغەمبەری مەزن(محمد) (د.خ)دەست پێدەکات، لەوکاتەوە کە خودای گەورە قورئانی ناردە سەر دڵە پڕ سۆزو خۆشەویستەکەی، کە بە بەرنامەی ژیانی موسوڵمانان دادەنرێت، بۆ ئەوەی ڕێنمایی هەموو مرۆڤایەتی بکات لە هەموو کاتو شوێنێکدا بۆ سەر ئاینی پاکی ئیسلام، وەك خودای گەورە دەفەرموێت:((الَر كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ))(ابراهیم ١).

واتە: سوێن بە هەر سێ پیتی (ا.ل.ر)ئەم پەیامەی کە بۆمان ناردوویت، بۆ ڕزگارکردنی خەڵکە لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی بەپشتیوانی خودای گەورە، بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکات

بۆ ڕێگەیەکی بەرزی سوپاسکراو، هەروەها خودای گەورە بڕیاری داوە کە ئەم پەیامە بپارێزێتو هەتا ڕۆژی هەڵسانەوەش کەس ناتوانێت لەناوی ببات .وەك دەفەرموێت: ((إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)) (الحجر ٩).

واتە: ئێمە ئەم پەیامەمان ناردووەو ئێمە خۆشمان دەیپارێزین. لەدوای قورئانیش فەرموودەکانی پێغەمبەرمان هەیە کە بەهۆیەوە یاساو شەریعەتی ئیسلامی لێ وەردەگیرێت.

ئیسلام سەرەڕای ئەوەی کە ئاینێکە لە هەمان کاتدا شارستانیەتو کولتورو پەیامێکی چاکسازییە، سەرچاوەیەکیشە بۆ زانستو مەعریفە.

پێغەمبەر (د.خ) نێردراوێکی بەڕێزی خودای گەورەو چاکسازێکی جیهانییە، خاوەنی پەیامێکی گەورەی ئاسمانییە، لە سەرەتادا توشی ڕوبەڕوبوونەوەیەکی سەخت بوو لەگەڵ خەڵکی نەفامو ستەمکاردا، چونکە لەلایەك نەیاندەویست واز لە بتپەرستیو ڕەوشتە خێڵەکییەکانیان بهێنن، لەلایەکی دیکەش ستەمکاران زۆر لە دادپەروەریی ئیسلام دەترسان، چونکە ئیسلام بانگی مرۆڤی دەکرد بۆ یەکتاپەرستیو پەیوەستکردنی مرۆڤ لە ڕووی ڕۆحیو جەستەییەوە بەخوداوە، کە پێویستی بە هیچ شتێك نەبوو، بەڵام لەبیروباوەڕەکانی پێشودا دەبوایە بەهۆی بتێکەوە یان کەسێکەوە بگەشتنایە بە خودا، لەبەر ئەوەی ئیسلام بانگەشەی بۆ ئازادی مرۆڤ دەکردو هەمووی بەیەك چاو سەیر دەکردو کەسی بەگەورەتر نەدەزانی، لەبەر ئەوە ستەمکارو دەرەبەگو خاوەن بەرژەوەندییە جۆر بەجۆرەکان دژایەتییان دەکرد، هەتا گەیشتە شەڕو کوشتار، هەر بەهۆی بەرگری کردنی پێغەمبەری خوداو پەیامەکەی لەخەڵکی چەوساوەو هەژارو نەدارو کۆیلەکان، ناچاریان کرد، خۆشەویسترین نیشتیمانی خۆی کە(مەککە) بوو بەجێی بهێڵێت، لە دوای هەشت ڕۆژ بە ڕۆیشتن بە بیابانو کەژو کێوەکاندا، لە ١٦ڕەبیعی یەکەم واتە (٢٠ /١١/ ٦٢٢) ز گەیشتە شاری مەدینە، ئەم

ڕوداوە نـــاو دەبرێـــت بـــە (كـــۆچ)، كـــە ڕوداوێكـــی گەورەیـــە لـــە مێـــژووی ئیســـلامدا، چونكـــە بـە سـەرەتای پتەوبـوونو ڕەگ داكوتانـی ئیسـلام دادەنرێـت، لـــە ســـەردەمی عومـــەری كـــوڕی خەتابیشـــدا ئـــەم ڕۆژە كرایـە سـەرەتای سـاڵی كۆچی بـۆ موســـوڵمانان.



ب - پێناسەی ئیسلام:

ئیســـلام: ئەو بەرنامە و ڕێبازەیـــە، كەدەبێت ملكەچی بین و خودای گەورە بەتاك و تەنها بپەرســـتین و فەرمانەكانـــی جێبەجـــێ بكەین و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەین. ئیســـلام: ئەو ئاینەیـــە كەخوای گەورە بۆمرۆڤایەتـــی ناردووە، وەك دەفەرموێت:((إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْـــلاَمُ) (آل عمران ١٩) .

ئیســـلام بەمـــانا تایبـــەتییەكەی:

ئاســـتی تێگەیشـــتنی گەلان بـــە درێژایی مێژوو لەگۆڕانـــدا بووە، لەبەرئـــەوەی هەتا مرۆڤایەتی بەرەو ســـەرەوە هاتبێت، ئاستی زانســـت وزانیاری پێشـــكەوتووە، لەگەڵیدا مرۆڤیش بەرەو پێشكەوتن هەنگاوی نـــاوە، لەبەر ئەوە خـــودای گەورەش بۆهەر زەمـــان و ژینگەیـــەك پێغەمبەرێكی ناردووە، كاتەكەشـــی بۆدیاری كردووە، لەبەر ئەوە خودای گـــەورە زانابووە بەوەی، كەئەم ســـەردەمەی ئێمە ســـەردەمی زانســـت وپێشـــكەوتنو تەكنەلۆژیا دەبێت، لەبەر ئـــەوە ئاینێكی نـــاردووە كەلە هەموو ڕووەكانـــەوە تەواوبێـــتو موعجیزەی ئەم ئاینەش قورئانو زانســـتەو یەكەم ئایەتیشـــی بە وشـــەی (اقـــرأ)، واتە بخوێنە دەســـت پێدەكات.

ئاینی ئیسلام ، تایبەت نییە بەژینگەیەكو نەتەوەیەك، بەڵكو بۆ هەموو گەلانی سەرزەوی بەبێ جیاوازی هاتووە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت:((وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)) (الانبیاء١٠٧).

واتە: ئێمە پێغەمبەرمان ناردووە هەتا سۆزو بەزەیی بێت بۆهەموو جیهانیان.

لەبەرئەوە ئەم ئاینە، بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بەبێ جیاوازی و تێیدا كەس لەكەس گەورەتر نییەو هیچ نەتەوەو ڕەنگێك ڕێزی زیاتری نییە بەسەر ئەوی دیكەدا، تەنها بەكردەوەی چاك وخواپەرستی و خۆپارێزی لە تاوان نەبێت.

پرس:

بۆچی ئاینە ئاسمانییەكانی پێشوش بە ئیسلام ناو براون؟

گفتوگۆ:

ناوی ئیسلام پەیوەندی بە ئاشتی خوازییەوە چییە؟

وانەی حەڤدەیەم: گرنگترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام

یەکەم -خودایی بوون (الربانیە):

واتە: ئاینی ئیسلام سەرەتاو کۆتایی‌و پێکهاتەی پەیامەکەی هەمووی لەخوداوەیە، خودایی بوونی شەریعەتی ئیسلامیش لەدوو ڕووەوەیە:

١ - خوداییبوونی سەرچاوەی پەیامەکەی:

واتـــە بەرنامەی ئیســـلام، ئـــەو ئامانجانەی کـــە دیاری کـــردووە پێی بگات، لەلایـــەن خوداوە دیـــاری کراوە کـــە بریتییە لـــەو قورئانەی کە بـــۆ پێغەمبـــەر (د .خ) نێرراوە.

ئـــەم پەیامە خوداییە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی واقیعی ئەو شـــوێن‌و خەڵکەشـــدا کـــە یەکەم جار لێی دابەزیوە، لەســـەر ئاســـتی بنەماو بەها باشـــەکانیدا، کاریگەری هیچ خێڵاو نەتـــەوەو چین‌و توێژو حیـــزب‌و گەلێکی بەســـەرەوە نییـــە، بەڵکو بە ویســـتی خودا داڕێـــژراوەو مەبەستیشـــی ڕێنمایی‌و ڕۆشـــن کردنەوەی ژیانە بۆ مرۆڤ ، هەروەها هەڵقوڵاوی ســـۆزو میهرەبانـــی‌و جوانی‌و لێبوردەییە.

خـــودای گـــەورە دەفەرموێـــت:((يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ قَـدْ جَاءَكُـم بُرْهَـانٌ مِّـن رَّبِّكُـمْ وَأَنزَلْنَـا إِلَيْكُـمْ نُـورًا مُّبِينًـا)) (النســـاء ١٧٤).

واتـــە: ئێوە لەلایـــەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەیەکتان بۆ هاتـــووەو ڕوناکییەکی ئاشـــکرامان بۆ ڕەوانە کردوون .

٢ - خوداییبوونی ئامانجەکان:



لـــە دوای بانگەشـــەکردن بـــۆ ژیانێکـــی ســـەربەرزانە لـەم دونیایـەدا، کۆتـا ئامانجـی ئیسـلام ئەوەیـە کـە مـرۆڤ پەیوەسـت بێـت بـە خـوداوە‌و ڕەزامەنـدی خـــودای دەســـت بکەوێـــت، هەروەهـــا دەبێـــت ئامانجـــی کۆتایـــی مرۆڤیـــش هـــەر ئـــەوە بێـــت کـــە بتوانێـــت لەژیانـــی دونیـــادا ڕەزامەنـــدی خـــودا بەدەســـت بهێنێـــت، وەك دەفەرموێـــت:

((يَـا أَيُّهَـا الْإِنسَـانُ إِنَّـكَ كَادِحٌ إِلَى رَبِّـكَ كَدْحًـا فَمُلَاقِيـهِ)) (الانشـقاق٦).

واتـــە: ئـــەی ئادەمیـــزاد تـــۆ لـــە هـــەوڵ‌و ڕەنجداندایـــت بەرەو پـــەروەردگارت، پێشـــی دەگەیـــت.

دووەم -مرۆڤبوون:

مەبەست لە مرۆڤبوون، واتە مرۆڤ لەم ئاینەدا ڕێزو پایەیەکی گرنگی هەیە، ئامانجی گەورەی ئیسلام بۆ ئەوەیە مرۆڤ بەختەوەر بکاتو مافەکانی بۆ بگێڕێتەوە. پێغەمبەری خودا مرۆڤێك بووە وەك ئێمە، خودای گەورە قورئانی بۆ ناردووەو بە پاکی گەیاندوویەتی بە ئێمە، لە پەیامی هەموو پێغەمبەراندا مرۆڤ ئامانجی سەرەکییە، سەرەتا بانگی دەکات بۆ پەرستنی خودا بەتاك و تەنیایی، پاشان کاریان کردووە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکانو بانگەشەکردنیان بۆ برایەتیو دورکەوتنەوە لە زوڵمو زۆر، بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی بژین.

گرنگترین بنەماکانی ڕێزگرتنی مرۆڤ لەئیسلامدا:

١ - جێنشینی لەسەر زەویدا:

خودای گەورە ڕێزی لەمرۆڤ گرت کاتێك کە کردییە جێنشین و ئاوەدان کردنەوەی زەوی پێ سپارد، بۆ ئەم مەبەستەش عەقڵاو زانیاریی پێ بەخشیو لەسەرو فریشتەکانەوە ڕێزی بۆ دانا.

٢- دروست کردنی لەجوانترین شێوەدا:

خودای گەورە مرۆڤی لەجوانترین شێوەدا دروست کردووە و لەهەموو گیانەوەرانی دیکە شێوەی ڕێکترو جوانترە.

٣- ڕۆحی مرۆڤ بەشێکە لەڕۆحی خودا، کە کردوویەتی بەبەری مرۆڤدا:

خودای گەورە دەفەرموێت:((فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا)) (التحریم١٢) بەمەش مرۆڤ بووە بەخاوەنی ڕێزێکی گەورەو بە ئاسانی دەتوانێت بگات بە خودا، ئەگەر ئەو ڕۆحە بە تاوانکردن پیس نەکات.

٤- هەمووبونەوەری خستووەتە ژێر دەستی مرۆڤ:

خـــودای گەورە دەفەرموێت:((وَسَـــخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّـــمَاوَاتِ وَمَـــا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًـــا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِـــكَ لَآيَـــاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّـــرُونَ)) (الجاثية ١٣) یەكێـــك لەڕێزەكانی خودا بۆ مـــرۆڤ ئەوەیە، كە بونـــەوەری خســـتووەتە خزمەت مـــرۆڤ، ئەویش بۆ ئەوەیە كـــە مرۆڤ لەدونیادا بـــە بەختەوەری بـــژیو بتوانێت بە باشـــی خودا بپەرســـتێت، خـــودا هەمـــوو ئاســـمانەكانو زەوی لەبەر مرۆڤ دروســـت كردووە، بـــە تایبەتیـــش زەوی كە بـــۆی ڕازاندووەتەوە بـــە هەموو جـــۆرە نیعمەتێك بۆ ئەوەی بە ئاســـودەیی بژی، زەوی بە باشـــترین شـــێوە ئـــاوەدان بكاتەوە.

٥- پاراستنی كەرامەت و ماڵ و ناموسی مرۆڤ:

ئیسـلام جەخـت دەكاتـەوە، لەسـەر پاراسـتنی ڕێـزو مافەكانـی مـرۆڤـو حەرامكردنـی خوێـنو ماڵـیو پاراسـتنی ناموسو شـەرەفی. ئیسـلام نـەك هـەر لەژیانـدا پارێـزگاری لەمافەكانـی مـرۆڤ دەكات، بەڵكـو لـەدوای مردنیـش ڕێـزی لـێ دەگرێـت وەك پێغەمبـەری خـودا دەفەرمووێـت: ((كسـر عظـم الميّـت ككسـره حيـاً))، واتە: شـكاندنی ئێسـكی مـردوو، وەك ئـەوە وایە بـە زیندوویی بیشـكێنیت.

٦- لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە هەموو مرۆڤەكان یەكسانن:

لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە هەموو مرۆڤەكان یەكسانن، جیاوازی نییە لەنێوان مرۆڤی سپیو ڕەش، پیاو و ئافرەت، عەرەبو غەیرە عەرەب، تەنها بە لەخودا ترسانو كاری چاكە نەبێت، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت:((كلكم من آدم وآدم من تراب)). واتە: هەمووتان لە ئادەمنو ئادەم لە گڵ دروست كراوە. لەئیسلامدا كە یاسای ســزای تـــاوانبـــاران دادەنرێت، جیـــاوازی نـــاكرێت لەنێوان هیچ كەسـێكداو كـــەس بـۆی نییـــە بە ناوی ئاینو نەتەوەو شتی دیكەوە لەو ســـزایانە ڕزگاری ببێت.

سێیەم - گشتگیری و جیهانیبوون:

بنەماکانی گشتگیری ئیسلامیش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- واته ئەم پەیامەی کە خودای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، هەتا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت، ئەم پەیامە تایبەت نییە بە عەرەب یان نەتەوەیەکی تر، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەکانوگەلەکانو کیشوەرەکانە، لەئیسلامدا هیچ نەتەوەیەك هەڵبژێرراوی خودا نییە، خودا بە یەکسانی سەیری هەمووان دەکاتو هەموویان ئەو دروستی کردوونو لەیەك ڕەگەزن، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ))(سبأ ٢٨).

٢- شەریعەتی ئیسلام هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە:ئیسلام سیستمێکی بۆ ژیانی مرۆڤ داناوە، کە لەناو سکی دایکییەوە دەیگرێتەوە تا لەدایك دەبێتو دەبێتە منداڵاو گەورە دەبێتو ژن دەهێنێتو دەبێتە دایكو باوك، هەتا پیریش دەبێت هەروەها پاش مردنیشی ڕێنوێنیی دەکاتو هەتا دەچێتە بەهەشت یان دۆزەخ.

پرس:

جگە لەو خاڵانەی باسکران ڕێزگرتنی ئیسلام بۆ مرۆڤ لەچی دیکەدایە؟

گفتوگۆ:

لە ئیسلامدا خودای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە بەژن و پیاوەوە، بەڵام لەواقیعی ژیاندا، زۆرجار دەبینین ئافرەتان بەچاوێکی کەمتر لە پیاوان سەیریان کراوەو ڕێز لە کەرامەتو هەستو مافەکانیان نەگیراوە، ئەمەش دژی ئیسلامە ئەم جیاوازییەش لە نێوان ئیسلامو کلتور و واقیعی کۆمەڵگەدا پێویستی بە چارەسەرە.

وانەی هەژدەیەم: گرنگترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام

چوارەم-میانڕەوی:

ئاینی ئیسلام ئاینی میانڕەوییە، واتە دژی توندڕەوی و شێلگیرییە لەیەك کاتدا، میانڕەویش لەئیسلامدا چەند مانایەکی هەیە:

١- ئیسلام شەریعەتێکی دادپەروەرە لەڕووی دیاریکردنی مافو ئەرکەوە:

لـەم بارەیـەوە پێغەمبـەری خـودا دەفەرموێت:((إنمـا أُهلـك الذيـن قبلكـم أنهـم كانـوا إذا سرق فيهـم الشريـف تركـوه وإذا سرق فيهـم الضعيـف أقامـوا عليـه الحـد وأيـم اللـه لـو أن فاطمـة بنـت محمـد سرقـت لقطعـت يدها)).(متفـق عليـه).

واتـە: خەڵکانـی پێـش ئێـوە بـەوە لەناوچـوون ئەگـەر خـاوەن پلـەو پایـەو دەستڕۆیشـتوویەك دزی بکردایـە، وازیـان لێـی دەهێنـا، بـەڵام ئەگـەر زەبـونو بـێ پشـتێك دزی بکردایـە سـزایان دەدا، سـوێند بەخـودا ئەگـەر فاتیمـەی کچـی موحەمـەد دزی بـکات دەسـتی دەبـڕم (سـزای دەدەم).

٢- ئاینێکی ڕاستەو خواریی تێدا نییە:

ئیســلام ڕێگەیەکی ڕاســتە، ڕێگەیەکی گومڕاو ســەر لێشــێواو نییە، ڕێنمایی مــرۆڤ دەکات بۆ ڕێگەیەکی ڕۆشــن، کــە لەدونیادا بە بەختەوەری بژیو لەقیامەتیشــدا بە بەهەشــت شــاد ببێت.

٣- ئاینێکە، هەمووی خێرو چاکەو ڕاستگۆییە:

خــودای گەورە دەفەرموێــت:((كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّــةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُــرُونَ بِالْمَعْــرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَــرِ)) (آل عمران ١١٠).

٤- لەڕووی عیبادەتو باوەڕەوە ئیسلام ئاینی میانڕەوییە:

لەئیسلامدا زۆربەی شتەکان حەڵاڵن بەڵام حەرامەکان کەمو سنوردارن.

٥-ئیسلام ئاینی ئاشتیخوازی

ئیســلام، ئاینی ئاشــتیخوازی و برایەتی و بەیەکەوە ژیانی ئاشــتییانەی گشــت ئاینو نەتەوەکانە لە ژێر یــەك چەتردا.

پێنجــەم - واقیعی بــوون:

واتە ئیســلام ئاینێکــە بۆ مرۆڤ هاتــووەو ڕەچــاوی هەموو ئــەو بارودۆخە دەکات، کــە تیایدا دەژی، لەگەڵ سروشــتی مرۆڤــدا گونجاوەو لەپێنــاو بەختەوەری مرۆڤــدا هاتووە.

ئیســلام ئاینێکــە گرنگــی دەدات بە غەریزەکانــی مــرۆڤو داوا دەکات لەچوارچێوەی شــتە حەڵاڵەکاندا تێریــان بکات، لەبەرامبەریشــدا لەخراپــەکانو حەرامــەکان دوربکەوێتەوەو خۆیو کۆمەڵگە توشــی زیــان نەکات.

شــەشــەم - ئاســانی و ڕۆشنی:

ئــەوەی ئیســلام لەئایــنو باوەڕەکانی دیکە جیــا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئیســلام، ئاینێکی ئاســانو ڕۆشــنەو هەموو کەس لەهەموو ئاســتێکدا بە ئاســانی تێی دەگەن، باس لەخودایەکــی تاكو تەنیا دەكات، کــە هەموو لایەك دەبێت بیپەرســتنو داوای پێویســتییەکانی لێبکەن.

هەمــوو ئەوەی لەغەیبــدا باس دەکرێت، لەئاگرو دۆزەخو ســیفەتەکانی خودا ئەو شــتانەن، کە مرۆڤ بە ئاسانی تێی دەگاتو هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە.

پرس:

میانەڕەوبوونــی ئیســلام واتــای چــی دەگەیەنێــت؟

گفتوگۆ:

ئیســلام ئاینێکــی جیهانییــەو هی گەل و نەتەوەیەکــی دیاریکــراو نییــە، پەیوەندیی ئەم خاڵە بەیەکســانیی نەتــەوەوە، لــە ڕوانگــەی ئیســلامەوە چییە؟

وانەی نۆزدەیەم: مانای موســڵمانێتی

موسڵمان ئەو کەسەیە کە شــایەتی بدات بێجگە لە(اللّه) هیچ خودایەکی دیکە نییەو (محمد)یش(د.خ) پێغەمبەری خودایە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین پەیوەندی موســڵمان بە ئیسلامەوە بکەین بە دوو جۆر:

یەکەم - ئیسلامی ڕووکەش:

واتە موســڵمانبوونێکی ســادەو ڕووکەش، کە باوەڕەکــەی نەچووەتە قوڵایــی دڵ و دەروونییەوەو کاریگەری لەســەر ڕەوشــتی نییەو لەگەڵ ژیانیدا ئاوێتە نەبووە، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، چونکە لایەنگیرییەکی ڕووکەشــی هەیە بۆ ئیســلام، یان بە شــێوەیەکی کوێرانەو چاولێکەری ئیســلامی وەرگرتووە.

ئـەم جـۆرە موسـوڵمانە، ناتوانێـت بـە باشـی کەڵـك لەبەهـاو بنەماکانـی ئیسـلام وەربگرێـت، بێبـەش دەبێـت لەجەوهـەری ئیسـلام، لـە ڕووی دەروونییـەوە ئـەم کەسـە هەسـت بـە هەمـوو خۆشـییەکانی خواپەرسـتی نـاکات، زۆر بـە ئاسـانی ڕوو لەتـاوانو خراپـەکاری دەکاتو خۆشەویسـتی خـودا لەدڵیـدا لاوازەو زۆر هەسـت بـە گرنگـی دواڕۆژیـش نـاکات.

دووەم - باوەڕدار:

باوەڕدار ئەو موسـوڵمانەیە کەباوەڕی لەسـەر بنەمای بڕوابوونو تێگەیشـتنی تـەواو دامەزراوە، لەژیانیشـیدا بەپێی شـەریعەتو پەیامی خودا هەنگاو دەنێت، ئەم جۆرە تێگەیشتنو بڕوا هێنانەش ناودەبرێت بە باوەڕداری ڕاسـتەقینە، ئەو موسوڵمانەش کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەم جۆرەی لەگەڵا خـودادا هەبێتو پابەند بێت بە ڕێسـاکانی شـەریعەتەکەی پێی دەوترێت (مؤمـن) واتە باوەڕدار. بـەم جۆرە بۆمـان دەردەکەوێت کە بـاوەڕدار (مؤمن) پلەیەکی بەرزترە لەموسـوڵمان (مسـلم)، چونکە بڕوابوونێکی ڕاسـتگۆیانەو هۆشـیارانەیە لەئیسـلامو لەدوایشـدا لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا جێبەجێـی دەکات، لەڕێگەی ئەخـلاقو پەیوەندیی کۆمەڵایەتـیو عیبادەتەکانەوە.

پایەو خەسڵەتەکانی گەنجی موسڵمان لە ئیسلامدا:

قۆناغـی گەنجـی لـە ژیانـی مـرۆڤـو لـە ڕوانگـەی ئیسلامیشـەوە قۆناغێکـی یەکجـار گرنگـە، بۆیـە لێـرەدا هەندێـك ئامـاژەی تایبەتـی پـێ دەکەیـن:

١- گەنجـی موسـوڵمان، پێویسـتە گەنجێکـی دەرون پاکـی بەڕێـزی خـاوەن ڕەوشـتی جـوان بێـت، پێغەمبـەری خـودا بکاتـە سـەر مەشـقی خـۆیو لـە ڕەوشـتە بەرزەکانـی بەهرەمەنـد بێـت.

٢- گەنجـی موسـوڵمان، پێویسـتە باوەڕێکـی پـاكو جوانـی هەبێـتو خۆشەویسـتی خـودا لەدڵیـدا جێگیـر ببێـت، خـودای گـەورە بـە باشـی بپەرسـتێتو لەفەرمانەکانـی لانـەدات.

٣- پێویسـتە گەنجـی موسـوڵمان، شـارەزاییەکی باشـی لەئیسـلام هەبێـتو بـە هۆشـیارییەوە ئایـن وەربگرێـتو بـە عەقڵێکـی کـراوەوە مامەڵـە بـکاتو بـۆ خزمەتـی خـۆیو خێـزانو کۆمەڵەکـەی و گـەل و نەتەوەکـەی بـەکاری بهێنێـت.

٤- گەنجـی موسـوڵمان، پێویسـتە گەنجێکـی داوێـن پـاكو ڕەوشـت بـەرز بێـت، خـۆی لـەکاری خـراپو تاوانـکاریو لادان بپارێزێـت، خـوو نەداتـە مـاددە هۆشـبەرەکانو خواردنـەوەی مـەیو جگەرەکێشـان، چونکـە هەمـوو ئەمانـە دەبنـە مایـەی زیـان بـۆ تەندروسـتی مـرۆڤو کاریگەریـی خراپـی بـۆ سـەر بـواری ژیانـی تاکەکەسـیو خێزانـی و کۆمەلایەتیـی هەیـە سـەرەڕای ئـەوەی حەرامیشـن.

٥- گەنجـی موسـوڵمان، دەبێـت کەسـایەتییەکی دامـەزراو و بەڕێـز و بـە ئـارام بێـت، خـۆی لەهەمـوو ئـەو شـتانە بپارێزێـت کـە زیـان بـە کەسـایەتی دەگەیەنـن.

٦- گەنجـی موسـوڵمان، دەبێـت کەسـێکی چـالاك و خـاوەن بەرنامـە بێـت بـۆ ژیانـی خـۆی، بـەرەو ئاینـدە هەنـگاو بنێـت، خـاوەن پـلان بێـت بـۆ ژیانـی خـۆی، هەتـا پاشـە ڕۆژێکـی بـاش بنیـات بنێـت.

٧- لەگـەڵا دایبابیـدا دەبێـت نمونـەی سـۆزو بەزەیـیو ڕێـز بێـت، هاوکارییـان بـکاتو ئازاریـان نـەداتو گوێڕایەڵـی فەرمانـە چاکەکانیـان بێـتو هاوکارێکـی دڵسـۆز بێـت بۆیـان.

٨- پێویســتە گەنجــی موســوڵمان، دونیا بــە کێڵگــەی دواڕۆژ بزانێــت، ژیانی دونیا بە فرســەت بزانێــت، بۆ خواپەرســتیو کاری چاکەو هاوکاریو دڵســۆزیو هەوڵدان بۆ ئــەوەی لەدواڕۆژدا بە بەهەشــتی بەرین شــاد بێت.

٩- گەنجی موسوڵمان، پێویستە دڵسۆزی گەل‌و نەتەوەکەی بێت‌و کوردستانی خۆش بوێت، لەهەوڵی ئاوەدان کردنەوەو بەرەو پێشچونیدا کار بکات‌و خۆشەویستی بۆ سەرجەم گەلانی موسوڵمان و مرۆڤایەتی هەبێت.

١٠- کاتەکانی لەشتی بێ هودەدا بەسەر نەبات، هەوڵ و کۆشش بکات و خوێندن بە خوداپەرستی بزانێت و بە خۆشەویستییەوە درێژە بە فێربوونی بدات.

بەشی سێیەم

بەها ئیسلامییەکان

وانەی بیستەم

قوتابی خۆشەویست، لەم بەشەدا باسی دوو بەهای بەرزی ئیسلام دەکەین کە بریتین لە (خۆشەویستی و لێبوردەیی).

یەکەم - خۆشەویستی:

خۆشەویستی بنەمای ژیانەو ئەگەر خۆشەویستی نەبێت ژیان نابێت، خۆشەویستی هەستێکی ناسكو جوانە لەدڵدا جێگیر دەبێتو تیشکی خۆی بە هەموو لایەکدا پەخش دەکاتەوە.

خۆشەویستی، هەستێکی ناسکی پڕ لەسۆزە، لەدڵو دەروونەوە هەڵدەقوڵێت ژیان بەبێ خۆشەویستی هیچ مانایەکی نییە، بێ چێژی خۆشەویستی، مرۆڤ ناتوانێت وەك کەسێکی

زینـــدوو بـــژیو کاریگەری جوانو باشـــی لەژیانـــدا هەبێت. دڵێکیش خۆشەویســـتی تێـــدا نەبێت وێرانەیە. خۆشەویســـتی، ســـۆزێکی قوڵو پاك و پرشـــنگداری ناو دەروونە. خۆشەویستی وامان لێ دەکات چێـــژ لەژیان وەربگرینو ئاســـودەو کامەران بیـــن، دڵو دەرونمان بحەســـێتەوەو چاکەمان بۆ مرۆڤەکانی دیکە بوێتو بەســـۆزو بەزەییو گیانـــی لێپرسراوێتییەوە مامەڵەیـــان لەگەڵدا بکەین.

ڕەگـــــەزەکانی خۆشـــــەویســـــتی:

خۆشەویستی لانی کەم سێ ڕەگەزی هەیە:

١-هەست بەلێپرسراوێتی:

واتە مرۆڤ هەســـت بەلێپرسراوێتی دەکات بەرامبەر ئەو کەســـە یاخود ئەو شـــتەی خۆشـــی دەوێت و پەرۆشیەتی.

٢-ڕێزگرتن:

خۆشەویســـتی، ڕێزگرتن بەرهـــەم دەهێنێت، واتە یەکێـــك لەبەرەکانی درەختی خۆشەویســـتی ڕێزە، مـــرۆڤ ڕێز لەو شـــتە دەگرێت کە خۆشـــی دەوێـــت، بەگەورەیی و شایســـتەوە ســـەیری دەکات، مامەڵـــەی لەگەڵـــدا دەکات و بێ ڕێزیـــی بەرامبەر ناکات.

٣-بەخشندەیی:

خۆشەویســـتی، ســـەرچاوەی بەخشـــندەییو قوربانیـــدانو بەهێزکردنـــی گیانـــی خۆبەخشییە. مـرۆڤ بەرامبـەر ئـەو کـەسو شـتەی خۆشـی دەوێـت دەبێـت بەخشـندە بێـت.

بـــایەخـدانی ئیسـلام بە خۆشەویستی:

(ئاینـی ئیسـلام) بەگشـتیو بەتایبەتـی، بایەخێکـی زۆری داوە بەخۆشەویسـتیو هەوڵـدەدات ئـەم بەهـا جوانـە لەناوماندا بڵاوببێتـەوە، ژیانمـان برازێنێتـەوەو بەگیانـی خۆشەویسـتیو میهرەبانـیو برایەتییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ خۆمـانو خێـزانو کۆمـەڵو دەوروبـەر بکەیـن. بەڵکـو بـە چـاوی خۆشەویسـتییەوە سـەیری ژیـان بکەیـنو لـەوەش ئاگاداربیـن، موسـوڵمانی ڕاسـتەقینە دەبێـت هێـمای خۆشەویسـتی بێـت، لـە دڵڕەقـیو ڕقو کینـە بـەدوور بێـت، چونکـە خواپەرسـتی و ئاینـی بـێ خۆشەویسـتی ،جەسـتەیەکی بـێ گیانـەو خاوەنەکـەی سـودو چێـژی لـێ وەرناگرێـت، بەڵکـو مەترسـی ئەوەشـی لـێ دەکرێـت بەپێچەوانـەی ئامانجەکانـی ئیسـلام خـراپ سـوودی لـێ وەربگیرێـتو ببێتـە هێزێکـی ڕوخێنـەر.

پلەو پایەی خۆشەویستی لە ئیسلامدا:

لـە (٨٤) شـوێنی قورئانـدا وشـەی خۆشەویسـتیو ئـەو وشـانەی لـەو وەرگیـراوە ئامـاژەی پـێ کـراوە، ئەمـەش ئـەو بایەخـە گەورەیـە دەردەخـات، کـە ئیسـلام بـۆ ئـەم بەهایـەی دانـاوە، هـەر ئەمەشـە وای کـردووە پەیوەندییەکـی قوڵـی بـە بـاوەڕو کەسـێتی و بیرکردنـەوەی مرۆڤـی موسـڵمانەوە هەبێـتو ببێتـە پێوەرێکـی گرنگـی بوونـی بـاوەڕ.

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت کـە دەبێت خۆشەویسـتی ڕێبـازی هەمـوو موسـڵمانێك بێـت لـە ژیانـدا.

لـە فەرموودەیەکـدا باسـی خۆشەویسـتی موسـڵمانان بـۆ یەکتـری دەکات، بەمەرجـی ڕەزامەنـدی خـودای گـەورەو کلیلـی چوونـە بەهەشـت هـەروەك دەفەرموێت:((لـن تدخلـوا الجنَّـة حتـى تؤمنـوا ولـن تؤمنـوا حتـى تحابـوا؛ الا أَدلُّكـم علـى شيءٍ إذا فعلتمـوه تحاببتـم، أفشـوا السَّـلامَ بينكـم)).

واتـە: کەسـتان ناچنـە بەهەشـتەوە تـا بـاوەڕ نەهێنـن، بـە باوەڕدارێکـی تـەواو لـە قەڵـەم نادرێـن، تاکـو یەکترتـان خـۆش نەوێـت، ئایـە شـتێکتان نیشـان بـدەم، ئەگـەر کردتـان یەکتریتـان خۆشـبوێت؟ ئەویـش ئەوەیـە، (سـڵاو لـە یەکـتری بکـەن)و خێـرو خۆشـیو بـێ وەیـی یەکتریتـان بوێـتو کەسـتان مەبەسـتی ئازاردانـی ئـەوی تـری نەبێـت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە موسـوڵمان، دەبێـت زۆر پەرۆشـی مەسـەلەی خۆشەویسـتیو میهرەبانـی بێـت، چونکـە پەیوەسـتە بـە مەسـەلەی چارەنووسـی کۆتایـیو چوونـە بەهەشـت، پێغەمبـەر (د.خ) لـە فەرمودەیەکـی دیکـەدا دەفەرموێـت: (لا يؤمـن احدكـم حتـى يحـب لأخيـه مـا يُحـب لنفسـه) واتـە: کەسـتان بـە بـاوەڕدار ناژمێررێـت، تـا ئـەوەی بـۆ خـۆی پێـی خۆشـە بـۆ خوشـكوبرا موسـڵمانەکانی و هاوڵاتییانـی دیکـەش پێـی خـۆش بێـت.

بــۆ ئــەوەی مرۆڤ لـــە مامەڵەکردنو حوکمدان بەســـەر کەســـانی دیکەدا، دووچـــاری هەڵەو تاوان نەبێـــت، دادپەروەری وا دەخوازێت خۆی بخاتە شـــوێنی بەرامبەرەکـــەی، ئەوکاتە بیر بکاتەوە ئەگـــەر تۆ لە شـــوێنی ئەو دابێت حـــەز دەکەیت چ جـــۆرە مامەڵەیەکت لەگەڵدا بکرێـــت، بۆ ئەوەی بەو جۆرە مامەڵە بکەیـــتو بجوڵێیتەوە.

ئیســـلام لە کاتێکدا، کە ئەم جەختە زۆرە لەســـەر خۆشەویســـتی دەکاتـــەوەو دەیەوێت بیکات بە یەکێك لە خەســـڵەتەکانی مرۆڤی موســـڵمان و کۆمەڵی لەســـەر پـــێ بگەیەنێت، لـــە هەمان کاتدا بەســـەختی ڕووبەڕووی بوغز و ڕقو کینە دەوەســـتێتەوە کە دژی خۆشەویســـتین.

پێغەمبـــەر (د.خ) لـــە فەرموودەیەکـــدا دەفەرموێـــت:(ایاکم والبغضـــاء...) واتە: خۆتـــان لە بوغزو کینە بـــە دوور بگرن، هەروەهـــا دەفەرموێت: (ولاتباغضـــوا) واتە: ڕقتان لە یەکـــدی نەبێت. مرۆڤ دەبێـــت ڕقی لە ســـتەمو خراپـــەکاریو تـــاوانو ناعەدالەتی بێـــتو نابێت بەرامبەر هـــاو ئاینو هاوڵاتیانـــی خۆی دڵی پڕ بێت لـــە بوغزو کینە، چونکـــە درەختی باوەڕ ڕەگی لەناو خۆشەویســـتیو میهرەبانـــیو لێبـــوردنو برایەتیدایە. زانای بەناوبانگی کوردیش، مامۆســـتا ســـەعیدی نورســـی لە وتەیەکیـــدا دەڵێت:((ژیانـــی دونیا زۆر لەوە کورتـــترە پڕ بەدڵ یەکترمان خۆشـــبوێت چ جای ڕقمان لـــە یەکدی بێتو بـــە چاوی دوژمنایەتییەوە ســـەیری یەکـــدی بکەین)).

جۆرەکانی خۆشەویستی:

خۆشەویستی چەندین جۆری هەیە لەوانەش:

١ - خۆشەویستی بۆ خودای گەورە:

دیارە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە پەیوەندی نێوان خودای میهرەبانو بەندەکانی لەسەر بناغەی خۆشەویستی دامەزراوە، هەر بە سروشتو لەمنداڵیەوە، مرۆڤ لەدڵیدا خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ خودا هەیە، چەندەها ئایەت لەقورئاندا جەخت لەم پەیوەندییە دەکەنەوە هەر وەکو خودای گەورە دەفەرموێت: ((إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا))(مريم ٩٦).

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کردەوەچاکەکانیان ئەنجامدا، خوای میهرەبان دەیانکاتە خۆشەویست و خۆشەویستییان دەخاتە دڵی بەندەکانی خۆیەوە، تا هەموو خۆشیان بوێن. هەروەها دەفەرموێت:((وَاسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ)) (هود ٩٠)، واتە: داوای لێ خۆشبوون لەپەروەردگارتان بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای ئەو، بەڕاستی پەروەردگارم یەکجار میهرەبانو بە بەزەییو دلۆڤانە.

مرۆڤی باوەڕدارو خواناس ئەو خۆشەویستییەی بۆ خودا زیاد دەکات، مرۆڤ هەتا خواپەرستیو خێرو چاکەی زیاد بکات زیاتر لەخودا نزیك دەبێتەوە.
بەهۆی ئەمەشەوە خۆشەویستی خودا لەدڵیدا زیاد دەکات ئەویش زیاتر خودای خۆش دەوێت، خودای گەورە لەفەرموودەیەکی قودسیدا کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر(د خ) فەرموویەتی:((... ومايزال عبدي يتقرب اليَّ بالنوافل حتى احبه فإذا أحببته كنت سمعه الذي يسمع به وبصره الذي يبصر به...)) ((بەندەم بە کردنی سوننەتەکان لە من نزیك دەبێتەوە، ئەو کاتەش خۆشم دەوێتو دەبم بەو گوێیەی گوێی پێ دەگرێت و دەبم بەو چاوەی پێی دەبینێت)).

خودای گەورە لەباسی سیفاتی موسڵمانیشدا دەفەرمووێت:((وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ)) (البقرە ١٦٥). واتە: ئەوانەی بڕوادارن زۆرترین خۆشەویستیان بۆ خودا هەیە.

٢ - خۆشەویستی پێغەمبەران:

خۆشەویستی پێغەمبەرانیش، لقێکە لەخۆشەویستی خودا جیا بووەتەوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت:((قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ))(آل عمران ٣١)، واتە: خۆشەویستی خودا بۆ موسڵمان بە شوێنکەوتنی ڕێبازی پێغەمبەرەکەیەتی، هەموو کەسێکیش کە پێغەمبەری خۆش بوێت، دەکەوێتە شوێن ڕێبازەکەی، ئەوکاتە خوداش خۆشی دەوێت، پێغەمبەران پردی پەیوەندین لەنێوان خوداو خەڵکدا، هۆکاری ڕێنمایی هاوڵاتیانن بۆ ڕێبازی ڕزگاریو چاکەو خێر، لەئاگر دەیان پارێزێتو بەرەو بەهەشتیان دەبات، لەبەر ئەوە شایەنی هەموو خۆشەویستییەکن لەم نێوەندەشدا دەبێت خۆشەویستییەکی گەورەمان بۆ پێغەمبەرمان (موحەمەد) (د.خ) هەبێت چونکە خۆی دەفەرموێت باوەڕتان تەواو نابێت هەتا منتان لەماڵ و منداڵو خۆشتان زیاتر خۆشترنەوێت. چونکە ئەو خۆشەویستی خودایەو خودایە و داوای لێ کردووین خۆشمان بوێت.

٣ - خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خۆی:

هیچ مرۆڤێك نییە کە خۆی خۆش نەوێت، بەڵکو گرنگترین شت لای مرۆڤ پێویستە خۆی بێت، چونکە ئەگەر خۆی خۆش نەوێت گرنگی بەخۆی نادات و خۆی ناپارێزێتو بەرەو تیاچوونی دەبات، خودای گەورەش دەفەرموێت: [عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ](المائدە١٠٥) واتە: گرنگی بە خۆتان بدەن، هەڵبەت دەبێت بزانین ڕێز لەخۆگرتنو خۆخۆشویستن لەخۆپەرستی جودایەو خۆپەرستی ڕەوشتێکی ناشیرینەو ئیسلام دژایەتی دەکات.

٤ - خۆشەویستی بۆ شتی بەرجەستەو ماددی:

وەك خۆشەویستی بۆ هەندێك جۆری خواردنو خواردنەوەو جلو بەرگی جوان، هەندێك لەم خۆشەویستییانە لەڕێگەی چاوەوە دیاری دەكرێت، وەك دیمەنێكی سروشتی، وێنەیەكی جوان، مرۆڤێكی جوان، یان سەرسام بون بە شوێنكارە دروست كراوەكانی خودای گەورە، وەك سەیركردنی ئەستێرەكانو چۆنیەتی دروست كردنی مرۆڤو گیانەوەرانی دیكەو هەورو گوڵاو بارانو بەفرو زۆر شتی دیكە.

یان لەڕێگەی گوێوە دەبێت، وەك خۆشەویستیت بۆ گوێ گرتن لەدەنگێكی خۆش، هۆنراوەیەكی بە جۆش، گۆرانییەكی سەرنجڕاكێش، شەپۆلێكی ئارام یان قورئان خوێنێكی باش، یان بەدەست لێدانی شتێكی جوان یان لەباوەش گرتنی منداڵێك، یان دایكو باوك بۆ منداڵەكەیان، یان هاوڕێیەك بۆ هاوڕێكەی هەموو ئەوانەش لەچوارچێوەی شەرعدا.

٥ - خۆشەویستی دایك و باوك بۆ منداڵەكانیان:

ئەو خۆشەویستییەیە، كە خودای گەورە لەدڵی دایكو باوكدا بۆ منداڵەكانیان دروستی كردووە، كە تێیدا هەموو هەستو سۆزو بەزەییەكی هەیە بۆیان، خۆیان توشی ئەو پەڕی ناخۆشیو ئازارو گرفت دەكەن، تەنها بۆ ئەوەی ئەوان سەركەوتووبن لەژیاندا، خودای گەورە خۆشەویستی منداڵی كردووەتە بەشێك لەسۆزی خۆی لەدڵی دایكو باوكدا، كە ئەمەش خۆشەویستیی ڕاستەقینەیە، چونكە دایكو باوك ئازار دەچێژن لەپێناویداو ئامادەی هەموو قوربانیدانێكن. لەبەر ئەوە پێویستە منداڵەكانیش ئەو خۆشەویستییە بەهەند وەربگرنو ئەوانیش بەڕێزەوە سەیریان بكەن، ئەو پردی خۆشەویستییە بەتین بكەن، هەتا خێزانەكان بە ئارامی بژین.

٦ - خۆشەویستی ژن و پیاو بۆ یەکدی:

خودای گەورە لە ڕێگەی شەریعەتەکەیەوە خۆشەویستی مرۆڤی نێرو مێی پشت گوێ نەخستووە، هەر کاتێك کوڕو کچێك یەکدییان خۆشویست دەتوانن لە ڕێگەی دروستکردنی خێزانەوە بە یەکدی بگەن، لەخێزانیشدا خۆشەویستی ژنو پیاو ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ یەکدی زیاد دەکات، وای لێ دێت کە ئامادەی هەموو قوربانیدانێك بن بۆ یەکدیو هەردووکیان لەپێناو بنیات نانی خێزانێکی سەرکەوتوودا هەوڵ بدەن، پاشان بوونی منداڵیش زیاتر خۆشەویستییەکەیان زیاد دەکاتو لەم ڕێگەیەشەوە هەوڵ دەدەن کە تاکێکی بە سود پێشکەش بە کۆمەڵ بکەن، بەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە شێوەیەکی دروست.

خۆشەویستیی نێوان ژنو پیاو لەئیسلامدا زۆر پیرۆزە، نابێت هیچیان خیانەتی لێ بکەنو هەر کەسێکیش خیانەت لەم خۆشەویستییە بکات، ئەوا بەرەوڕووی سزای خودای گەورە دەبێتەوە، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کەهەر خۆشەویستییەکی (عاتفی) نێوان کوڕو کچ، ئەگەر مەبەست تێیدا پێکەوەنانی ژیانی خێزانی نەبێتو ڕەوشتو پێوەرە ئیسلامییەکانی تێدا نەپارێزرێت، پەسەند نییەو حەرامە، قوتابیانی خۆشەویست دەبێت لەگەڵ هاوپۆلەکانو هاوڕەگەزەکانیاندا لەقوتابخانەو کۆمەڵدا بەگیانی خوشكو برایەتیو هاوپۆلیو هاوقوتابخانەیی و هاوڕێی خوێندن، مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەن و سەیری یەکدی بکەنو هەریەکەیان ڕێز لەکەسێتیو کەرامەتو ناوبانگی ئەوی دیکە بگرێت، خۆیان بۆ سەرکەوتن لەخوێندنو خوێندنەوەو چالاکی بەسود سەرقاڵ بکەن، هەروەها هەرکەسێك چی بۆ خوشکەکەی یاخود براکەی خۆی پێ خۆشە بۆ هاوڕێ کچو کوڕەکانیشی پێی خۆش بێت. چونکە لەئیسلامدا کچان و کوڕان خوشكو برای یەکدینو وەك باسیشکرا چیمان بۆخۆمان پێ خۆشە دەبێت بۆ خوشكو برا موسڵمانەکانو هاوڵاتیانی دیکە پێمان خۆشبێت.

٧ - خۆشەویستی بۆ ڕەوشت و کاری چاکە:

(چاکەو جوامێری و دەستگیرۆیی و هاوکاری و ڕێزگرتنی بەرامبەرو دڵپاکی و داوێن پاکی و ئازایەتی وسەخاوەت و مامەڵەی جوان)، ئەمانە کۆمەڵە ڕەوشت و هەڵسوکەوتێکن، کە لای هەموو مرۆڤێکی ژیر جێگەی ڕێزو خۆشەویستین و هەر کەسێك هەڵگری ئەو سیفاتانە بێت لەلای خەڵك خۆشەویستە، لەبەر ئەوە پێویستە ببینە مرۆڤێك کە خەڵك خۆشی بوێین، دەبێت هەوڵا بدەین هەموو ڕەوشتێکی جوان لەخۆماندا بەرجەستە بکەین، هەروەها دەبێت چاکەکارانمان خۆشبوێت، چونکە خودای گەورە خۆشی دەوێن و دەفەرموێت:((وَاللّٰهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)) (المائدە ٩٣- آل عمران ١٣٤ و١٤٨). واتە: خودای گەورە چاکەکارانی خۆشدەوێت.

بۆچی دەبێت (محمد) پێغەمبەرمان(د .خ) خۆش بوێت؟

ئەو هۆکارانەی کە وامان لێدەکەن پێغەمبەرمان خۆش بوێت زۆرن، بەڵام ئێمە چەند خاڵێکی گرنگیان لێ باس دەکەین:

ئـ - چونکە ئێمە بە هۆی ئەوەوە، ڕێنماییمان وەرگرتووەو موسوڵمان بووین، لەم ڕێگەیەشەوە لە گومڕایی بەدوور بووین و دڵمان بە ڕوناکی باوەڕ ڕۆشن بووەتەوە، بەرەو ڕێبازی چاکە، ڕێنمایی کردوین و لەکوفر و هاوەڵدانان بۆ خودا ڕزگارمان بووە، ئاشنای کردوین بە ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی چوون بۆ بەهەشت و ڕێگەی چوونە ئاگری پێ ناساندین.

ب -خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) بۆ ئێمە، لەناو دڵی پێغەمبەری ئازیزماندا(د.خ) خۆشەویستییەکی گەورە بۆ ئێمە هەبووە، تەنانەت بۆ ئەو موسوڵمانانەش کە ئەو نەیبینیون، جارێکیان پێغەمبەری خودا(د.خ) فەرمووی:(خۆشەویستانم، خۆشەویستانم) هاوەڵەکانی وتیان ئەی ئێمە خۆشەویستی تۆ نین؟ فەرمووی:(نا، ئێوە هاوەڵی منن، خۆشەویستەکانم ئەوانەن کە منیان نەدیوەو بڕوایان بە من هێناوە) پێغەمبەری خودا(د.خ) زۆر غەمبار دەبوو، زۆریش دەگریاو ئازاری دەچەشت بۆ ئەو موسڵمانانەی کە بە جوانی خواپەرستی ناکەن، یان ئەوانەی کە ناکەونە شوێن ڕێبازەکەی، ئەگەر موسڵمانان ئەوە بزانن کە پێغەمبەر(د.خ) چەند لەخەمی ئەواندا بووە، ئەوا ئەمان زۆرترین خۆشەویستییان بۆی دەبێت، هەست بە شەرمەزاری دەکەن لە ئاست ساردی و کەمتەرخەمییان بەرامبەر بە ئاینەکەی، خودای گەورە لەئایەتێکدا دەفەرموێت:((بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ)) (التوبة١٢٨)، واتە: پێغەمبەر(د.خ) بەرامبەر بە بڕواداران دڵسۆزو بە بەزەییە.

پ - سووربوونی لەسەر پاراستنی موسڵمانان: پێغەمبەری خودا(د.خ) زۆر لەخۆمان دڵسۆزترە بۆمان بۆ ئەوەی لەئاگری دۆزەخ بمان پارێزێت، بانگمان دەکات بۆ ئەوەی لەدونیاو دواڕۆژدا بە بەختەوەری بژین، نموونەش بۆ ئەم سووربوونەی ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە، کە دەفەرموێت:(منو گەلەکەم وەك ئەوە وایە پیاوێك ئاگرێکی کردبێتەوەو بەردەوام زیندەوەرو پەپولە بیانەوێت خۆیان بخەنە ناوی، بەڵام من دەمەوێت دەستیان پێوە بگرمو نەیەڵم بەڵام ئەوان هەر هەوڵدەدەن خۆیان بخەنە ناوی).

هەروەها یەکێکی دیکە لەخەمخۆرییەکانی ئازیزمان بۆ ئێمە ئەوەیە، کە لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەتمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی لەئاگری دۆزەخ بمان پارێزێت، لەبەر ئەوە ئەگەر سەرنج بدەین، پێغەمبەری خودا(د.خ) زۆر لەخەمی ئێمەدا بووەو بەردەوام نزای بۆ کردووین، لە ڕێگەی پەیامەکەشییەوە ویستوویەتی ئێمە باوەڕدارو خواپەرست بینو لەگومڕایی بەدوور بین، ئەگەر لەم هەموو خەمخۆرییەوە بۆ ئێمە سەیر بکەین ئایە ئەو پێغەمبەرە شایەنی ئەوە نییە کە هەموومان خۆشمان بوێت!

٨ - خۆشەویستی خاك و نیشتمان و گەل و نەتەوە:

مرۆڤی موسوڵمان، دەبێت (بونەوەر و سروشت)ی بەگشتی خۆشبوێت، دەبێت مرۆڤ خاكو نیشتمانو شوێنی لە دایکبوونو گەورەبوونو وڵاتو نەتەوەی خۆی خۆشبوێت.

ئیسلامیش ڕێ لەو خۆشەویستییە ناگرێتو بەیەکێك لە خۆشەویستییە سروشتییەکانی دادەنێت، بەمەرجێك ڕقمان لە وڵاتو خاكو نیشتمانو گەلانی دیکە نەبێت.

ئەوەتا دەبینین پێغەمبەر (د.خ) کاتێك بە ناچاری لە شاری مەککە کۆچی کرد لەکاتی کۆچەکەیدا ئاوڕی بەلای شارەکەیدا دایەوەو فەرمووی:((ئەی مەککە تۆ خۆشەویسترین پارچە زەوی خودای لە لای من، سوێند بەخودا ئەگەر خەڵکەکەت ناچاریان نەکردمایە هەرگیز بەجێم نەدەهێشتیت)).

نیشانەی خۆشەویستی خاك و گەل و نیشتمانیش ئەوەیە هەوڵ بۆ پێشکەوتنو سەرخستنیان بدەینو لە کاتێکدا دەستدرێژییان دەکرێتە سەر بەرگرییان لێ بکەین.

٩ - خۆشەویستی برایانە:

خۆشەویستی برایانە ئەو جۆرەیە لە خۆشەویشتی کە ئاینە ئاسمانییەکانو لەوانەش ئیسلام، جەختی زۆری لەسەر دەکاتەوە. خۆشەویستی برایانە هەموو جۆرەکانی دیکەی خۆشەویستی لە خۆ دەگرێت.

مەبەست لەم جۆرە خۆشەویستییەش بریتییە لە هەست بە لێپرسراوێتیو ئاگا لێبوونو ڕێزلێگرتنو پێزانین بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکە، هەوڵدان بۆ بەختەوەرکردنیان و باشترکردنو خۆشترکردنی ژیانیان، بناغەی ئەم جۆرە خۆشەویستییەش برایەتی مرۆڤایەتییە، هەروەك چۆن پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبو تالب) فەرموویەتی: ((مرۆڤەکان دوو دەستەن، یان لە ئایندا بران یاخود لە مرۆڤایەتیدا هاوتان))، ئەم جۆرە خۆشەویستییە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئیسلام جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا ناکاتو گوێ نادات بەوەی سەر بەهەر نەتەوەو ئاینو ڕەنگو ڕەگەزێك بن، هەر بۆیە یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم جۆرە خۆشەویستییە لێبوردەییە بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکەو وا لە مرۆڤ دەکات دەمارگیرو دوژمنکارنەبێت، واز لە ڕقو کینە بهێنێتو بەمیهرەبانیو سینە فراوانییەوە مامەڵە لەگەڵ هاو ڕەگەزەکانی خۆی بکات.

چونکە مرۆڤەکان هەرچی بن لە بنەڕەتدا ئەوانیش وەك ئەم مرۆڤنو خودای گەورە کەرامەتی پێ بەخشیوونو بەهەناسەو گیانی خودا زیندونو هەموویان خاوەنی یەك پەروەردگارن، لەیەك سەرچاوەوە هاتوونو هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە، مەگەر دوژمنانی خوداو مرۆڤایەتی بن، ئەوانیش مامەڵەی تایبەتیان لە گەڵدا دەکرێت.

ئێمە کاتێك هەموو مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت بە ناڕاستەوخۆ خودای گەورەمان خۆش دەوێت چونکە مرۆڤەکان هەموویان بەدیهێنراوی ئەونو لەیەك دایكو باوك خستوونییەوەو هەر ئەوەیش فەرمانی پێ داوین، بە ڕێزو خۆشەویستییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەینو هاوسۆزی خەمو ئازارەکانیان بین.

گفتوگۆ:

خۆشەویستی چ ڕۆڵێك لە خۆشکردنی ژیانی خەڵكو کەم کردنەوەی کێشەکاندا دەگێڕێت؟

پرس:

١ - ئەو شتانە چین کە خۆشەویستی خودای گەورە بۆ ئێمە زیاتر دەکەن؟

٢- بە خۆشەویستییەوە مامەڵە کردن لەگەڵ موسڵمانانو هاوڵاتیانی دیکەدا چ سودێکی ئەم دونیاو پاداشتێکی ئەو دونیای بەدواوەیە؟

٣- پەیوەندیی خۆشەویستیو چوونە بەهەشت چییە؟

وانەی بیست ویەکەم:

دووەم -لێبوردەیی:

لێبوردەیـــی: واتە مامەڵە کـــردن بە میهرەبانی لەگـــەڵ بەرامبەرەکانو ڕێزگرتن لـــە مافو ئازادیو جیاوازییـــەکان، هەروەها دوورکەوتنەوە لـــە ڕقو کینەو توندوتیژیو ڕەتکردنـــەوەی بەرامبەرەکانو دان نەنان بە مـــافو ئازادییەکانیاندا.

پێغەمبەری خـــودا (د خ) دەفەرموێت:((بعثت بالحنيفية الســـمحة)) واتە:(من بـــە لێبوردەییەکی پاك نێـــرراوم)، لـــەم فەرموودەیـــەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیســـلام ئاینـــی لێبوردەییە، لەئیســـلامدا لێبوردەیـــی بەهایەکـــی گەورەی هەیـــە، هەڵقوڵاوی مانـــای ســـنگفراوانیو کرانـــەوەو دانانە بە

بوونـــی بەرامبەرەکاندا، لە ڕووی ئـــازادیو یەکســـانیو بڕوابوون بـــە چەســـپاندنی مافەکانی هاووڵاتیو جیاوازی نەکردن لەنێـــوان هیچ کەســـێکدا، بە بیانـــوی ڕەگەز یـــان ئاینو نەتەوە، ئاینی پیرۆزی ئیســـلام بڕوای بە هەمـــوو ئاینەکان هەیەو خـــودای گـــەورە دەفەرموێت:((آمَنَ الرَّسُـــولُ بِمَـــا أُنـــزِلَ إِلَيْهِ مِـــن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُـــونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّـــهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِـــهِ وَرُسُـــلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَـــيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُـــلِهِ وَقَالُواْ سَـــمِعْنَا وَأَطَعْنَـــا غُفْرَانَـــكَ)) (البقرة ٢٨٥).

دیـارە لێبوردەیـی مانـای بـێ لایەنـیو واز هێنـان نییـە لـە ئایـنو بیروبـاوەڕی خـۆت، بەڵکـو دان نانـە بەوانـی دیکـەدا، کـە دەبێـت هەمـوو مافێکیـان هەبێـتو ئازادییـان پـێ بدەیـت، هـەر وەك ئیســلامیش ڕێنوێنــی کردویــن بــۆ ئــەم کارە.

دیـارە ئیسـلام بـڕوای بـە پێکـەوە ژیانـی هەمـوو نەتـەوەو ئاینـەکانو ڕەگـەزەکان هەیـە، دان بـە بوونـی ئەوانـی دیکـەدا دەنێـت، لەهەمـان کاتـدا مامەڵەشـیان لەگـەڵا دەکاتو بـڕوای بـە پێکـەوە ژیـانو ژیانێکـی مرۆییانـە هەیـە لەگەڵیانـدا، پێغەمبـەری خـودا دەفەرموێت:((الديـن المعاملـة)) واتـە: ئایـن مامەڵەیـە.

لەفەرموودەیەکـی دیکـەدا کـە عوبـادەی کـوڕی صامـت دەگێڕێتـەوە لەپێغەمبـەری خودایـان پرسـی (چ کارێـك زۆر چاکـە) فەرمـووی: بـاوەڕ هێنـان بەخـوداو تێکۆشـان لەپێنـاو خـودادا. عوبـادە وتـی ئـەی پێغەمبـەری خـودا شـتێکی ئاسـانترم پـێ بڵـێ، ئەویـش لەوەڵامـدا فەرمـووی: (لێبوردەیـیو سـینگ فراوانـیو ئـارام گرتـن).

جۆرەکانی لێبوردەیی:

لێبوردەیی چەندین جۆری هەیە لەوانەش:

١ - لێبوردەیی ئاینی:

واتە پێکەوە ژیانی ئاینەکان، ئەویش لە ڕێگەی ئازاد بوونی خاوەن ئاینە جیاوازەکان لەجێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیانو مامەڵەکردنیان بە چاکەو دادپەروەری بەو جۆرەی خودای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە:((لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)) (الممتحنة ٨) ، موسڵمان دەبێت باوەڕی بە هەموو ئەو کتێبانە هەبێت کە لەلایەن خوداوە بۆ پێغەمبەرەکان نێرراون، چونکە ئەمانە هەموویان کۆمەڵە وتەیەکی خودان بۆ پێغەمبەران، ئەو کتێبانەش چوار دانەن (قورئان، تەورات، زەبور، ئینجیل) جگە لەمانەش دەبێت هەموو خاوەن ئاینەکانی دیکە مافو ئازادییان پارێزراو بێت.

قورئانیش داوا لەموسوڵمانان دەکات بە جوانترین شێوە مامەڵە لەگەڵا بەرامبەرەکانیاندا بکەنو بۆ بڕوا پێ هێنانیان پشت بە گفتوگۆ ببەستن، وەك دەفەرموێت:((ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)) (النحل١٢٥).

واتە: بانگەواز بکەن بۆ ڕێگەی خودا بە ژیریو ئامۆژگاریی باشو گفتوگۆیان لەگەڵا بکەن بە باشترین شێوە.

هەروەها ئیسلام لەڕێگەی بڕوابوون بە ئازادی مامەڵە لەگەڵا بەرامبەرەکانیدا دەکاتو هەموو کەس ئازادە لەوەرگرتنی ئایندا و نابێت کەس زۆری لێبکرێت، چونکە ئاین بۆ دوا ڕۆژەو هەر کەسێك بە ئازادی وەری نەگرتبێت لەدوا ڕۆژدا سوودێکی لێ نابینێت، وەك خودای گەورە دەفەرموێت:((لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ))(البقرة٢٥٦).

واتە: زۆر کردن لەئایندا نییە.

عومەری کوڕی خەتتابیش لەکاتێکدا کە (بيت المقدس)ی ڕزگار کرد لەدەستی مەسیحیەکان تەواوی ئازادی دا بەدانیشتوانەکەیو بەڵێنی پاراستنی پێدانو بە هاوەڵەکانی وت: (کە نەچنە ماڵەکانیانو دەریان نەکەنو ماڵەکانیان نەڕوخێنن، هیچ شتێك لەماڵاو داراییان نەبەن، نابێت زۆریان لێبکەن کە واز لەئاینەکەیان بهێنن).

٢ - لێبوردەیی فیکری:

واتە گوێ گرتن بۆ بەرامبەرەکانو پشت بەستن بە پەیقینو گفتوگۆ بۆ تێگەیشتن لەیەکدیو قبوڵ کردنی بیروڕای جیاواز، مێژوو گەواهی دەدات کە ئیسلام بە بۆچوونێکی مرۆییانە مامەڵەی لەگەڵا بیرە جیاوازەکاندا کردووە، ئیسلام باوەڕی بە ئیجتهاد هەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە باوەڕی بە بۆچوونی جیاوازیش هەیە، مێژووی ئیسلام سەرهەڵدانی دەیان ئاینزاو ڕێچکەو ڕێبازی فیقهیو بیرمەندیو فەلسەفی بە خۆیەوە بینیوە، تەنانەت بێ باوەڕەکانو شوێنکەوتوانی ئاینەکانی دیکە، لە مزگەوتەکاندا مشتو مڕی فیکرییان لە گەڵ یەکتردا کردووە.

٣ - لێبوردەیی نەتەوەیی:

واتە نەتەوەکان لە نێو خۆیاندا ڕێز لە مافو سەروەریی یەکتر بگرنو هیچ نەتەوەو نەتەوەخوازێك بەرامبەر نەتەوەیەکی دیکە دەمارگیرو ڕەگەزپەرست نەبێتو بەچاوی سوكو نزم سەیری نەکاتو دەستدرێژی نەکاتە سەر وڵاتو مافەکانی وەك نەتەوەیەك. قورئان لەم ڕووەوە دەفەرموێت:((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)) (الحجرات ١٣). واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە دایكو باوكێك بەدیهێناوەو کردوومانن بە کۆمەڵێك هۆزو گرووپی جیاواز بۆ ئەوەی یەکدی بناسن، بەڕێزترینتان لە لای خودای گەورە ئەوەتانە کە زۆرترین خواپەرستو چاکە خوازبێت.

لەم ئایەتەو چەندین ئایەتی دیکەدا بە ڕوونی دان بە جیاوازیی نێوان گەلو نەتەوەکاندا نراوە، لە هەمانکاتدا بەگوێرەی ئەم ئایەتە ئەم جیاوازییە، نابێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دوژمنایەتیو ڕقو کینەو ڕەگەزپەرستی لە نێوان نەتەوەکاندا، بەڵکو دەبێت هەوڵی یەکدی ناسینو کرانەوە بەسەریەکدا بدەن، کۆتایی ئایەتەکەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە لای خودای گەورە هیچ نەتەوەیەك ڕێزی بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا نییە.

پێغەمبەریش (د.خ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت:((لا فضل لعربي على أعجمي إلا بالتقوى)).

واتە:عەرەب ڕێزی بەسەر کەسی دیکەدا نییە، کەسیش ڕێزی بەسەر عەرەبدا نییە، سپی پێست ڕێزی بەسەر ڕەش پێستو ڕەش پێستیش ڕێزی بەسەر سپی پێستدا نییە، تەنها بە لەخودا ترسان و کاری چاکە نەبێت.

بنەماكانى لێبوردن لەئیسلامدا:

١ - لەئیسـلامدا هەمـوو ئاینـە ئاسـمانییەکان یـەك سـەرچاوەیان هەیـە، هەموویـان لەلایـەن خـوداوە هاتـوون، گەرچـی لـە ڕوانگـەی قورئانـەوە هەندێکیـان دواتر دەسـتکاری کـراون، لەبەر ئـەوە نابێت بەنـاوی ئاینـەوە کـەس دژایەتـی کـەس بـکات یـان سـوکایەتی بەرامبـەر بە یەکـدی بکەن.

٢ - لەئیسـلامدا هەمـوو پێغەمبـەران بـرای یەکدیـن، دەبێت موسـڵمان بـاوەڕی بە هەمـوو پێغەمبەران هەبێـتو ئەگـەر وانەبێت بـاوەڕی نابێت.

٣ - لەئیسـلامدا ئایـن بـە ئـازادی وەردەگیرێـتو زۆر کـردن لەئایندا نییـە، بیروباوەڕی ئاینی پێویسـتە بـە خۆشەویسـتیو لەدڵـەوە وەربگیریـتو ڕێـز لەشـوێن کەوتووانـی هەمـوو ئاینەکانیـش بگیرێـت لە چوارچێـوەی ئیسـلامدا.((لاَ إِكْـرَاهَ فِي الدِّينِ)) (البقـرة ٢٥٦).((وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَـاء فَلْيُؤْمِن وَمَـن شَـاء فَلْيَكْفُـرْ ...))(الكهف ٢٩)، واتە: تۆ ئەو هەقو ڕاسـتییە بڵـێو ڕایبگەیەنە کە لە خوداوە بۆت ڕەوانـە کـراوە. ئـەو کاتـە کـێ دەیەوێـت با بـاوەڕ بهێنێـتو هەر کەسـیش نایەوێـت با بـێ باوەڕبێت.

٤ - ئیسـلام داوا لـە موسـڵمانان دەکات کـە بـە چـاوی مرۆڤـبوونەوە سـەیری بەرامبەرەکانیـان بکـەنو بـە باشـترین شـێوە گفتوگۆیـان لەگەڵـدا بکـەن، بـە ڕێـزەوە بۆیـان بڕوانـن، ڕۆژێـك تەرمێکیـان بـەلای پێغەمبـەردا (د.خ) هێنـا لـە کاتێکـدا ئـەو دانیشـتبوو، هـەر کـە تەرمەکـە گەیشـتە لای پێغەمبـەر (د.خ) یەکسـەر وەك ڕێزگرتـن لێـی لەبـەری هەڵسـا، یەکێـك پێـی وت: ئـەی پێغەمبـەری خـودا ئـەو پیـاوەی مـردووە جولەکەیـە. پێغەمبـەر (د.خ) لـە وەڵامـدا فەرمـووی: مەگـەر ئەویـش مـرۆڤ نییـە، واتـە: بەحوکمـی ئـەوەی مرۆڤـەو خـودای گـەورە بـە دیهێناوە دەبێـت ڕێـزی لـێ بگیرێـت.



٥ - لەئیسلامدا ئازادیی ئاینە جیاوازەكان ڕێزی لێگیراوەو بۆیان هەیە بە ئازادی خۆیان شوێنی پەرستشی خۆیان دروست بکەن، پارێزگاری لە شوناس‌و فەرهەنگی ئاینی خۆیان بکەن، بۆ کەس نییە ئەم مافەیان لێ زەوت بکات، لەم بارەیەوە ڕێسایەك هەیە كە دەڵێت:(لێیان گەڕێن وەك ئەوەی دەیانەوێت خواپەرستی خۆیان بکەن بە گوێرەی ئاینەکەیان ڕەفتار بکەن).

٦ - لەئیسلامدا شوێنکەوتووانی ئاینەکانی دیکە دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت‌و بە دادپەروەری مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەموو چاکەیەکیان لەگەڵدا بکرێت، پێغەمبەر (د.خ) لەم ڕووەوە دەفەرموێت:((أَلَا مَنْ ظَلَمَ مُعَاهِدًا أَوْ انْتَقَصَهُ أَوْ كَلَّفَهُ فَوْقَ طَاقَتِهِ أَوْ أَخَذَ مِنْهُ شَيْئًا بِغَيْرِ طِيبِ نَفْسٍ فَأَنَا حَجِيجُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).واتە:هەر کەسێك ئازاری شوێنکەوتوی ئاینەکانی دیکە بدات من لە ڕۆژی دواییدا دەبم بە داواکار لەسەری، هەروەها دەفەرموێت:((من آذى ذمياً))،واتە:هەرکەسێك ئازاری شوێنکەوتوی ئاینەکانی دیکە بدات من ڕکابەری ئەوم.

٧ - لە ئیسلامدا نابێت دژایەتی لەنێوان موسوڵمان‌و شوێنکەوتوی ئاینەکانی دیکە، لەسەر جیاوازیی ئاینی دروست ببێت چونکە هەموویان لە مرۆڤایەتیدا برای یەکدین‌و دەبێت مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن‌و ڕێزی یەکدی بگرن، مافەکانی یەکدی پێشێل نەکەن خودای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:((لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)) (الممتحنە ٨).

واتە:خودای گەورە ڕێگریتان لێ ناکات لە گەڵ ئەوانەی لە سەر ئاین شەڕیان لە گەڵ نەکردون، لە ماڵ‌و حاڵ‌و نیشتیمانی خۆتان وەدەریان نەناون، بە چاکەو میهرەبانی بجوڵێنەوەو ڕەفتار بکەن, چونکە خودای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

گفتوگۆ:

چۆن دەتوانین خۆمان لەسەر لێبوردەیی ڕابهێنین؟

پرس:

دەمارگیریو هەستی دوژمنایەتی کە پێچەوانەی لێبوردەیین زیان بە مرۆڤو کۆمەڵ دەگەیەنن؟

بەشی چوارەم

خێزان و ژیانی خێزانی

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

وانەی بیست و دووەم: خـێزان

خێـزان: بریتییـه لـه گرنگتریـن دەزگای پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و بناغـەی پێکهێنانـی کۆمـەڵ، کـه لـه دایبـابو منـداڵو نەوەکانیـان پێـك دێـت، لانکـەی خۆشەویسـتیو ڕێـزو پێگەیشـتنو میهرەبانییـه، ئەندامەکانـی خاوەنـی کۆمەڵێـك مـافو ئەرکـن بەرامبـەر بـه یەکـدی.

مـرۆڤ بەسروشـتی خـۆی حـەزدەکات لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا بـژیو تەنهـا نەبێـت، دروسـتکردنی خێـزان و ژیانـی خێزانـی خواسـتی مـرۆڤ بـۆ پێکەوەبـوون، بەدیدەهێنێـتو لـه تەنیایـیو گۆشـەگیری ڕزگاری دەکاتو ئاسـوودەیی پـێ دەبەخشـێت.

١- پێکهێنانی خێزان له ڕوانگەی ئیسلامەوە:

بـێ گومـان خێـزان ڕۆڵێکـی گـەورەی لـە ژیانـی تـاكو كۆمەڵـدا هەيـە، خـودای گـەورە لـە خێزانـدا وای لـە ژنومێـرد كـردووە، كـە هەريەكەيـان ببنـە تەواوكـەری ئـەوی ديكەيـان. هيچيـان بەبـێ ئـەوی ديكـە ئارامیـی نييـەو يەكـدی تـەواو دەكـەن، تاكـەكان بەكـوڕو كچـەوە هەتـا خێـزان پێـك نەهێنـن، هەسـت بـە ئاراميیەكـی هەميشـەيی ناكـەن، گـەر لەدروسـتكردنی خێزانێكـی بەختـەوەردا سـەركەوتووبن، هـەر بۆيـە ئيسـلاميش بەچاوێكـی پـڕ بايەخـەوە سـەيری خێـزان دەكات و دەيەوێـت لەسـەر بناغەيەكـی ڕاسـت و پتـەو بنياتـی بنێـت، ئـەرك و مافـی ئەندامەكانـی بەجوانـی ديـاری بـكات، هەروەهـا بـەم جۆرەش پارێـزگاری لـێ دەكات و بەهاكانـی دەپارێزێـت و گەشـەيان پـێ دەدات، لـە سـەر ئـەم بناغەيـە ئيسـلام هانـی دروسـتكردنی خێـزان و هاوسـەرگيری دەدات.

پێغەمبـەر (د.خ) لـەم بارەيـەوە دەفەرموێت:(النِّـكاحُ مِـن سُـنَّتي، فَمَـنْ لَـمْ يَعْمَـلْ بِسُـنَّتي فَلَيْـسَ مِنِّـي)، واتـە: ژنهێنـان و شـوكردن و هاوسـەرگيری لـە سـوننەت و ڕێبـازی منـەو هەركەسـێك كار بـە سـوننەت و ڕێبـازی مـن نـەكات لـە مـن نييـە.

هەروەهـا پێغەمبـەر (د خ) ڕوو لـە گەنجـان دەفەرموێت:((ئـەی گەنجـان، هەركەسـێك لـە ئێـوە دەتوانێـت بـا ژن بهێنێـت, چونكـە چـاو و داوێنـی مـرۆڤ دەپارێزرێـت، ئەوانەشـتان ناتوانـن بـا بـەڕۆژو بـن، ياخـود خۆتـان بگـرن تـا وەكـو دەرفەتـی ژنهێنـان و شـوكردنتان بـۆ دەڕەخسـێت)).

خـودای گـەورە غەريـزەی جنسـيی لـە هـەردوو ڕەگەزەكـدا دروسـتكردووە و هەسـت دەكـەن پێويسـتييان بـە يەكدييـەو يەكـدی تـەواو دەكـەن، ئيسـلام وەكـو هەندێـك (ئايـن) داوا لـە مـرۆڤ نـاكات واز لـە ژيانـی دونيـا و خۆشـييەكانی دونيـا بهێنێـت، كـە لەوانـەش يەكيـان خۆشـی (جنسـی)يە، بەڵكـو تەنهـا داوای لـێ دەكات ئـەم غەريزەيـە و غەريزەكانـی ديكـە، لـە چوارچێـوەی ڕەوشـت و بەهـا كۆمەڵايەتييـە بـەرزەكان و ئامانجـە ڕاسـتەكاندا، بەپێـی شـەريعەتی ئيسـلام تێربكرێـن.

هاوسـەرگيری و پێكهێنانـی خێزانيـش ئـەو چوارچێـوە شـەرعی و ياسـايی و ئەخلاقيەيـە، كـە ئـەم ئامانجـە لەپـاڵ كۆمەڵێـك ئامانجـی ديكـەدا بـەدی دەهێنێـت، مـرۆڤ لـەلادان و تـاوان دوردەخاتـەوە و وای لـێ دەكات چێـژ لـە ژيـان وەربگرێـت، خـودای گـەورەش لەخـۆی ڕازی بـكات. هەروەهـا لـە كۆمەڵگەشـدا بەسـەر بـەرزی بـژیو نـاو و ناوبانگـی خـۆی و بنەماڵەكـەی بپارێزێـت.

٢ - هەڵبژاردنی هاوسەر:

هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان مەسەلەیەکی یەکجار گرنگەو دوارۆژی خێزانی پێوە بەندە. خێزانیش بۆ ئەوەی ئەو دەورەی لێی چاوەڕوان دەکرێت بیگێڕێت، لەسەر بناغەیەکی پتەوو ڕاست دابمەزرێنرێت، دەبێت هەر لەیەکەم هەنگاوی پێکهێنانییەوە حیسابی وردی بۆ بکرێت و نەخشەی بۆ دابڕێژرێت، چونکە ئەگەر شتێك لە سەرەتاوە بە ڕاست و دروستی دەستی پێ نەکرد، دواتر وزەو توانایەکی زۆر بۆ ڕاستکردنەوەی پێویستە.

یەکەم هەنگاوی خێزانیش دیاریکردنی هاوسەری دوارۆژە، هەر بۆیە ئیسلام جەختی زۆری لێ دەکاتو داوامان لێدەکات لەم ڕووەوە هۆشیاربینو بڕیاری ڕاست بدەین، بەڕوکەش فریونەخۆین، دیارە ئەو بناغەو پێوەرانەش کە مرۆڤ هاوسەری ژیانی خۆی بەگوێرەی ئەوان هەڵدەبژێرێت، مەسەلەیەکی گرنگە، ئیسلامیش لەم ڕووەوە ڕێنوێنی پێویستی کردووین و چەندین پێوەرمان دەداتە دەست، بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچینو لەسەر بناغەیەکی ڕاستو دروست هاوژیانی خۆمان هەڵبژێرینو نەخشە بۆ ژیانێکی خێزانیی بەختەوەرو کامەران دابڕێژین.

بناغەو پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوسەر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:

ئ - ڕەچاو كردنی ئایین:

ئیسلام زۆر بایەخ بەوە دەدات، كە خێزان لەسەر بنەمایەكی پتەو دابمەزرێت، چونكە ئەگەر بنەماكەی بەهێز نەبێت ناتوانێت لەبەردەم ڕەشەبای كێشە و گرفتەكان و هەڕەشە دەرەكیەكاندا بووەستێتو خۆی ڕابگرێت و ئەندامەكانی بپارێزێت، هەر لەبەرئەوەشە (ئایین) دەكاتە بنەمایەكی بەهێز لە دروستكردن و پێكهێنانیدا، پەیمانی هاوسەریش لە نێوان ژنو پیاودا بەپیرۆز دەزانێت. ڕەچاوكردنی بەهاو بنەماكانی ئیسلام لە ژیانی خێزانیدا هاوسەرەكان دوردەخاتەوە لە خیانەت كردن لە یەكدی، هانیاندەدات پێكەوە هاوكاربن بۆ گوزەراندنی ژیانێكی خۆشو پەروەردەكردنێكی جوانی منداڵەكانیانو پاراستنی ئارامیی خێزانەكانیان.

پێغەمبەر (د خ) لەم ڕووەوە دەفەرموێت:((تنكح المرأة لأربع، لمالها ولحسبها ولجمالها ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك))، واتە: پیاو لەبەر یەكێك لەم چوار شتانە ئافرەت دەكات بە هاوسەری خۆی، لەبەر دەوڵەمەندی و ماڵەكەی، یاخود بنەماڵەكەی، یان جوانییەكەی، چوارەمیش لەبەر باوەڕ و ئاینداریەكەی .. تۆ ئایندارەكە هەڵبژێرە براوەی.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت پیاو، ژن نەهێنێت ئەگەر دەوڵەمەند بێت یاخود خاوەنی بنەماڵەو جوانی بێت. بەڵكو مەبەست لەوەیە مادام یەكێك خۆی بە موسڵمان دەزانێت دەبێت هەمیشە یەكێك لە پێوەرە گرنگەكانی، بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرەكەی ئاینەكەی بێت، چونكە وەك وتمان ڕەچاوكردنی بەها ئیسلامییەكانو پابەندبوونی هاوسەرەكانو ئەندامانی خێزان، بە ئەركە موسڵمانێتییەكانی سەرشانیان، خێزان بە هێزو پتەو دەكاتو كێشەو گرفتە خێزانییەكان كەم دەكاتەوە، یارمەتیدەرێكی باش دەبێت بۆ هێنانەدی كەشو هەوایەكی خێزانیی كامەرانو پڕ لە هەستی ناسكو گەرمو گوڕ.

ب - ڕەوشت جوانی:

پێوەرێكی دیكەی هەڵبژاردنی هاوسەر، بوونی ڕەوشتی جوانە، ڕەچاوكردنی ڕەوشت جوانی لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیاندا بۆ كچو كوڕ یەكجار گرنگە، چونكە ئەوەی حوكمی خێزان دەكاتو دەیكات بە شوێنی پەروەردەی جوانو حەوانەوە، یاخود ئاژاوەو ناخۆشی، بوون یاخود نەبوونی ڕەوشتە لە هاوسەر و ئەندامەكانیدا، پێغەمبەر (د.خ) لەم بارەیەوە لە فەرموودەیەكدا ئامۆژگاریی خێزانەكان دەكاتو دەفەرموێت: ((اذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه، الا تفعلوه تكن فتنة في الارض وفساد كبير)). (ترمذي وحاكم) گێڕاویانەتەوە.

واتە: ئەگەر یەكێك هات بۆ داوای كچەكەتان لە ڕەوشت و ئاینی ڕازی بوون بیدەنێ (هەڵبەت دوای

ڕازی بوونی کچەکە خۆی)، چونکە گەر وانەکەن ئەوە خراپە و ئاژاوە لە زەویدا بڵاو دەبێتەوە. کەواتە مرۆڤ پێش ئەوەی سەیری دەوڵەمەندیو جوانیو ناسراوی و بڕوانامەو ئەم شتانە بکات، بۆ ئەوەی یەکێك بەهاوسەری خۆی یاخود هاوسەری کچو کوڕو خوشكو براکەی دیاری بکات، دەبێت سەیری ڕەوشتی بەرامبەر بکاتو لێی بکۆڵێتەوە. چونکە ئەگەر مرۆڤێك هەموو شتەکانی دیکەی هەبێت بەڵام کەموکورتیی ڕەوشتی هەبوو بەمانا فراوانەکەی ڕەوشت، ئەوا ناتوانێت ببێتە هاوسەرو باوك یاخود دایکێکی باش، جۆرەها کێشە بۆ هاوبەشی ژیانو خێزانەکەی دروست دەکات.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی لەم فەرموودەیەدا گرنگە ئەوەیە کە ئایینداری تەنها ڕواڵەت نییە بۆ ڕازی بوون بەیەکێك، بەڵکو لە پاڵ ئەودا ڕەوشتیش گرنگە مەرجیش نییە یەکێك بە ڕواڵەت موسڵمان بوو خودا پەرستیشی دەکرد، ڕەوشتی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا جوانو ناسك بێت، پیاوێك هەرچەندە موسڵمانیش بێت بەڵام موسوڵمانێتییەکەی کاری نەکردبێتە سەر ڕەوشتیو دڵ پیسو ڕەزیلو هەست بریندارکەرو توڕەو زمان پیس وتەمبەڵ بێت، بە کەڵکی ئەوە نایەت بکرێت بەهاوسەری ژیان.

پ - ئازادی لە هەڵبژاردندا:

لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەبێت خێزان لەسەر بناغەی سۆزو خۆشەویستی دابمەزرێنرێت، نابێت زۆر لە هیچ یەك لە دووهاوسەرەکەو بەتایبەتیش کچ بکرێت، لە دیاریکردنی هاوسەردا، زۆرلێکردن لە بەشودانو ژنهێناندا نەریتێکی نەزانانەو دواکەوتو و خێڵەکیی پێش ئیسلامە، دەبێت کۆتایی پێ بێتو ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە، ڕێککەوتننامەی هاوسەرگیری لەشەریعەتی ئیسلامدا ڕێککەوتننامەیەکە لەسەر بناغەی ڕەزامەندی هەر دوولا دروست دەبێت، هەر بەو ڕەزامەندییەش دادەمەزرێت، ئەگەر لایەکیان زۆری لێ بکرێت، ڕێککەوتننامەی هاوسەرگیرییەکە دانامەزرێتو بەتاڵ دەبێتەوە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:((لا تُـزوَّج الثيب حتى تُستأمر ولا تزوَّج البِكر حتى تُستأْذَنَ)) موسلیمو بوخاری گێڕاویانەتەوە.

واته: بـێ ڕازی بوونو ڕێ پێدانی خـۆی، کـچ مـاره ناکرێـتو بەشـو نادرێـت، هەرچـی دەربارەی شـوکردنی بێوەژنە، مەسـەلەکە توندترەو دەبێت بێوەژنەکە خـۆی بڕیار بدات و دەری ببڕێـت کە ڕازییە شـو بە کەسـێکی دیاریکـراو بکات.

لـە فەرموودەیەکیشـدا هاتـووە کـە:((لا تكرهـوا البنـات فإنهن المؤنسـات الغاليات))، واتـە: زۆر لـە کچـان مەکـەن، چـونکە خەمڕەوێنو هاودەنـگو قەدرگرانـن ، ئەبو داود لە (ئیـبن عەباس)ەوە دەیگێڕێتـەوە، کە کچێکـی گەنج هاتە لای پێغەمبەرو باسـی ئـەوەی بۆ کرد کە باوکی بەشـوی داوە، ئەمیـش ڕازی نییـەو حەزناکات شـو بەو کەسـە بـکات کە باوکـی بـۆی دیاریکردووە، پێغەمبـەر (د.خ) سەرپشـکی کـرد لـەوەی گرێبەسـتەکە هەڵبوەشـێنێتەوە یاخـود ڕازی ببێت.

ئەبـو هوڕەیـرەش دەگێڕێتـەوە، کە کچێـك هات بـۆ لای پێغەمبەر (د.خ) و پێـی وت: باوکم داومـی بـە برازاکەی بۆ ئەوەی شـانو شـەوکەتی خۆی بەرزبکاتـەوە، بەبـێ ڕەزامەندی من. پێغەمبەر (د.خ) چارەنووسـی خۆی دایەوە دەسـت خۆیو فەرمووی بڕیار هـی خۆتەو دەتوانیت هەڵیبوەشـێنیتەوە، کچەکە وتی: مـن ڕێم بە باوکم داوە بـەوەی کردوویەتی، بەڵام بەمە ویسـتم ئافرەتـان بزانن کـە باوکەکان ناتوانن بـێ ڕەزامەندی ئەوان بیاندەن بەشـو و زۆریان لێ بکەن.

دایـكو باوکان لەم ڕووەوە دەبێت لەم مەسـەلە هەسـتیارەدا بە دڵسـۆزییەوە مامەڵە بکەن، ئازادی بـە کوڕو کچەکانیان بـدەن، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێنماییان بکەن بۆ باشـترین شـێوازی هەڵبژاردنی هاوسـەر، بۆ ئەوەی لەسـەر بناغەیەکی ڕوکەشو سـادەو سـاکار، لەژێر کاریگەریی سـۆزێکی گەنجانـەی ڕوتـدا، هاوسـەری ژیانیان دیـاری نەکـەن، چونکە خێزاندروسـتکردن بەرپرسـیارێتییەو دەبێـت لە ڕووی کۆمەڵایەتیو دەروونیو فسـیۆلۆجییەوە دامـەزراو بێت و ببێتە لانەی بەختـەوەریو پەروەردەیەکـی باش، بۆ ئـەوەی کۆمەڵیش بەهێز و چالاك و گەشـەکردو بێـت، کـوڕو کچەکانیش پێویسـتە ڕاوێژ بـە دایكو باوکیـان بکەنو سـوود لە ئامـۆژگاریو شـارەزایی ئەوان وەربگرن.

ت - سەیرکردن و ناسین و لە یەکدی تێگەیشتن:

ئـەو دوو کەسـەی دەخـوازن بـبن بـە هاوسـەری یەکـدی، دەبێـت یـەك ببینـن‌و لـە ڕووی ڕواڵـەت‌و مەسـەلەکانی دیکـەوە یەکیـان بـەدڵ بێـت، ئینجـا هەوڵـی هاوسـەرگیری بـدەن‌و هەنـگاوی بـۆ بهـاون.

ڕۆژێـك یەکێـك لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر (د.خ) خوازبێنـی کچێکـی کردبـوو، پێغەمبـەر(د.خ) فەرمـووی: سـەیری ئافرەتەکـەت کـردووەو بەدڵـت بـووە؟ وتـی: نەخێـر ، فەرمـووی: دەبـڕۆ سـەیری بکـە، چونکـە ئەمـە پێویسـتە بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی هاوسـەریتان لەگـەڵ یەکـدا بـەردەوام بێـت، ناسـین‌و قسـە لەگـەڵ یەکـدی کـردن‌و ئـاڵ‌و گۆڕکردنـی بیـرو ڕا لەگـەڵ یەکـدی، هەمـوو ئەمانـە مـادام مەبەسـت تێیانـدا هاوسـەرگیری بێـت‌و لـە چوارچێـوەی پێـوەرو ڕەوشـتە ئیسـلامییەکان دەرنەچێـت، خزمـەت بـە کـردەی هاوسـەرگیری دەکـەن بـۆ ئـەوەی پێکهێنانـی خێـزان، لەسـەر بناغـەی ڕەزامەنـدی‌و لـە یەکگەیشـتن بێـت‌و، تەنهـا لەسـەر بنەمایەکـی ڕوکـەش‌و ڕواڵەتـی، بنیـات نەنرێـت، مەبەسـت تێیـدا تەنهـا تێرکردنـی غەریـزەی سێکسـی نەبێـت، بەڵکـو بەدیهێنانـی ژیانێکـی ئـارام‌و ئاسـودەو پـڕ لـە خۆشەویسـتی‌و سـۆزو هـاوکاری بێـت، دەبێـت ئـاگاداری ئـەوەش بیـن، کـە نابێـت لـە مەسـەلەی جوانـی ئافرەتـدا، زیـادەڕەوی بکرێـت‌و هەمـوو شـتێکی لـە جوانییەکەیـدا کورتبکرێتـەوە.

ج - هاوشان بوون:

واتـە دووهاوسـەرەکە لـە هەندێـك ڕووەوە لـە یەکـدی نزیـك بـن، هەندێـك جیـاوازی نەبێتـە مایـەی ناکۆکییـە خێزانییـەکان‌و کەمکردنـەوەی هەسـت کـردن بـە سـۆزو کامەرانـی نێوانیـان، ڕوونیشـە کـە لـە ئیسـلامدا جیـاوازی نییـەو مرۆڤـەکان لەبـەردەم خـوداو یاسـای ئیسـلامدا یەکسـانن، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا ڕەچاوکردنـی هاوشـانی بەگوێـرەی کات‌و سـەردەم‌و شـوێنە جیـاوازەکان، بـۆ پێکهێنانـی خێـزان گرنگـە، مەبەسـت لـە ڕەچاوکردنـی ئـەم خاڵـە ئەوەیـە مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی خێزانێکـی ئـارام پێکبهێنێـت هەوڵبـدات ڕەچـاوی ئاسـتی کۆمەڵایەتـی‌و ڕۆشـنبیری‌و ئابـوری بنەماڵـەی بەرامبـەر بـکات، جیاوازیـی نێوانیـان یەکجـار زۆر نەبێـت، بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن گونجـان لـە نێـوان هـەردوو لادا هەبێـت.

گفتوگۆ:

لاوازبوونی خێزان چ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بەسەر ژیانی ئەندامەکانیو کۆمەڵدا دەبێت؟

پرس:

١- ئایا زۆر لێکردن لە کوڕان و کچان لە مەسەلەی ژنهێنانو شوکردندا لەگەڵ ئیسلامدا گونجاوە؟

٢- دەبێت لەسەر چ بناغەیەك هاوسەری داهاتووی ژیانمان هەڵبژێرین؟

وانەی بیست و سێیەم: گرنگی خێزان و ئەرکەکانی لە ئیسلامدا

هــەروەك ڕون بۆیەوە، ئیســلام بایەخێکی یەکجار گــەورە بەخێزان دەدات، هەر لە یەکەم ســاتی پێکهێنانییەوە ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی هەیە، تــا دەگاتە پەیوەندی نێــوان ئەندامەکانی.

لــە ڕوانگــەی ئیســلامەوە ئــەو خێزانــەی خــودای گــەورە بپەرســتێت و پێــوەرە ئیســلامیەکانی بەســەردا بچەسپێت، ئەندامەکانــی کامــەران دەبــن، دەبێــت چەندیــن ئــەرك جێبەجــێ بکــەن، بایــەخو ئەرکەکانــی خێزانیــش لــە ڕوانگــەی ئیســلامەوە لــەم خاڵانــەی خــوارەوەدا دەردەکەوێــت:

یەکەم - دابینکردنی ئارامیو ئاسوودەیی:

یەکـــەم ئەرکی خێزان لە ڕوانگەی ئیســـلامەوە ئەوەیە کە ببێتە شـــوێنو پەناگەیەك بۆ ئاســـودەیی دەرونی دایبـــابو منداڵەکانیان، خودای گـــەورە دەفەرموێت:((وَاللّهُ جَعَلَ لَكُم مِّن بُيُوتِكُمْ سَــكَنًا)) (النحــل ٨٠)، واتە: خودای گـــەورە ماڵەکانتانی کردووەتـــە مایەی دڵئارامیو ئاســـودەیی، ئەوەی ژیانو ئارامیو ئاشـــتیو ئاســـودەییش بە ماڵ دەبەخشێت خێزانە.

خـــودای گـــەورە هـــەر وەك چـــۆن ماڵەکانی بـــۆ کردوین بە جێگـــەی حەوانـــەوە، ئاوهاش پەیوەندیی هاوســـەریی کـــردووە بە مایەی ئارامـــی دڵو ئاســـودەیی دەرونو دەفەرموێت:((وَمِنْ آيَاتِــهِ أَنْ خَلَقَ لَكُــم مِّنْ أَنفُسِــكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْــكُنُوا إِلَيْهَـــا...)) (الروم ٢١). واتە: لە نیشـــانەکانی خـــودای گەورە ئەوەیـــە، کە مرۆڤی لـــە دوو ڕەگـــەز بەدیهێناوە، بۆ ئـــەوەی لە ڕێـــی پێکهێنانی خێـــزانو بوون بە هاوســـەری یەکدییەوە هەریەکەیان ببێتە ســـەرچاوەی ئارامـــیو بەختەوەری بۆ ئەوەی دیکـــە هەروەك خودای گـــەورە دەفەرموێت: ((هُوَ الَّــذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْــسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْــكُنَ إِلَيْهَـــا ...))(الاعراف١٨٩).

واتـــە: خودای گەورە ئەو کەســـەیە کە ئێوەی لەیەك نەفـــس بەدیهێناوە، هەر لـــە توخمی ئەویش هاوســـەری بۆ پەیداکرد، تا لە سایەیدا ئاســـودەو ئارام بژی.

ئـــەم ئارامیو ئاســـودەییەش بـــەوە دێتە دی ئەندامانـــی خێزان لە یەکـــدی دڵنیابن، هەموو ئەو شـــتانەی دەبنە مایـــەی ناکۆکـــیو ڕقو تورەیی وازی لێبهێنـــن، هەوڵـــی بەدیهێنانی کەشو هەوایەکـــی پڕ لە خۆشـــیو ئارامیو بەختـــەوەری بـــۆ خێزانەکەیان بدەن.

لـــە ڕوانگەی ئیســـلامەوە ژن و پیـــاو یەکدی تەواو دەکـــەن، هیچیان بێ ئـــەوی دیکە ئارامیی تەواوی دەســـت ناکەوێت، مرۆڤ تا خێزان پێکنەهێنێت، هەســـت بە ناتەواویو بۆشـــایی دەرونیو کۆمەڵایەتـــی دەکات، بەهۆی ئەم پەیوەندییە باشـــەی نێـــوان ژنو مێردیش لـــە خێزاندا ماڵەکان دەگەشـــێنەوەو کۆمەڵیش پێش دەکەوێت.

پەیوەندی ژنو پیاو لە خێزاندا دەبێت بگاتە ئاســـتێك وەك ئەوەی گیانێك بن لە دوو جەســـتەدا، هەســـتو ئامانجو خەمی هاوبەشـــیان هەبێتو هەریەکەیان ڕەچاوی حەزو بەختەوەریو کەسێتی و خۆشـــیی ئەوی دیکە بکات:((...هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَـــاسٌ لَّهُنَّ...))(البقرة ١٨٧).

واتە: ژنەکانتان پۆشـــاکی ئێوەنو ئێوەش بۆ ئەوان پۆشـــاکن، پۆشـــاك مرۆڤ لە گەرماو ســـەرماو نەخۆشـــی دەپارێزێتو جوانـــی پێ دەبەخشـــێت و کەموکوڕییەکانی جەســـتەش دەشـــارێتەوە، هاوســـەرەکانیش دەبێت ڕۆڵی پۆشـــاك بۆ یەکدی ببینو ببنە مایەی خۆشـــبەختی یەکدیو یەکدی جوان بکـــەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خێزان شـــوێنی ململانێو مل پێ کـــەچ کردنو نواندنی هێزو دەســـەڵاتو خۆهەڵکێشانو فەرامۆشکردن نیە، بەڵکو شـــوێنی ئارامی و وەفاو خۆشەویستییە.

دووەم - دابینکردنی سۆزو بەزەیی:

ئەرکێکی دیکەی بنەڕەتیی خێزان بریتییە لە بەدیهێنانی سۆزو خۆشەویستی بۆ ئەندامەکانی، ئەوەی دەبێتە هەوێنی ژیانێکی خێزانیی کامەران، هەستکردنە بە گەرمی ئەو سۆزو خۆشەویستیو بەزەییەی کە خێزان بە مرۆڤی دەبەخشێت، هیچ دەزگایەکی دیکەش ناتوانێت ئەو ڕۆڵە بەو جۆرە بگێڕێت، مرۆڤ کاتێك لە ژیاندا ماندوو دەبێت، پێویستی بە پشودانو حەسانەوەیە، کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزان، مافی خۆیەتی هەست بەخۆشەویستییەکی پاكو گیانێکی پڕ لە میهرەبانی بکات، دەبێت دایكو باوك و منداڵەکانیش بەسەریەکەوە هاوکاری یەکدی بکەن، بۆ ئەوەی خێزانەکەیان پڕ بێت لە خۆشەویستیو هەستی ناسكو سۆزو بەزەیی خاوێن، خودای گەورە لەم ڕووەوە دەفەرموێت:((...وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ))(الروم ٢١). واتە: خودای گەورە سۆزو بەزەیی لە نێوانتاندا - لە نێوان ژنو پیاودا وەك دوو هاوسەر- دروست کردووە، ئەمەش بەڵگەو نیشانەن بۆ ئەوانەی بیردەکەنەوە، لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە خێزانێك بە خێزان دادەنرێتو خودای گەورە لێی ڕازییەو لەسەر بناغەی ئیسلام دامەزراوە، کە باوەشی سۆزو بەزەییو خۆشەویستی بێت، ژنو پیاو و سەرجەم ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەکدیدا میهرەبان بنو یەکدییان خۆشبوێتو دوربن لە توندوتیژیی خێزانیو ئاژاوەو کێشەو ناکۆکی کە ئاسودەییو بەختەوەری خێزان تێکدەدات .

لە خێزانێکدا ئافرەت زوڵمی لێ بکرێتو توندوتیژی لەگەڵ ئەو و منداڵەکان لەلایەن پیاوەوە بکرێت، یاخود پیاو بێ بەش بێت لەسۆزو هەستی پاكو ناسکی ژن، ئەو خێزانە لە ڕێنوینییەکانی ئیسلام لای داوەو ژیانی ئەندامەکانی تاڵ دەبێت، سەرپێچی فەرمانەکانی خودای گەورەیان کردووە، چونکە هەرکەسێك لە هاوسەرەکانو منداڵەکان کارێك بکات ئاسودەیی خێزان تێکبدات، بەم کارەی دژی خواستو فەرمانی پەروەردگار وەستاوەتەوەو ڕێزی لە مافی ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیشی نەگرتووە، چونکە خێزان دەبێت ئەندامەکانی ئەرکەکانی سەرشانیان بەرامبەر یەکدی ئەنجام بدەنو ڕێز لە مافەکانی یەکدی بگرن، هەموویان هەست بە ڕێز و خۆشەویستی بکەن.

سێیەم- پەروەردەكردنی منداڵ:

مەبەست لە دروستكردنی خێزان خستنەوەی نەوەیەكی چاكەكاری بەڕێزە، بۆ ئەوەی تاكەكان بە ئارامی بەیەكەوە بژین و ڕێزی یەكدی بگرن هەر بۆیە یەكێك لە هەرە ئەركە گرنگەكانی دیكەی خێزان بریتییە، لە پەروەردەكردنی منداڵ لەلایەن دایك و باوكەوە، دیارە یەكێك لە ئامانجەكانی هاوسەرگیری خستنەوەی نەوەو بەردەوام بوونی ژیان و ڕەگەزی مرۆڤە، بەڵام ئەركی دایك و باوك تەنها نەوە خستنەوەو بەخێو كردنی منداڵ نییە و بەوە كۆتایی نایەت، بەڵكو هەموو ئەو شتانە، بە بێ پەروەردەكردنێكی ڕاست و دروستی منداڵ ئامانجەكانیان ناپێكن، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە خێزان دەبێت، ببێتە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی نەوەیەكی باوەڕدارو هۆشیارو چاكەخواز، قورئان فێری دایكان و باوكان دەكات، كە منداڵەكانیان بەجۆرێك پەروەردە بكەن بەرچاویان ڕوون بكەنەوەو ببنە پێشەنگ، لە خواناسی و چاكەكاری و خزمەتكردن بە كۆمەڵ، هەروەك دەفەرموێت:((وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا))(الفرقان ٧٤).

واتە: ئەوانەی كە نزا دەكەن و دەڵێن، خوایە گیان خێزان و منداڵێكمان پێ بدە كە ببنە ڕوناكی چاومان و بمانكە بە ڕابەرو پێشەوای چاكەكاران.

كەواتە خێزان لە ئیسلامدا پێگەیەكی پیرۆزی هەیەو لە پێناو كۆمەڵێك ئامانجی بەرزو پیرۆزدا بنیاتنراوە، هەر بۆیە داوا لە موسڵمانانیش دەكات، بە گرنگییەوە سەیری بكەن و لەم ڕێیەشەوە خۆیان كامەران بن و خزمەت بە كۆمەڵەكەشیان بكەن، ڕێ لە لاوازی و هەڵوەشانەوەی خێزان بگرن، ڕووبەڕووی هەموو ئەو بانگەشە ناڕاستانە ببنەوە كە لە پلەو پایەی خێزان كەم دەكەنەوەو بێ ڕێزی بەرامبەر بەهاكانی دەكەن، یاخود داوای هەڵوەشاندنەوەی دەكەن، چونكە لاوازی و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزانەكان، جۆرەها نەخۆشی و گرفتی كۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەوانەش:

١- پەرتەوازەبوونــی منــداڵو تووشــبوونی بــە کۆمەڵێــك دیــاردەی ترســناکی وەك مــادە بــۆ هۆشــکەرەکانو خواردنــەوەو بەکارهێنانیــان لەلایــەن هەندێــك بانــدی مافیــاوە بــۆکاری ترســناكو بەدڕەوشــتی.

٢- نەمانــی خۆشەویســتی راســتەقینە لەنێــوان ژنو پیــاودا بەشــێوەیەك کــە بتوانــن ژیانێکــی درێژخایــەن بەیەکــەوە بژیــن.

٣- زۆربوونی نەخۆشی دەرونیو هەستکردن بە تەنیاییو ترسو دڵە ڕاوکێ.

٤- لاواز بوونــی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان، ئــەوەش گیانــی هــاوکاری کــەم دەکاتــەوە، وا لــە تاکــەکان دەکات هەســت بەتەنیایــی بکــەنو نەتوانــن بەگوێــرەی پێویســت چێــژ لــە ژیــان وەربگــرن.

بــۆ ئــەوەی ڕێ لەمــە بگریــنو خێزانەکانمــان ببنــە شــوێنێك بــۆ پــەروەردەو حەســانەوەو گەشــەپێدانی عەقــڵو فیکــرو ســۆزو خۆشەویســتی، پێویســتە ڕەچــاوی هەمــوو ئــەو شــتانە بکرێــت کــە لەمەوپێــش باســکران.

ئەرکــی لاوانیــش لــەم نێوەنــدەدا گرنگــە، دەبێــت بــەو جــۆرە ڕەفتاربکــەن کــە لەگــەڵ ئامانجەکانــی خێزانێکــی موســڵمانو هاوچەرخــدا گونجــاو بێــت. هــەر کارو ڕەوشــتو ڕەفتارێــك ببێتــە هــۆی تێکدانــی کــەشو هــەوا و ئارامیــی خێــزان، یاخــود نــاو و ناوبانگــی بنەماڵەکەیــان لەکــەدار بــکات، پێویســتە لێــی دووربکەونــەوە بــۆ ئــەوەی هــاوکاری دایــكو بــاوكو خێزانەکانیــان بکــەن، هەوڵبــدەن خێزانەکانیــان ببــن بــە خێزانــی نموونەیــی، خێزانــی نموونەییــش بــەو خێزانــە دەوترێــت کــە شــەڕو ئــاژاوەو کێشــەی تێــدا نییــە، ئارامــیو خۆشەویســتی باڵــی بەســەردا کێشــاوەو ئەندامەکانــی لەگــەڵ یەکدیــدا کــراوەو دەم بــە پێکەنیــنو بەڕێــزن، بەزمانێکــی جــوان لەگــەڵ یەکدیــدا دەدەوێــن، هەروەهــا ڕێــز لــە ڕاو بۆچوونــی یەکــدی دەگــرنو یارمەتــی یەکــدی دەدەن.

ئەرکو مافەکانی ئەندامانی خێزان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

بــۆ ئــەوەی خێزان بەردەوام بێــتو ڕۆڵی دەرونــیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەیــی خۆی ببینێت، بەو جۆرەی کە لە پێشــەوە باســکرا، ئیســلام هەوڵی داوە ئەركو ماف بۆ ئەندامەکانی دیاریبکات، خێزانیش لــە ڕوانگەی ئەوەی کە لەدایكو بــاوكو منداڵ پێکدێت، دەبێــت دیاریکردنی ئەو ئەركو مافانــە هەموویان بگرێتەوە، ئەرکــی موســوڵمانێتی و ئەخلاقیانەی هەر تاکێکی ناو خێزانیشــە، ئەرکەکانی سەرشــانی بەجوانی بەرامبــەر ئەندامەکانی دیکەی خێــزانو بنەماڵەکەی ئەنجام بدات و ڕێز لــە مافەکانیان بگرێت، مافی خۆشــییەتی لــە مافەکانی خۆی بەهرەمەنــد بێت، بۆ جوانتر ڕونکردنەوەی ئــەم مافو ئەرکانە، هەوڵدەدەیــن بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەیــنو بیخەینە بەردەم قوتابیانی خۆشەویست:

یەکەم - مافەکانی ژن و پیاو بەرامبەر بە یەکدی:

لە ئیسلامدا ژنو پیاو چەندین مافیان بەسەر یەکدییەوە هەیە، هیچ کەسێکیان نابێت ئەو مافە شەرعیو یاساییەی بەرامبەرەکەی پێشێل بکات، چونکە ڕەچاو نەکردنی مافەکان دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانو کەمبوونەوەی ئارامیو خۆشەویستی لە خێزانەکاندا، لە ئیسلامدا هەردوو هاوسەر دەبێت بە خۆشەویستیو میهرەبانیو ڕێزەوە مامەڵە لە گەڵ یەکدی بکەنو لە زبریو توندو تیژیو ڕەچاونەکردنی مافەکانی یەکدی بەدوربن.

گفتوگۆ:

لە ڕوانگەی ئەو ئەرکانەی خێزان کە باسکران هەندێك لە کێشەکانی ئێستای ئێمە باس بکە؟

وانەی بیست و چوارەم: دووەم- مافەکانی منداڵ لە خێزاندا

مافی منداڵ بەسەر دایك و باوکەوە

منداڵ لە ئیسلامدا لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان چەندین مافی هەیە دایك و باوکانیش دەبێت ڕەچاوی ئەم مافانەی منداڵ بکەنو ژێر پێیان نەخەن لە گرنگترین ئەو مافانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١ - خۆشی دەربڕین، بەبۆنەی هاتنە دونیایەوە:

لە ئیسلامدا خێزانەکانو دایكو باوکان دەبێت پێشوازی لە هاتنە دونیای منداڵ بکەنو خشی دەربڕن و بەهێمای خێرو خۆشی بزانن.

لەمەشدا منداڵی کوڕو کچ جیاوازی نییە، خۆشی دەربڕین بەبۆنەی لەدایك بوونی کوڕو دڵتەنگ بوونو بێ تاقەتی بە لەدایك بوونی کچ، کە بەداخەوە تا ئێستاش پاشماوەکەی دەبینرێت، بەشێکە

لە ڕەوشتی نەفامی پێش ئیسلام و خودای گەورە لە قورئاندا بە توندترین زمان هێرش دەکاتە سەر ئەم بیرکردنەوەو مامەڵە نا ئیسلامییەو دەفەرموێت:((وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾)) (النحل٥٨- ٥٩)، واتە: کاتێك یەکێکیان مژدەی لەدایك بوونی کچی پێ دەدرێت، ڕەنگی ڕەش دادەگەڕێتو لە خەفەتاندا پیش دەخواتەوەو ڕق دایدەگرێت، لەبەر خراپی ئەو مزگێنییەی پێی دراوە، جا بیر دەکاتەوە داخۆ بیهێڵێتەوەو ببێ بە مایەی سەرشۆڕی، یاخود زیندە بەچاڵی بکات؟ بەراستی دادوەرییەکی خراپ دەکەنو حوکمێکی خراپ دەدەن، ئەمەی قورئان بۆی خستووینەڕوو وێنەی پیاوێکی نەفامو دواکەوتووی سەردەمی نەفامی و جاهلییەتی عەرەبەکانە.

لەئیسلامدا کوڕ و کچ هەردووکیان مرۆڤن، کەرامەتیان هەیەو کەسیان مرۆڤایەتی لەوی دیکە زۆرتر نییە، ئیسلام لەپێناو کەمکردنەوەی ئەو داب‌ونەریتە دواکەوتووانەی کاتی خۆی لە ڕێزی ئافرەتیان کەم دەکردەوە و پێشوازییان لە لەدایکبوونی نەدەکرد، هەوڵیداوە هەستی باوەڕدارانەی موسڵمانان تا ئەو پەڕی کە دەکرێت بەکاربێنێتو بەخێوکردنو میهرەبان بوون، لەگەڵ کچو خوشکدا بکات بەچاکەیەکی گەورەو مایەی چونە بەهەشت، بۆ ئەوەی لەم ڕێیەوە هانی موسڵمانان بدات بۆ ئەوەی بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازی لە هاتنە دونیای کچەکانیان بکەن.

پێغەمبەر (د.خ) لەم بارەوە دەفەرموێت ((مَنْ كانَّ لَهُ ثَلاثُ بَنَاتٍ أو ثلاثُ أَخوات فاتَّقى الله وأَقامَ عليهنَّ كانَ مَعِيَ فِي الجنَّة، وَأَومَا بالسَّبابةِ والوسطى)) (رواه مسلم والترمذي).

شایانی باسە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام تەنها کچی لە پاش بەجێماو ڕێزێکی یەکجار گەورەشی لە فاتیمەی کچی دەگرت، بەجۆرێك هەرکاتێك دەهات بۆ سەردانی لەبەردەم فاتیمەدا هەڵدەستاو عەباکەی سەرشانی کەخۆشەویسترین پۆشاکی ئەو بوو، بۆی ڕادەخستو نێوچاوانی ماچ دەکرد.دەیفەرموو: ((فاطمة بضعة مني فمن أغضبها فقد أغضبني)). واتە: فاتیمە بەشێکە لە جەرگم، هەرکەسێك ئازاری ئەو بدات ئازاری منی داوە.

٢- ناونانو هەڵبژاردنی ناوی خۆش بۆ منداڵەكان:

یەكێـك لە ڕێو ڕەسـمەكانی منـداڵ بوون لـە ئیسـلامدا ناونانـە، دایكو بـاوك دەبێت بە پێـی توانـا ئاژەلێك بـۆ منداڵەكانیان سـەرببڕن لـە ڕۆژی حەوتـەم یاخـود چواردەهەمینی لەدایكبوونیدا(عەقیقـە)، داوەتی خزمو دۆسـتان بكەنو بانگ بەگوێـی منداڵەكەیاندا بدەنو ناوی بنێن، پێویسـتە ئەو ناوەی لـە منداڵیش دەنرێت خۆشـبێتو كاتێك ئەو منداڵە گـەورە بوو لەناو كۆمەڵـدا بەهـۆی ناوەكەیەوە هەسـت بەكەمی نەكات.

٣- خۆشەویستیو نەرمو نیانی:

پێویسـتە باوكو دایـك منداڵەكانیان خۆشـبوێتو بە نەرمو نیانـیو میهرەبانییـەوە مامەڵەیان لەگەڵـدا بكەن، مافی منداڵیشـە لە خۆشەویسـتی دایـكو باوكی بەهرەمەند بێت، هەسـتكردنی منـداڵ بەخۆشەویسـتیو میهرەبانی دایـكو باوكی ڕۆڵێكی گرنـگ دەگێڕێت، لە هەسـتكردنی بەئارامی و ئاسـودەیی و پەروەردەبوونی بەشـێوەیەكی ڕاستودروست و پاراسـتنی لە ڕێلادانو نائارامی دەروونی، منـداڵ دیاریی خودایەو دەبێت ڕوناكی چاوی دایـكو باوكیش بێت، بەداخەوە لەبەر نەشـارەزایی لە ئیسـلامو هەندێك دابو نەریتـی دواكەوتووی كۆمەڵایەتـی، هەندێك پیاو زۆر منداڵەكانیـانو بەتایبەتیـش كچەكانیـان لە باوەش ناگرنو خۆشەویسـتییان بـۆ دەرنابڕن. لـە كاتێكدا پیغەمبەر (د.خ) ئەمەی بە نیشـانەی دڵڕەقیو لاوازی بـاوەڕ داناوەو، خۆشـی لە ژیانی خۆیدا بـە تـەواوی پێچەوانەی ئەوەبـووەوە، پێغەمبەر (د.خ) جگـە لـە منداڵەكانی خۆی، لەگـەڵ نەوەكانیو منداڵانی دیكەشدا زۆر نـەرمو نیان بـووەو یاریـی لەگـەڵ كـردوونو قسـەی خۆشـی بۆ دەكردن، (حەسـەنو حوسێن) ی كچـە زای لـە نوێـژدا دەچونـە سـەر شـانو ملـیو

یارییـــان دەکرد، ئەویـــش لەبەرخاتری ئەوەی دڵیان نەشـــکێتو یارییەکەیان لـــێ تێکنەچێت، هەتا خۆیـــان نەهاتنیاتە خوارەوە لە ســـوجدە بەرز نەدەبـــووەوە، هەندێك جاریش دەچووە ســـوجدەو هەڵدەســـتایەوە هەندێك منداڵ لەســـەر شـــانی بوونو بەرزو نزمی دەکردنـــەوە، ڕۆژێکیان یەکێك لـــە هاوەڵانـــی پێغەمبەر (د.خ) لـــە حاڵەتێکی لـــەم جۆرەدا بینی، بـــە پێغەمبـــەری وت: من تاکو ئێســـتا منداڵێکی خۆمم مـــاچ نەکردووە و لەباوەشـــم نەگرتووە، پێغەمبـــەر(د.خ) تێیگەیاند کە ئەوە نیشـــانەی دڵڕەقییەو باوەڕو دڵڕەقیش ئاســـان نییە، لـــە دڵێکدا بەیەکەوە کۆببنەوە. خۆشەویســـتیو نـــەرمو نیانیـــش پێچەوانەی شـــکاندنو مامەڵەی خراپ لەگەڵ کـــردن و توندوتیژییـــە، هەر بۆیە پێویســـتە دایکانو بـــاوکان ڕێز لـــە ڕای منداڵەکانیان بگرنو نەیانشـــکێننەوەو دڵیان نەشـــکێنن.

٤- دادپەروەری کردن لەنێوان منداڵەکاندا:

ئەرکـــی بـــاوكو دایکـــە بـــە دادپـــەروەری لەگـــەڵ منداڵەکانیانـــدا بجوڵێنـــەوە و نـــاز نـــەدەن بـــە یەکێکیـــانو ئەوانـــی دیکـــە پشـــت گـــوێ بخـــەن، چونکـــە ئەمـــە زیانێکـــی گـــەورە بـــە پـــەروەردەو بـــاری دەروونیـــی منـــداڵ دەگەیەنێـــت.

پێویســـتە ئـــەوەش بزانیـــن لـــەم پرســـەدا کچانیـــش هەمـــان مافـــی کـــوڕانو زیاتریشـــیان هەیـــە، پێشـــەوا بەیهەقـــی لە(ئەنـــەس)ەوە دەیگێڕێتـــەوە: (پیاوێـــك لەخزمەتـــی پێغەمبـــەردا(د.خ) دانیشـــتبوو، کوڕێکـــی منداڵـــی هاتـــە لای‌و ئەویـــش ماچـــی کـــردو خســـتییە باوەشـــییەوە، دوای ئـــەو کچێکـــی هـــات، کەچـــی تەنهـــا پەلـــی گـــرتو لـــە تەنیشـــت خۆیـــەوە دایـنـا، واتـــە نـــە ماچـــی کـــردو نەخســـتیە باوەشـــییەوە، کاتێـــك پێغەمبـــەر (د.خ) ئەمـــەی بینـــی بـــە کابرایەکـــەی فەرمـــوو: دادپەروەریـــت لـــە نێوانیانـــدا نەکـــرد.) پێغەمبـــەر (د.خ) لـــە فەرموودەیەکـــی دیکـــەدا لـــەم ڕووەوە دەفەرموێـــت: ((ســـاووا بـــین أولادکـــم فی العطیـــة ولـــو فضلـــت أحـــداً عـلـى أحـــدٍ لفضّلـــتُ النســـاء)). واتـــە: بـــە یەکســـانی دیـــاری بـــۆ منالەکانتـــان بکـــڕن، ئەگـــەر ڕێـــزی یەکێکـــم بدایـــە بەســـەر یەکێکـــی دیکـــەدا، ئـــەوا ڕێـــزی کچەکانـــم دەدا بەســـەر کوڕەکانـــدا.

ئەمـــەش ئـــەوە دەگەیەنێـــت کـــە ئەگـــەر لـــە دیـــاری بـــۆ کڕینـــدا بەشـــی کـــچ لـــە کـــوڕ زۆرتـــر نەبێـــت، بەهیـــچ جۆرێـــك نابێـــت لـــەو کەمـــتر بێـــت، چونکـــە ئیســـلام هەردووکیـــان بەیـــەك چـــاو ســـەیر دەکاتو لەســـەر بناغـــەی ڕەگـــەز جیاوازییـــان لەنێوانـــدا نـــاکات.

٥- مافی خوێندنو فێربوون:

ئیســلام بایەخێکی زۆر بە خوێندنو دەستخســتنی زانیاری داوە، داواکردنی زانیاریو فێربوونیشی کــردووە بەئەرکێکی سەرشــانی موســڵمانان. پێغەمبــەر(د.خ) دەفەرموێت:((داواکردنی زانیاریو فێربوون ئەرکی سەرشــانی هەموو ژنو پیاوێکی موســڵمانە)).

لەبــەر ئــەوە ئەرکی دایــکو باوکانــە منداڵەکانیان بنێرنە بــەر خوێنــدنو یارمەتییان بدەن بــۆ درێژە پێــدانو تەواوکردنی. هەروەها پێویســتە کاربکــەن بۆ ئەوەی کــەشو هەوایەکی لەبار بۆ کــچو کوڕەکانیان بســازێنن، بۆ ئەوەی لــە خوێندندا ســەرکەوتووبنو دوارِۆژێکــی ڕوناکیان هەبێتو خزمەتێکــی بەرچاو بەخۆیــانو کۆمــەڵ و وڵاتەکەیان بکەن.

گفتوگۆ:

چۆن بتوانین لەناو خێزاندا بە مافەکانمان بەهرەمەند ببین و ڕۆڵی خۆمان لەو ڕووەوە چییە؟

پرس:

منــداڵ لە ئیســلامدا مافی بەســەر خێزانەکەیەوە هەیە، ئــەو مافانە چ کاریگەریەکیان بەســەر پــەروەردە بونییەوە هەیە؟

وانەی بیست و پێنجەم: ئەرکی منداڵ بەرامبەر دایك و باوك

ڕونـــە دایباب لە ئیســـلامدا پلەو پایەیەکی گەورەیان هەیە، ئیســـلام داوا لـــە مرۆڤ دەکات بەو پـــەڕی جوانییەوە لەگـــەڵ دایبابی بجوڵێتـــەوەو ڕەفتاریـــان لەگەڵدا بکاتو ئەرکەکانی سەرشـــانی بەرامبەریـــان ئەنجام بدات. گرنگترین ئـــەو ئەرکانەش بریتیـــن لەمانەی خوارەوە:

١- چاکە لەگەڵ کردنیان بەهەموو ماناکانیەوە:

خودای گەورە دەفەرموێت:((وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا))(النساء ٣٦)، واتە: خودا بپەرستنو هاوبەشی بۆ پەیدا مەکەن، چاکە لەگەڵ دایك و باوکتاندا بکەن، سەیردەکەین ئایەتەکە چاکەکردن لەگەڵ دایبابی لەگەڵ داوای هاوبەشی پەیدانەکردن بۆ خودا باسکردووە، کە ئەوەش گرنگی مەسەلەکە دەردەخات.

٢- گوێڕایەڵی فەرمانە باشەکانیانو بەگوێکردنیان:

لە ئیسـلامدا منـداڵ دەبێت لە شـتی چاکـدا بەگوێـی دایكو باوکـی بکات. خـودای گەورە دەفەرموێـت:((وَوَصَّيْنَـا الْإِنسَـانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْـهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَـلَى وَهْنٍ وَفِصَالُـهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْـكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْـكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ))(لقمان ١٤).

واتە: ئێمـە ئامۆژگاری مرۆڤمان کردووە و ڕامان سـپاردووە دەربارەی دایـكو باوکی، لەکاتێکدا دایکی بەئازارو نارەحەتی لە سـکیدا هەڵی گرتووەو ماوەی دوو سـاڵ شـیری خـۆی داوەتێ، تا سوپاسـی منو دایكو باوکـی بکاتو گەڕانەوەش هـەر بۆلای منە.

لێرەوە سوپاسـکردنی خوداو دایكو بـاوك خراوەتە پاڵ یەك، ئەم ئایەتانە ڕێگەمان نیشـاندەدەن کە لە شـتی خراپدا بەگوێی دایكو باوکـمان نەکەینو بەدەر لـەوە گوێڕایەڵیان بین.

بەڵام ئـەوەی دەبێت بیزانیـن بەگوێرەی ئایەتەکـە، ئەوەیە کە بەگـوێ نەکردنی دایكو باوك لە شـتێکدا کە خودا پێی ڕازی نییەو خراپـە، ئەوە ناگەیەنێت لەگەڵیانـدا خراپ بیـنو چاکەیان لەگەڵـدا نەکەیـن، چونکە دایكو باوك هەرچی بـنو تەنانەت ئەگـەر هیچ ئاینێکشـیان نەبوو، مافـی خۆیان هەیـە لەسـەرمان و ئەرکی سەرشـانمانە چاکەیـان لەگەڵـدا بکەین و ڕەوشـتمان لەگەڵیاندا جوان بێـتو بەجوانی لەگەڵیانـدا بجوڵێینەوە .

٣- ئازار نەدانی دڵو دەروونیانو توڕەنەبوون لێیان:

لە ئیسـلامدا منـداڵ نابێت لەدایـكو باوکی خۆی تـوڕە بێـت یاخـود وانیشـاندا لێیان بێـزارەو ڕووی بەرامبەریـان گـرژ بێـت، بەتایبەتیـش کاتێـك کە پیر دەبـنو دڵیان ناسـك دەبێتەوەو پێویسـتیەیەکی زۆرتریـان بـە یارمەتـیو دڵدانـەوەی ئێمەیە.

پێغەمبەریـش (د.خ) لـە چەندین فەرموودەی خۆیـدا هەڕەشـە لـەو کەسـانە دەکات دڵی دایـكو باوکیـان ئـازار دەدەن، بەجۆرێك کە شـکاندنی دڵـی دایـكو باوکـی بەیەکێك لە گوناهـە گـەورەکان داناوە، سـەبارەت بە پلەو

پایـــەی دایـــك، ڕۆژێـــك پیاوێـــك لـــە پێغەمبـــەری پرســـی: ئەی پێغەمبـــەری خـــودا ئایـــا کێ شایســـتەترینە بـــۆ ئـــەوەی چاکـــەی لەگەڵـــدا بکـــەم؟ فەرمـــووی: دایکـــت، وتی ئەی دواى ئـــەو؟ فەرمـــوی: دایکت، جارێکـــی دیکەش هـــەر فەرمووی: دایکـــتو لـــە جـــاری چوارەمیشـــدا فەرمـــوی: باوکت.

هەروەها لـــە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت:((رضـــا اللـــه في رضا الوالدين)).

واتە: ڕازی بوونی خودا لە ڕەزامەندی دایكو باوکدایە.

٤- قسە لەگەڵ کردنیان بە نەرمونیانی:

ئیسـلام، قەدەغـەی کـردووە منـداڵ لـە دایـكو باوکـی خـۆی تووڕەبێـتو دەنگیـان بەسـەردا بـەرز بکاتـەوەو بێـزاری خـۆی لێیـان دەرببڕێـت، داوا دەکات لەگەڵیانـدا زمـان شـیرینو نـەرمو نیـان بیـن، خـودای گـەورە لـە قورئانـدا دەفەرموێـت:((وَقُل لَّهُـمَا قَـوْلاً كَرِيمًـا))(الاسراء٢٣).

واتـە: بەجۆرێـك قسـەیان لەگەڵـدا بکـەن دڵدانـەوەی تێدابێـتو هەسـت بـە قـەدرو ڕێـزی خۆیـان بکـەنو غـەمو ئـازاری دڵیـان نەمێنێـت.

٥- ڕێنوێنی کردنیان بۆ ڕاستیو چاکە:

ئەگـــەر مرۆڤ هەســـتی کرد یەکێك لـــە دایبابی یاخود هەردووکیـــان، لە هەڵـــە و تاواندا دەژین، ئـــەوا دەبێت بەشـــێوازێکی جوان هەوڵیـــان لەگەڵدا بدات، بۆ ئـــەوەی واز لەو ڕەفتـــارو کردارانە بێنن کـــە خودای گەورە پێی ناخۆشـــەو بۆ ئەم دونیاشـــیان زیانیـــان لێ دەدات.

ئەوەتـا (ئیبراهیـم پێغەمبـەر) درودی خـودای لەسـەر بێـت ڕوو دەکاتـە باوکـیو دەفەرموێـت:

((يَـا أَبَـتِ لَا تَعْبُـدِ الشَّـيْطَانَ إِنَّ الشَّـيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَـنِ عَصِيًّـا)) (مریـم -٤٤).

واتـه: كاتێـك ئیبراهیـم بـه باوكـی فه‌رمـوو: بابـه گیـان داوات لـێ ده‌كـه‌م، شـه‌یتان مه‌په‌رسته و گوێڕایه‌ڵـی مه‌كـه، چونكـه شـه‌یتان له‌فه‌رمانـی خـودای به‌خشـنده یاخـی بـووه.

ئه‌مـه‌ش ئـه‌وه ده‌گه‌یه‌نێـت، كـه له‌ئیسـلامدا هه‌مـوو مرۆڤێـك خاوه‌نـی كه‌سایه‌تی خۆیه‌تـی‌و لێپرسراوێتـی له‌سه‌رشـانه، ئێمـه گه‌رچـی لـه شـته باشـه‌كاندا به‌گوێـی دایبابمـان ده‌كه‌یـن، بـه‌ڵام ئه‌مـه مانـای ئـه‌وه نیـه گفتوگۆیـان له‌گـه‌ڵ نه‌كه‌یـن‌و به‌شـێوازێك كـه ڕێـزی تێدا پارێـزراو بێـت هه‌وڵـی ئـه‌وه نه‌ده‌یـن بیـروڕا چه‌وته‌كانیـان بگۆڕیـن‌و لـه هه‌ندێـك خراپـه بیانگێڕێنـه‌وه.

به‌تایبه‌تیـش مـرۆڤ لـه‌دوای (باڵـغ بوونـی) یـه‌وه- پێگه‌یشـتنی لـه ڕووی جه‌سـته‌ییه‌وه- له‌ئیسـلامدا ده‌بێتـه خاوه‌نـی ئه‌هلییه‌تـی یاسـایی تـه‌واو له‌سـه‌رجه‌م كرده‌وه‌كانـی لێپـرسراوه‌و خاوه‌نـی كه‌سـایه‌تی سـه‌ربه‌خۆی خۆیه‌تـی، به‌گوێكردنـی دایبـاب لـه شـته باشـه‌كانداو چاكـه كـردن له‌گه‌ڵیانـدا، مانـای توانـه‌وه‌ی كه‌سـایه‌تی منـداڵ‌و هه‌رزه‌كارنییـه، به‌ڵكـو به‌شـێكه لـه ئه‌ركـه ئیسـلامی‌و كۆمه‌ڵایه‌تـی‌و ئه‌خلاقییه‌كانـی سه‌رشـانمان به‌رامبـه‌ر ئـه‌وان و وه‌فاداربوونـه به‌رامبـه‌ر سـۆزو خۆشه‌ویسـتی‌و ماندوبونیـان، له‌به‌خێوكـردن‌و پێگه‌یاندنمـان، ملكه‌چبوونـی فه‌رمانـی په‌روه‌ردگاریشـه، قورئـان فێرمـان ده‌كات لـه شـوێنی خۆیـداو به‌رامبـه‌ر داوای نـاڕه‌وای دایبـاب منـداڵ بڵێـت - نـا - بـه‌ڵام له‌گـه‌ڵ ئـه‌وه‌دا هـه‌ر چـاك بێـت له‌گه‌ڵیانـدا.

٦- به‌خێوكردنیان:

له شـه‌ریعه‌تی ئیسـلامدا به‌خێوكردنـی منداڵ، تـا ده‌گاته قۆناغـی باڵغ بوون له‌سـه‌ر دایبابه، بـه‌ڵام دواتر ئه‌گـه‌ر دایك‌وباوك توانای به‌خێوكردنی خۆیان نه‌بوو، له‌به‌ر نه‌خۆشـی‌و بێ ئیشـی، یاخود پیریـی، یان هـه‌ر هۆیه‌كی دیكه، ئـه‌وا به‌خێوكردنیـان‌و نه‌فه‌قه‌یان ده‌كه‌وێته ئه‌سـتۆی كوڕه‌كانیان.

مـرۆڤ ده‌بێـت لـه‌م كاتانـه‌دا ئـه‌و ڕۆژانه‌ی لـه بیرنه‌چێت كه ئـه‌وان بۆ چه‌ندین سـاڵ به‌خێویـان كردووه‌و له پێناو ئـه‌ودا ماندوبوون، هه‌ر بۆیه پێویسـته به‌ده‌سـت‌و دڵێكی فراوانه‌وه بـه خێویان بـكات‌و نازیـان هه‌ڵبگرێت، نه‌هێڵێت هه‌سـت به‌كه‌می‌و بێ به‌شـی بكـه‌ن، دیاره پێویسـته بوترێت ئه‌گـه‌ر مرۆڤ ماڵی جیابـوو ئه‌وا سـه‌ردانی به‌رده‌وامی بـۆلای دایك‌و باوكی ده‌بێته ئه‌ركێكـی دیكه‌ی منـداڵ به‌رامبه‌ریان.

گفتوگۆ:

لە ڕوانگەی ئەوەی کەلە پێشوو باسکرا گرنگترین گیروگرفتەکانی لاوان لەناو خێزانەکاندا چین؟

پرس:

١- جوان ڕەفتار کـــردن لەگەڵ دایباب واتای چییەو چ لێپرسراوێتییەك دەخاتە ئەســـتۆی مرۆڤەوە؟

٢- چارەنووسی ئەو کەسانە چییە کە ڕەفتاریان لەگەڵ دایبابیان خراپە؟



بەشی پێنجەم
ئیسلام و
پەروەردەی هەرزەکار

وانەی بیست و شەشەم

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی پاراستنی داوێن پاکی هەرزەکار

١- بونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی بەهێز لەگەڵ خودای گەورە.

٢- ئاگاداربێت بەگەورەبوونی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی.

٣- هەڵبژاردنی هاوڕێی باش.

٤- هۆشیاربێت کەجەستەی بۆ شتی خراپ بەکارنەهێنێتو سەیری ئەوشتانە نەکات کە حەرامن، یان ئەندامەکانی لە شتی نادروست بپارێزێت و ئاگاداری نەخۆشییە سێکسییەکان بێت، کە ئەمڕۆ لەنەخۆشیە بڵاوە ترسناکەکانن.

زۆر بەهۆشـــیاریەوە مامەڵـــە لەگـــەڵ هۆیەکانـــی ڕاگەیانـــدن، لـــە کەناڵـــە ئاســـمانییەکان وئینتەرنێـــت‌و فیلمـــە جـــۆر بەجۆرەکانـــدا بـــکات، چونکـــە بەشـــێك لـــەم بابەتانـــە زیـــان بەخشـــن، بۆیـــە دەبێـــت خۆیـــان لـــێ بەدوربگرێـــت بـــۆ ئـــەوەی تووشـــی زیانـــی دونیـــاو دوارۆژ نەبێـت.

٥- خواردنی حەڵاڵ:

واتـــە بوونـــی بەرنامـــەی دروســـت بۆخـــۆراك‌و گرنگـــی دان بەجـــۆری ئـــەو خۆراکانـــەی کەدەیخـــوات لەهەمـــان کاتـــدا خـــۆی بپارێزێـــت لـــە خـــواردن و خواردنـــەوەی حـــەرام.

٦ - پاراستنی زمان:

پێغەمبـــەری خـــودا(د.خ) لەفەرمودەیەکـــدا دەفەرموێت:((مَــنْ كانَ يُؤمِــنُ باللــهِ وَاليَــومِ الآخِــرِ فَلْيَقُــلْ خَــيْرًا أَوْ لِيَصمُــتْ)).

واتـــــە: هەرکەســـــێك بـــاوەڕی بەخـــوداو ڕۆژی دوایـــی هەیـــە بـــا شـــــتی چاك بڵێـت، یـان بــێ دەنـگ بێـت.

٧ - خۆپاراستن لە خۆچواندن بەرەگەزی بەرامبەر:

لەئیســـلامدا پێویســـتە کـــوڕو کـــچ هەریەکەیـــان ســـیفەتە تایبەتییەکانـــی خۆیـــان بپارێـــزن، هەریەکەیـــان لەســـنوری خۆیـــدا شـــانازی بەرەگـــەزی خۆیـــەوە بـــکات، هیچیـــان هەســـتی خۆبەکـــەم زانینیـــان نەبێـت بەرامبـــەر بـــە یەکـــدی.

٨-پڕکردنەوەی کاتەکانی بێکاری بە کاری داهێنەرانە:

ئـ . دۆزینەوەی تواناولێهاتووییەکانی خۆت لەبوارێکی دیاریکراوداو پەرەپێدانیان.

ب. ئامادەکردنی هۆکاری هێنانەدی لێهاتوویی و بەهرەکانت.

پـ . دۆزینەوە و فێربوونی ئەو ڕێگایانەی کە بەهرەولێهاتووییەکانی گەشەپێدەدەن.

ت. دروستکردنی کێبڕکێ.

گرنگترین جۆری ئەو ئارەزووانەی کەپێویستە هەرزەکار لەکاتی بێکاریدا ئەنجامی بدات:

ئـ. فێربوونی خوێندنەوەو نوسینو خەتخۆشی.

ب. فێربونی قورئانو خوێندنەوەی و لەبەرکردنی.

پـ. فێربوونی عیبادەت وسونەتەکان.

ت. خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەران

ج. فێربوونی زمان.

چ. فێربونی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت.

ح. وەرزش.

خ.سەردانی کۆمەڵایەتی.

٩ - هاندانی ڕەوشتی باش:

پێویستە هەرزەکاری موسڵمان، بەتەنگ فێربونی ڕەوشتە باشەکانەوە بێت و وەك دڵپاکیو سنگ فراوانی و لێبوردەیی و بەخشندەیی و چاکەخوازی.

وانەی بیست و حەوتەم: سێیەم ـ بە دەست هێنانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری

یەکەمین وشـەی قورئانـی پیـرۆز بـە (إقـرأ) واتـە بخوێنـە دەسـت پـێ دەکات:((اقْـرَأْ بِاسْـمِ رَبِّـكَ الَّـذِي خَلَقَ))(العلـق ١) ، واتـە: (بخوێنـە بەنـاوی ئـەو خودایـەی کـە دروسـتی کـردوی).

هەروەهـا لەئایەتێکـی دیکـەدا بـە پیتێکـی نوسـین و پێنـووس سـوێند دەخـوات:((ن وَالْقَلَـمِ وَمَـا يَسْـطُرُونَ)) (القلـم ١).

ئەمـەش مانـای گرنگـی زانسـتو فێربوونـە لـە ڕوانگـەی ئیسـلامەوەو هاندانـی موسـوڵمانانە بـۆ ئـەوەی لەڕێگـەی زانسـتەوە خـودا بناسـن.

ئاینی ئیسلام، فێربوون دەكاتە ئەرك لەسەر هەموو موسڵمانان، ئەگەر یەكێك هەوڵی بۆ نەدات لە ڕوانگەی شەرعەوە تاوانبار دەبێت، پێغەمبەریش(د.خ) بۆ ئەم مەبەستە دەفەرموێت:((طلبُ العلمِ فريضةٌ على كلِّ مسلمٍ ومُسلِمةٍ)). واتە: فێربوونی زانست ئەركە لەسەر هەموو موسڵمانێكی پیاو و ژن.

لەبەرئەوە، گەنجی موسڵمانی هەرزەكار پێویستە وەك فەرمانێكی ئاینەكەی كەسێكی زیرەكو هۆشیار و لێهاتوو بێتو فێربوونی زانست بە پێویست بزانێت.

بۆ ئەوەش كە ببێتە هەرزەكارێكی موسڵمانی ڕۆشنبیر پێویستە چەند مەرجێكت تێدا بێت:

أ - خۆت بناسە:

خودای گەورە لەئایەتێكدا دەفەرموێت:((وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ))(الذاریات٢١)

واتە:(لەخۆتاندا هەیە بۆ ناییینن).

مرۆڤ ئەوەی نایزانێت بە دوژمنی خۆی دەزانێت، بۆ ئەوەی خۆتت خۆش بوێت پێویستە خۆت بناسیتو زانیاریت هەبێت دەربارەی خۆت، هەتا بتوانیت بیپارێزیت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم زانیارییانەت هەبێت:

١ - سیفاتی هەر قۆناغێكی ژیانی مرۆڤ لەمنداڵیو هەرزەكاریو گەنجیو پیری.

٢ - زانیاریت هەبێت لەسەر پێكهاتنی جەستەی مرۆڤو كۆئەندامەكانیو چی پێویستە بۆ پاراستنیان لەنەخۆشیو ڕاگرتنی جەستە بە تەندروستیەكی باش.

ب - ئاینەكەت بناسە:

پێویستە شارەزاییت لەئاینەكەتدا هەبێت، خودای گەورەش بۆمان ڕوون دەكاتەوە كە باوەڕو ئاین پێویستە لەسەر زانست بنیات بنرێن، وەك دەفەرموێت:((فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ...)) (محمد١٩)، واتە: (بزانە كە هیچ خودایەك نییە بێجگە لە (الله) وە داوای لێخۆش بوون بكە بۆ تاوانەكانت)، هەندێك لەزانایانی ئیسلامیش دەڵێن (پێویستە زانست لەپێش كردارو گوفتاردا بێت).

ڕۆژێكیان لەلای پێغەمبەر (د.خ) باسی دوو پیاویان كرد یەكێكیان خواپەرست بوو ئەوی دیكەیان زانا بوو, پێغەمبەر(د خ) فەرمووی:((فضل العالم على العابد كفضلي على أدناكم)) واتە: ڕێزی زانا بە سەر خواپەرستەوە، وەك ڕێزی من وایە بە سەر هەر كەسێكتانەوە، هەر لەبەر ئەوەیە كە لە لای خودا فێربوونی زانست لەكردنی كاری سوننەت گەورەترە. زانایەكی باوەڕدار كە بۆ زانست هەوڵدەدات، هەمیشە لەعیبادەتدایە، چونكە هەوڵدان و زانستەكەی كە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە، بەعیبادەت و چاكە بۆی ئەژماردەكرێت.

خودای گەورە زۆر وەسفی کەسانی زاناو خاوەن زانیاری دەکاتو ئەوانەش بە مرۆڤی لەخواترس ناو دەبات، چونکە موعجیزەی ئیسلام زانستەو لە ڕێگەی زانستەوە مرۆڤ دەتوانێت زەوی ئاوەدان بکاتەوەو شارستانیەت بنیات بنێت، هەر لەم ڕێگەیەشەوە هەست بە گەورەیی خودا دەکات، لەڕێگەی دروست کراوەکانیشییەوە شوێندەستی پڕ لەزانستو دانایی خودا دەبینێت، لەبەرئەوە لەئیسلامدا خوێندنو فێربوونی زانست بە عیبادەت لەقەڵەم دەدرێتو خاوەنەکەی پاداشتێکی زۆری خودایی وەردەگرێتو لەئاگری دۆزەخ دەپارێزێتو دەچێتە بەهەشت.

پ - نیشتمانەکەت بناسە:

مەبەست لێرە ناسینی سێ جۆر نیشتمانە:

نیشتمانی یەکەم، کە کوردستانەو ئێستا لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، گەلی کوردستان گەلێکە زۆرینەی موسڵمانەو هەر چوار بەشەکەی لەجوگرافیای وڵاتانی ئیسلامدایە.

نیشتمانی دووەمیش، ئەو وڵاتانەیە کە گەلانی موسڵمانی تێدا دەژین، چونکە لەگەڵ ئەم گەلانەدا شارستانیەتو مێژو و ئاینێکی هاوبەشمان هەیە، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت هەموومان وەك برا یەکدیمان خۆش بوێتو مافەکانی یەکدی بپارێزین، ستەم لەیەك نەکەینو هاوسۆزی کێشە ڕەواکانی یەکدی بین.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:((مَنْ لَمْ يَهْتَم بأَمرِ المسلِمِينَ فليسَ مِنْهُم)) واتە:هەر کەسێك بە تەنگ کێشەی موسوڵمانانەوە نەیەت، لەئێمە نییە. ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە موسوڵمانان دەبێت هاوسۆزی کێشەی یەکدی بن.

نیشتمانی سێیەم، نیشتمانێکی جیهانییە، چونکە ئێمە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا خودای گەورە بە مرۆڤ دروستی کردوین، لەبەرئەوە دەبێت پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەبێت، لەپێناو دروستکردنی کۆمەڵێکی مرۆیی کاربکەین، کەبنەماکەی ئاشتیو پێکەوەژیان وخۆشەویستی بێت لەسەر زەوی.

ت - ناسینی ژینگەو دەوربەرەکەت:

پێویستە ئاگاداری گۆڕانکارییە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستانو عیراق بیت، دەبێت وەك هاوڵاتییەکی دڵسۆز لەخەمی بەرەوپێش بردنی کوردستاندا بیتو هاوکاری دامو دەزگاکان بکەیت، لەپێناو گەشەپێدانو ئاوەدانیو پاراستنی لە هەموو خراپەو ناتەواوییەك.

چوارەم - توانای کارکردن و پاشەکەوت کردن:

پێویستە هەر لە سەرەتای تەمەنەوە مرۆڤ لەسەر ئەوە ڕابێت، کە دەست بە پارەو سامانەوە بگرێتو زیادەڕەوی نەکات لەخەرج کردندا، چونکە خودای گەورە دەفەرموێت: ((وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ)) (الاعراف ٣١).

واتە: بخۆنو بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە خودای گەورە ئەوانەی خۆش ناوێت کە زیادەڕەوی دەکەن، لەهەمان کاتدا دەبێت مرۆڤێك بیت کە حەز لەکارو چالاکی بکەیت، بتوانیت لەژیاندا بەرنامەت هەبێت، تاکو پشت بە خۆت ببەستیتو ئازادیو کەرامەتو ڕێزی خۆت بپارێزیت و خۆشبەتی و ئاسودەیی بەدەست بهێنیت.

پرس:

ئیسلام چ گرنگییەك بە زانستو زانیاری دەدات ؟

گفتوگۆ:

چۆن ئاستی ڕۆشنبیری ئیسلامی و گشتیی خۆمان بەرزبکەینەوە؟ ئەمە چ ڕۆڵێکی بۆ ئایندەی ژیانمان دەبێت، لەناو کۆمەڵدا وەك تاکێکی بەسود

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن (٣٧٨) ساڵی ٢٠١٥

تیراژ (   ) دانە

نرخ (   ) دینار

چاپی شەشەم

٢٠٢٢ ز - ٢٧٢٢ کوردی - ١٤٤٣ ک